# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٤٢)- (٩)ی کانوونی یەکەم ٢٠٢٤


**هاتنی هێزەکانی ڕووسیا لە ٢٠١٥ بۆ سووریا، بۆ پشتگیریکردن لە مانەوەی ئەسەد نەبوو، تەنیا بۆ دژایەتیی ئەمریکا و سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی بوو**

**خەریکە کۆدەنگیی نێودەوڵەتی بەو ئاراستەیە دروست دەبێت، کە بە هێمنی ڕژێمی ئەسەد بڕووخێت و هەیئەی تەحریری شام جێگەی بگرێتەوە**

**مەزندە دەکرێت هەتا ماوەیەکی دوور و درێژ سووریا سەقامگیری بە خۆیەوە نەبینێت و، دەرهاویشتە خراپەکانی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتەوە**

# کەوتنی ئەسەد

## سەرەتای نەخشە نوێیەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست






# ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە پاراستنی ڕۆژئاوا دوای هاتنی تیرۆریستانی داعش لە ٢٠١٤


١٤٠

پەیوەندییەکانی پەیەدە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە ئاڵۆزی مایەوە تا هاتنی داعش و دەستپێکردنەوەی شەڕی داعش. پەیەدە زۆر تینی بۆ هاتبوو و داعش گوشاری خستبووە سەری و داوای یارمەتییان لە ئێمە کرد. لەبەر خاتری گەلەکەمان و خوشک و براکانمان لە ڕۆژئاوا بە هەموو هەوڵ و توانا و کەلوپەلی بەردەستمان هاوکاری و یارمەتیی پەیەدەمان دا لە شەڕی دژی داعش. لە زۆر دەراوی تەنگ و پڕمەترسیدا بە هاوکاری و یارمەتیی پێشمەرگە خۆیان ڕزگار کرد. دواتر ئەمەریکییەکانیش هاتنە سەر هێڵ. سەرەتا لە ڕێگەی ناوەندەکانی هەماهەنگی لە هەولێرەوە پشتگیریی ئاسمانی هاوپەیمانان بۆ پەیەدە دابین کرا. ئەو هەماهەنگییەی ئەمەریکا لەگەڵ پەیەدە دەستی پێ کرد، بەهۆی ئێمە و لە ڕێگەی ئێمەوە بوو. دوای ئەوەی پەیوەندییەکانیان پەرەی سەند و گەیشتنە ئاستێک کە ڕاستەوخۆ بکرێن، دیسان ڕێگەمان لە هاوکارییەکانی ئەمەریکا نەگرت بۆ پەیەدە، بەڵام ئەوەمان گوت مادام ئەمەریکا هاتووەتە سەر هێڵ، پێویستە پەیەدە واز لە سیاسەت و ڕەفتارەکانیان بێنن بەرانبەر پارتەکانی تر و دەست لە ئەزیەت و ئازاری هاووڵاتییان هەڵگرن. بەداخەوە ئەمەریکا بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکرد و بە توندی پشتگیری پەیەدەی کرد و، دواتر ناوێکیشی بۆ دۆزینەوە، (هێزەکانی سوریای دیموکرات)! جا بە مەبەست و ئامانجی دوور لە ماف و ویست و داوای گەلی کورد بەکار هێنران و سوودیان لێ وەرگیرا. لە مونبیج و ڕەقە و دێرەزور، زیاتر لە دە هەزار کوڕ و کچی کوردیان بەشەهیدکردن دا و بیست هەزاریش بریندار بوون، بەبێ ئەوەی دەستکەوتێک بۆ کورد و ئایندەی کورد لە سوریا گەرەنتی بکرێت.[1] سەبارەت بە داهاتووی کورد لە ڕۆژئاوا لە ئەمەریکییەکانم پرسی: چیتان پێیە بۆ داهاتووی کورد لە سووریا؟ ئەوەی ڕاستی بێت هیچ وەڵامێکیان پێ نەبوو، تەنیا مەدح و ستایشیان دەکردن گوایە شەڕکەری باش و ئازان. بەداخەوە هەتا نووسینی ئەم دێڕانە بەتەواوی داهاتووی گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان کەوتووەتە دۆخێکی ناڕوون و تەمومژاوی لە ململانێی نێوان ئەمەریکا لە لایەک و، ڕووسیا و ئێران و سووریا لەلایەکی ترەوە.[2]

---

(١)لە ئەجامی تاکڕۆیی و هەڵەکانی پەیەدەدا کارەسات و بارودۆخێکی وا بەسەر عەفرین و سەرێکانی و ناوچەکانی تر هات کە قەرەبووی زۆر زەحمەتە. ئەوان بە شێوەیەك کەوتنە ژێر کاریگەری و هێژمۆنیی پەکەکە، کە تورکیایان لە هاوکار و پشتیوانەوە کردە دوژمن و داگیرکار. بەڕاستی ئەوەی لە عەفرین ڕووی دا، جینۆسایدێکی تەواو بوو. پەکەکە، مەبەستی بوو سوود لە پەیەدە وەربگرێت و بەکاریان بهێنێت بۆ هەڵگرتن و لادانی وێنە و ڕوخساری تیرۆریستی لەسەر خۆیان. لەلایەکی ترەوە، نیوەی ئەو چەکە پێشکەوتووانەی لەلایەن ئەمەریکاوە دەدرایە پەیەدە دەگەیشتە دەستی پەکەکە، بەتایبەتی لە ڕێگەی شنگالەوە بە هاوکاریی ئەمنی نیشتمانیی عێراق و حەشدی شەعبی و باڵێکی یەکێتی.

(٢) ئەمەریکییەکان چەندان جار داوایان لێ کردم چاوم بە مەزلووم عەبدی بکەوێت، کە ناوە ڕاستەقینەکەی مستەفایە، منیش پێم ڕاگەیاندن کە باشە، بەڵام با هەڵسوکەوتەکانیان لەگەڵ پارت و لایەنەکان و هاووڵاتییان بگۆڕن، لاریم نییە بیبینم. هەروەها بەئاشکرا بشڵێت من نوێنەری پەکەکەم، یان بڵێت من هیچ پەیوەندییەکم بە پەکەکەوە نییە، بەڵام ئەم خۆشاردنەوەیان وەك نعامە قابیلی قبووڵ نییە. ئێستاش گفتوگۆ لە نێوان پەیەدە و ئەنەکەشەدا بەردەوامە و بەڕوونی دیارە پەیەدە هەوڵ دەدات تەنیا خۆی سوودمەند بێت و هەر ڕێککەوتنێکیش ئیمزا بکرێت دەیانەوێت لە بەرژەوەندیی ئەواندا بێت و لایەنەکانی تر پاشکۆیان بن. لەلایەکی ترەوە، پەیەدە بە هیچ شێوەیەك ڕازی نین لەشکری ڕۆژ بگەڕێتەوە ڕۆژئاوای کوردستان، کاتی خۆشی ئێمە ڕێگەمان نەدا بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی گرژی لە نێوانیان ڕوو نەدات، ئەوەش لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە ئەمەریکا کێشەکە چارەسەر دەکات، بەڵام هیچیان نەکرد.




کتێبی (یادەکانم لە سووتانی شەوێکدا)ی شاعیر (ئیسماعیل تەنیا) بە(١٦٠) لاپەڕەی قەبارەی ماماوەند چاپکراوە، ئەم شاعیرە وەك زۆربەی نووسەرانی دیکەی کورد، سەرەتا بە شیعر نووسین دەستی پێ کردووە، لە قۆناغی شیعر نووسیندا تا ئێستا سێ نامیلکەی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، کە هەندێکیان پێشتر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا (چ نهێنی یان ئاشکرا) بڵاوکراونەتەوە، بە ناوەکانی (پەردەی شەرم) لە ساڵی ١٩٨٢،(تەکان) لە ساڵی ١٩٩٠، (هەژان) بەناوی (ب.دەوەن) لە ساڵی ١٩٩٢ چاپکراون.

یادەکانم لە سووتانی شەوێکدا، (٥٤) شیعری کورت و درێژ کە لە قۆناغی جیاجیادا نووسراون، زادەی بیروبۆچوونی ئەو سەردەمانەن کە تێیدا لەدایك بوون، جگە لە چوار شیعری دیکە، کە شاعیر لەو شوێنانەدا بڵاوی کردوونەتەوە کە لەگەڵ ئەم کۆمەڵە شیعرەدا نین، تۆڵە، دووهەنگاوی ڕاپەڕیو، ڕووخان و نوێبوونەوە، کندر.

ئیسماعیل تەنیای نووسەر و شاعیر، وەك مامۆستا و پەروەردکارێك، پێنج هۆنراوەی بۆ (منداڵ) نووسیوە کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە، ئەوانیش لەم کتێبەدا جێگەیان بۆ کراوەتەوە.

سەرجەم شیعرەکانی (تەنیا) هەڵچوونی هەست و سۆزی دەروونی مرۆڤێکی کورد و خاکییان پێوە دیارە، ئەو هاتووە ئەوەی لە ناخیدا پەنگ دەخواتەوە بۆ نیشتمان و کۆمەڵگە بە زمان و داڕشتنێکی پاك و پاراو و ڕەوان دەریبڕیوە، لە هۆنراوەکانیدا وشەی ڕەسەنی بەکارهێناوە، کە لە ناوەرۆکیان ورد دەبیتەوە، پێشڤەچوونێکی شیعریی تازەی کوردییان لێ بەدی دەکەیت، خۆشەویستیی خاك و گەل و پێشمەرگە و شەهیدان و پێشمەرگە و ئەڤینیی ڕاستەقینە، گوزارشت لە ناونیشان وناسنامەی هەموو هۆنراوەکانی (تەنیا) دەکەن، بۆیە لەم هەموو بوارانەدا و لە داهێنان و پێشڕەویدا ئەسپی خۆی تاوداوە، دڕی بە شەوەزەنگی ڕەشبینی داوە و هەمیشە گەشبینی و ڕوانین بۆ ئایندەیەکی گەش لە ئاسۆی بیرکردنەوە و نووسین و بەرهەمەکانی (تەنیا) ڕەنگ دەداتەوە..

ئیسماعیل تەنیا، هەر لە بواری شیعردا نەناسراوە، بەڵکو چەندین کتێب و نووسین و توێژینەوەی پڕبەهای هەیە، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ دەخوازین.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

***Web: www.gulanmedia.com***

د. سەباح سوبحی :



## کێشەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر بە هەموارکردنەوەی ماددەی ١٢ی یاسای بوودجە چارەسەر دەبێت، بەڵام چارەسەری بنەڕەتی نییە

هۆژدار مستەفا :



## هەژماری من ستایلێکی نوێیە لەگەڵ پێشکەوتنە دارایی و بانکییەکانی سەردەمدا دەگونجێت

ئیتامار ڕابینۆڤیچ :



## ڕووسیا و ئێران هۆکاری سەرەکی بوون بۆ مانەوەی ئەسەد و ئێستاش هەردووکیان سەرقاڵن بە شەڕەوە

پرۆفیسۆر گریگۆری ئەفتاندیلیان :



## تا ئایندەیەکی دوور سووریا بە پارچە پارچەیی دەمێنێتەوە

سالم ئیسماعیل نۆرکە :



**لە نەبوونی دەوڵەتدا**
**کوردانی فەیلی**
**جینۆساید کران**



تاڤگە عومەر ڕەشید:

**ڕەوشی ئێستای مافی مرۆڤ لە**
**ئاستی خواستی ئێمەدا نییە**
**و پێویستی بە هەڵوەستە و**
**کاری زیاتر هەیە**

**مینی پرۆکا کۆمپیوتەرێکی**
**دیسکتۆپی ناوازە**



**دواکەوتنی بەپێ**
**ڕۆیشتنی منداڵ**




ڕۆژ کەریم :

**ژیانی هونەرمەندان**
**زۆر سەخت و ئاڵۆزە**



هێلین سەلام :

**پێویستە گرنگی زیاتر**
**بە تۆپی باڵە بدرێت**





# نەمانی ڕژێمی ئەسەد

## نەخشە کۆنەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات بە مێژوو و نازانرێت نەخشەی نوێ چۆن لە دایک دەبێت



## پەیامی سەرۆک بارزانی سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی سووریا

# هیوادارین پێشهات و گۆڕانکارییەکانی سووریا لە ئەنجامدا ببنە هۆی ئەوەی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن ببێتە بنەمای چارەسەرکردنی کێشەکان

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

«بە بایەخێکی زۆرەوە بەدواداچوون بۆ ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە دەکەین کە لە سووریا ڕوودەدەن، چونکە ئەو پێشهات و ڕووداوانە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر چارەنووسی سیاسی و ئاسایش و سەقامگیریی سووریا و تێکڕای ناوچەکەمان هەیە. هیوادارین پێشهات و گۆڕانکارییەکانی سووریا لە ئەنجامدا ببنە هۆی ئەوەی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن ببێتە بنەمای چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕەفتارێکی وا ئەنجام نەدرێت، کە ناکۆکی و گرفتی نەتەوەیی و تایفی لە نێو پێکهاتەکانی سووریا قووڵ بکاتەوە. هەروەها ئومێدی ئەوە دەخوازین لایەنەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە بگەنە ڕێککەوتنێک کە لە بەرژەوەندیی سەرجەم پێکهاتەکانی سووریا و پێکەوەژیان و ئاشتی و سەقامگیریدا بێت».



### شەڕع و هتش
### نایانەوێت هەڵەکانی داعش و بەغدادی دووبارە بکەنەوە

لەگەڵ ئەوەی پاشکەشەی هێزەکانی بەشار ئەسەد لە بەرانبەر هێرشەکانی هەیئەی تەحریری شام – HTS- لە حەلەب، لە زۆر ڕووەوە لە پاشەکشەی سوپای عێراق دەچێت لە بەرامبەر هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش- ISIS- لە ساڵی ٢٠١٤ لە مووسڵ، بەڵام لێدوانەکانی ئەحمەد شەرع، ناسراو بە ئەبو محەمەدی جۆلانی سەرۆکی هەیئەی تەحریری شام دوای گرتنەوەی «ئەدلب، حەلەب، حەما، حومس، دەرعا» زۆر جیاواز بوو، لەو پەیامەی ئەبووبەکر بەغدادی لە دوای ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی داعش لە مزگەوتی حەدبای مووسڵەوە بە جیهانی ڕاگەیاند. بەغدادی لە یەکەم پەیامیدا لە مووسڵەوە بە جیهانی ڕاگەیاند: «دووبارە خەلافەتی ئیسلامی بونیاد دەنێتەوە»، بەڵام جۆلانی لە یەکەم دیمانەیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی (سی ئێن ئێن) تەنیا جەختی لە ئازادکردنی سووریا و بونیادنانەوە و پەرەپێدانی سووریای دوای ئەسەدی دەکرد و، بە یەك وشەش باسی لە دووبارە بونیادنانەوەی خەلافەتی ئیسلامی نەکردەوە و، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە «با جیهان سەیری ڕەفتارەکانمان بکات، نەك قسەکانمان»، لەمەش زیاتر مەعاز مستەفا بەڕێوەبەری جێبەجێکاری گرووپی کارە فریاگوزارییەکانی سووریا لە ئامۆژگای واشنتۆن و سیاسەتی بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیك، بەو پێیەی ئەو وەك هاووڵاتییەکی سووری بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ هاووڵاتییانی ئەو شارانە هەیە، کە ئێستا لەبەر دەستی هێزەکانی هەیئەی تەحریری شامن، باسی لەوە دەکرد، لە شارێکی وەك حەلەب کە فرە پێکهاتەیە و بێجگە لە عەرەب و موسڵمان، کورد و کریستیان و دروزیشی تێدا دەژی، بارودۆخەکە زۆر ئاساییە و دەرگای قوتابخانەکان کراونەتەوە و دەوامی ئاسایی خۆیان دەکەن، لە سەرووی ئەمانەشەوە، وەك ئەو ئاماژەی پێدەکرد، بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ قەشەی کەنیسەی حەلەب کردووە و پێی ڕاگەیاندووە کە ئەوان بەردەوامن لە ئامادەباشی و ڕازاندنەوەی داری کریسماس بۆ پێشوازیکردن لە جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا و سەری ساڵی نوێ.

عەبدولڕەحمان ڕاشد، ڕۆژنامەنووسی دیاری عەرەب و سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەی «شەرقولئەوسەت» لە دوایین وتاریدا بە ناونیشانی «شەرع و هتش لەبەردەم دەروازەکانی دیمەشق»، زۆر بە ڕاشکاوی جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە چیتر هێزەکانی بەشار ئەسەد ناتوانن پێشڕەوی هێزەکانی هەیئەی تەحریری شام ڕابگرن و دیمەشق لە سەروبەندی کەوتندایە، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی هەیئەی تەحریری شام و ئەحمەد شەرعی ڕەگ و ڕیشەیەکی قاعیدەیان هەیە و پێشتر کە سەرۆکی «جەبهەی نوسرە» بووە، کە ئەویش سەر بە قاعیدە بووە، بەڵام ئەو وەرچەرخانەی کە ماوەی پێنج ساڵە لە گوتاری شەرعدا دروست بووە، پێدەچێت، دوای ئەوەی دێتە دەسەڵات و ڕژێمی ئەسەد دەڕووخێت، دەوڵەتانی جیهان لەسەر بنەمای ڕەفتارەکانی نەك «مێژووەکەی» مامەڵە لەگەڵ شەڕع و هەیئەی تەحریری شام دەکەن. هەروەك چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئێران کرد لە ساڵی ١٩٨٠ دوای ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی، هەروەها مامەڵەیان لەگەڵ تاڵیبان کرد، دوای وەرگرتنی دەسەڵاتی ئەفغانستان لە ١٩٩٦، بە هەمان شێوە مامەڵەشیان لەگەڵ حکومەتەکەی محەمەد مورسی کرد، کاتێك لە میسر دەسەڵاتیان گرتە دەست، هەر بۆیە کاتێك ئەحمەد شەرع لە یەکەم لێدوانی بۆ (سی ئێن ئێن) بە ناوی ڕاستی خۆیەوە نەك «ئەبو محەمەد جۆلانی» و جەخت لەوە دەکاتەوە «با جیهان سەیری ڕەفتارەکانمان بکات، نەك قسەکانمان»، ئەمە مانای ئەوەیە، لەوە دڵنیایە دوای کەوتنی ئەسەد، مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتی هەیئەی تەحریری شام دەکەن.

### پاشەکشەی هێزەکانی ئەسەد
### لە کەوتنی خێرای پوولەکانی دۆمینە دەچێت

ئەندریۆ تابلەر، کە پێشتر بەڕێوەبەری دۆسیەی سووریا بووە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و گەورە ڕاوێژکاری نێردەی تایبەتیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بووە بۆ سووریا، سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی سووریا و ئەو پاشەکشە سەیر و چاوەڕواننەکراوەی سوپای

**چیتر هێزەکانی بەشار ئەسەد ناتوانن پێشڕەوی هێزەکانی هەیئەی تەحریری شام ڕابگرن و دیمەشق لە سەروبەندی کەوتندایە**

**دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سەرەتای ٢٠١١ حکومەتی عێراق نەک هەر مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵ هۆزە عەرەبەکان نەکرد، بەڵکو بە بیانووی کاری تیرۆریستی، ئەو خەڵکانەشی دەستگیر دەکرد کە وەک سەرکردە نوێنەرایەتییان لەناو دامەزراوەکانی عێراقدا هەبوو**

**هەتا ئێستا ئەو هێزە سەرەکییەی کە توانیویەتی ڕژێمی بەشار ئەسەد بپارێزێت، بە پلەی یەکەم هێزی گرووپە چەکدارەکانی حزبوڵڵای لوبنانی بووە**

**بە هۆی سەرقاڵی بە شەڕی ئۆکرانیاوە، ڕووسیا هێزەکانی لە ناو سووریا کەم کردووەتەوە، بەتایبەتی هێزی ئاسمانی کە ناتوانێت وەک پێشتر هاریکاریی سوپای سووریا بکات**

**بە هۆی دابەزینی بەهای لیرە و کەمیی مووچەی سوپای سووریا، بە تەواوەتی گەندەڵی و بەرتیل لەناو سوپا بڵاو بووەتەوە و، سوپای کردووەتە سوپایەکی فشۆل و ناتوانێت هیچ شەڕێک بکات**

**لە ساڵی ٢٠٢٠ەوە شەڕی ڕژێمی ئەسەد لەگەڵ گرووپە چەکدارەکانی سووریا جۆرێک لە سڕبوونی بە خۆیەوە بینیوە، بۆیە ئەو گرووپە چەکدارانە سوودیان لەو سڕبوونە وەرگرت و توانییان هەموو گرووپە چەکدارەکان لەژێر چەتری هەیئەی تەحریری شام یەک بخەن**

سووریا لە دوای هێرشی هێزەکانی هەیئەی تەحریری شام کردی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، «بەڕاستی ئەو شکست و پاشکەشەیەی سوپای سووریا لەبەردەم هێرشەکانی هتش، زۆر دراماتیکی و سەیر بوون و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ڕوویان دا. ڕاستە لە هەموو شەڕێکدا شکست و پاشەکشە لە قۆڵێکی بەرەی شەڕەکەوە ڕوو دەدات و لەوانەیە لەو قۆڵەوە هێزەکە بە تەواوەتی بشکێت، بەڵام بەو جۆرەی کە سوپا هیچ مۆڕاڵێکی نەمێنێت و بە تەواوەتی نائومێد بێت و تەسلیم بێت، وەك ئەوەی لە سوپای سووریا بینیمان، ئەوا ئەم حاڵەتە لە زانستی سەربازیدا مەزندەی بۆ نەکراوە».

لە ساڵی ٢٠١٤ کاتێك هێزەکانی بەشار ئەسەد لە بەردەم هێرشی هێزەکانی تیرۆریستانی داعش تێکشکان و لە چەند شاری سووریا کشانەوە و، خەڵکی ئەو شارانە پێشوازییان لە تیرۆریستانی داعش کرد، تۆماس فریدمان ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی جیهان، لە پەنێڵێکدا لەسەر کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە جیهاندا گوتی: «ئەوەی لە سووریا ڕووی دا و تیرۆریستانی داعش بە ئاسانی توانییان چەند شارێك لە سووریا داگیر بکەن، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وشکە ساڵییەی کە چەند ساڵێك پێشتر باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریای گرتەوە و لە ئاکامدا بەشی زۆری ئەو خەڵکە کە لە گوندەکان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریك بوون، ناچار بوون واز لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بهێنن و ڕوو بکەنە شارە گەورەکان، لەناو شارە گەورەکانیش ڕژێمی ئەسەد نەیتوانی خزمەتگوزاریی پێویست و هەلی کاری گونجاو بۆ ئەو خەڵکە دابین بکات، بۆیە هەر لەگەڵ داعش ئاڵا ڕەشەکەی بەرز کردەوە، هەموویان دوای کەوتن».

ئەم بۆچوونەی فریدمان لەوانەیە لە ڕوانگەی پیشاندانی مەترسی و دەرهاویشتە خراپەکانی گۆڕینی کەشوهەوا، وەك یەکێك لە فاکتەرەکانی توندئاژۆیی و تیرۆر و تیرۆریستان هەژمار بکرێت، بەڵام پرسی سەرهەڵدانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان وەك پاشکۆی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە لە عێراق و سووریا و تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی، لەوانەیە دوور و نزیك هێندەی پەیوەندی بە گۆڕینی کەشوهەوای سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە گۆڕینی کەشوهەوا لە جیهاندا نەبێت.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٦ هێزەکانی هۆزە عەرەبەکانی عێراق لە چوارچێوەی هێزەکانی «سەحوە» دا، هاریکاریی حکومەتی عێراقیان کرد و شکستیان بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە — لقی عێراق- هێنا، بەڵام دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سەرەتای ٢٠١١ حکومەتی عێراق نەك هەر مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵ هۆزە عەرەبەکان نەکرد، بەڵکو بە بیانووی کاری تیرۆریستی، ئەو خەڵکانەشی دەستگیر دەکرد کە وەك سەرکردە نوێنەرایەتییان لەناو دامەزراوەکانی عێراقدا هەبوو، وەك «تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق، ڕافع ئەلعیساوی جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق»، ئەم سیاسەتە هەڵەیەی حکومەتی عێراق لە ٢٠١١-٢٠١٤ بووە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە ڕێکخراوی تیرۆریستانی داعش وەك جێگرەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە لە عێراق و سووریا دروست ببێتەوە، ئاکامەکەشی ئەوە بوو، کە بینیمان لە هەردوو دەوڵەتی «سووریا و عێراق» دەوڵەتێکیان بە ناوی «خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام -داعش-» ڕاگەیاند.

لەلایەکی دیکەوە، هەندێك هۆکاری دیکە بۆ شکست و بێ ورەیی هێزەکانی سوپای سووریا ئاماژەیان پێدەکرێت، کە شەرەفی عەسکەریی ئەو سوپایە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، هەر بۆ نموونە باس لەوە دەکرێت:

١- هەتا ئێستا ئەو هێزە سەرەکییەی کە توانیویەتی ڕژێمی بەشار ئەسەد بپارێزێت، بە پلەی یەکەم هێزی گرووپە چەکدارەکانی حزبوڵڵای لوبنانی بووە، لە ئێستا ئەم هێزەی حزبوڵڵا وەك بینیمان بەم دواییە لەلایەن هێزەکانی سوپای ئیسرائیلەوە لەبەر یەك هەڵوەشێنراوەتەوە و هیچ توانایەکیان نەماوە.

٢- ئەو میلیشیا چەکدارانەی لەلایەن سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و حزبوڵڵای لوبنانی لە شیعەی پاکستان و ئەفغانستان بۆ پاراستنی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا دروست

کرابوون، بە هۆی هێرشە بەردەوامەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە و بارەگاکانیان لە ناو سووریا، ئەوانیش برستیان لێ براوە و توانای جارانیان نەماوە.

**٣-** بە هۆی سەرقاڵی بە شەڕی ئۆکرانیاوە، ڕووسیا هێزەکانی لە ناو سووریا کەم کردووەتەوە، بەتایبەتی هێزی ئاسمانی کە ناتوانێت وەك پێشتر هاریکاریی سوپای سووریا بکات.

**٤-** بە هۆی دابەزینی بەهای لیرە و کەمیی مووچەی سوپای سووریا، بە تەواوەتی گەندەڵی و بەرتیل لەناو سوپا بڵاو بووەتەوە و، سوپای کردووەتە سوپایەکی فشۆڵ و ناتوانێت هیچ شەڕێك بکات.

ئەم هۆکارانەی بۆ شکستی سوپای سووریا ئاماژەیان پێدەکرێت، ئەوە دەردەخەن، کە سوپای سووریا هەر لە دوای ساڵی ٢٠١١وە نەیتوانیوە ڕژێمی ئەسەد بپارێزێت و کاتێکیش لە ساڵی ٢٠١٥ پەنای بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی برد و، جیهان لێی هاتە دەنگ و ڕژێمی ئەسەد لەسەر لێواری ڕووخان بوو، ئەوە هێزەکانی حزبوڵڵای لوبنانی و گرووپە چەکدارەکانی ئێران بوون بە پاڵپشتیی هێزی ئاسمانیی تورکیا دووبارە حەلەبیان گرتەوە و ڕژێمی ئەسەدیان هێشتەوە، بەڵام ئێستا کە ئەو هۆکارانەی ئەو ڕژێمەیان دەهێشتەوە، تەواو لاواز بوون، ئەوا جیهان هەموو چاوەڕێی کەوتنی دیمەشق دەکات.

بەڵام سەبارەت بە بەهێزیی هێزەکانی هەیئەی تەحریری شام کە هیچ کەسێك مەزندەی ئەوەی نەکردبوو، ئەم هێزە بتوانێت لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا دەست بەسەر چەند شاری گەورەی سووریادا بگرێت، لەمبارەیەوە ئارۆن زیلان، گەورە توێژەری ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك و پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر کاروباری گرووپە جیهادییە تیرۆریستییەکان، هۆکاری ئەم بەهێزبوونەی چەکدارانی هەیئەی تەحریری شام دەگێڕێتەوە بۆ ئەو خاڵانە:

**١-** لە ساڵی ٢٠٢٠ـەوە شەڕی ڕژێمی ئەسەد لەگەڵ گرووپە چەکدارەکانی سووریا جۆرێك لە سڕبوونی بە خۆیەوە بینیوە، بۆیە ئەو گرووپە چەکدارانە سوودیان لەو سڕبوونە وەرگرت و توانییان هەموو گرووپە چەکدارەکان لەژێر چەتری هەیئەی تەحریری شام یەك بخەن.

**٢-** لەم ماوەیەدا توانیان کۆلێژی سەربازی لەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بکەنەوە و، ڕیفۆرمێکی گەورە لە هێزەکان بکەن و بە شێوازی زانستی سەربازی ڕێکیان بخەنەوە.

ئەم دوو هۆکارە بە هۆکاری سەرەکیی هێرشە گەورەکانی چەکدارانی هەیئەی تەحریری شام دادەنرێت و، لە هەمان کاتدا دابینکردنی یارمەتیی لۆجیستی بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی ئەو هێزە بەو ئاستە بەرزەی کە دەیبینین، هەموو مەزندەکان بەو ئاراستەیەن کە دەستی دەوڵەتێکی بەهێزی لە پشتەوەیە و، گرووپێکی چەکداری ئەو توانایەی نییە، بەو ئاستە بەرزەی زانستی سەربازی خۆی ڕێك بخاتەوە و چەکی پێویستی لەبەر دەست بێت، بۆ ئەمەش هەموو لایەك دەستی گومان بۆ تورکیا ڕادەکێشێت و پێیان وایە تورکیا وەك دەوڵەت لە پشتی ئەم وەرچەرخانە گەورەیەی هێزەکانی هەیئەی تەحریری شامەوەیە، بەڵام سەرۆکی هەیئەی تەحریری شام کە بە ئەبو محەممەدی جۆلانی ناسراوە و لە دیمانەکەی لەگەڵ (سی ئێن ئێن) ناوی خۆی وەك «ئەحمەد شەرع» ئاشکرا کرد، ڕاشکاوانە گوتی: «هێزەکانی هەتش لە سەرەتا بەنیاز بوون، هێرشێك بکەن کە تەنیا بەرەی پێشەوەی هێزەکانی ئەسەد بشکێنن، بەڵام کە سوپا پاشەکشەی کرد، چەکی زۆریان بەجێ هێشت و کەوتنە بەردەستی هێزەکانی ئێمە، بۆیە ئەو چەکە قورسانەی لەم شەڕانە بەکاریان دەهێنین، هەمووی ئەو چەکانەیە کە لە سوپای ڕژێمی ئەسەد بەردەستمان کەوتوون.

## ● شکستە گەورەکەی ئەسەد نەمانی دیپلۆماسییەت و پشتگیریی نێودەوڵەتییە

لەگەڵ ئەوەی ساڵی ٢٠١٤، دوای ئەوەی تیرۆریستانی داعش «دەوڵەتی خلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا»یان ڕاگەیاند، زۆر کەیفیان بە هەر دوو حکومەتی «دیمەشق و بەغدا» نەدەهات و، لە لایەك ئەمریکا پشتگیریی ئەوەی دەکرد، حکومەتی دیمەشق

**هەست دەکرێت، ئەو کۆدەنگییەی بەرانبەر تیرۆریستانی داعش هەبوو، بەرانبەر بە چەکدارانی هەیئەی تەحریری شام بوونی نییە**

**خەریکە کۆدەنگیی نێودەوڵەتی بەو ئاراستەیە دروست دەبێت، کە هەموو چاوەڕێی ئەوە دەکەن، کە بە هێمنی ڕژێمی ئەسەد بڕووخێت و هەیئەی تەحریری شام جێگەی بگرێتەوە**

**هاتنی هێزەکانی ڕووسیا بۆ سووریا، هێندەی بۆ ئەوە بووە کە جێپێیەکی گەورە و گرنگ بۆ ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست دروست نەبێت، هێندە بۆ ئەوە نەبووە کە پشتگیری لە مانەوەی ئەسەد بکات**

**ڕووسیا مەبەستێتی لە ئاستێکی نزم سووریا ناسەقامگیر بێت، بۆ ئەوەی لەناو ئەو ئاوە لێڵەدا بتوانێت لەناو سووریاوە ململانێی ئەمریکا بکات و، دژی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی ڕابوەستێت و هەوڵ بدات ئەو سیستمە بگۆڕێت**

بڕووخێت و لە عێراقیش مەرجی ئەوەی هەبوو کە نابێت بۆ جاری سێیەم نووری مالیکی ببێتەوە بە سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە بەرانبەردا کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش و دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) بوونی هەبوو، سەرەنجامیش وەك بینیمان لە چوارچێوەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بە ناوی «هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش» پێکهێنرا، کە ئامانجی سەرەکیی ئەم هاوپەیمانییە ڕووخانی دەوڵەتی خەلافەتی تیرۆریستانی داعشە.

ئەمجارە، لەگەڵ ئەوەی حکومەتی دیمەشق بە فەرمی وەك هێزێکی تیرۆریستی ئاماژە بە هێزەکانی هەیئەی تەحریری شام دەکات و چەندین دەوڵەتی عەرەبی و ئیسلامی وەك «ئیمارات، ئوردن، عێراق، کۆماری ئیسلامیی ئێران» و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بە پلەی یەکەم ڕووسیا، وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی پێناسەیان دەکەن، بەڵام هەست دەکرێت، ئەو کۆدەنگییەی بەرانبەر تیرۆریستانی داعش هەبوو، بەرانبەر بە چەکدارانی هەیئەی تەحریری شام بوونی نییە، لەمەش زیاتر خەریکە کۆدەنگیی نێودەوڵەتی بەو ئاراستەیە دروست دەبێت، کە هەموو چاوەڕێی ئەوە دەکەن، بە هێمنی ڕژێمی ئەسەد بڕووخێت و هەیئەی تەحریری شام جێگەی بگرێتەوە، تەنانەت ئەم ئاراستەیە لە قسەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك کۆماری تورکیا و قسەکانی عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی تورکیا لەگەڵ تەلەفزیۆنی شەرقییەی عێراقی یەك دەگرێتەوە.

سەبارەت بە ڕۆڵی ڕووسیاش وەك دەوڵەتێکی گەورەی بەهێز و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە بەو شێوازە سەیر دەکرێت، هەتا ئێستا



پشتیوانیی ڕووسیا ڕژێمی بەشار ئەسەدی هێشتووەتەوە، بەڵام ئێستا ئەو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، کە هاتنی هێزەکانی ڕووسیا بۆ سووریا، هێندەی بۆ ئەوە بووە کە جێپێیەکی گەورە و گرنگ بۆ ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست دروست نەبێت، هێندە بۆ ئەوە نەبووە کە پشتگیری لە مانەوەی ئەسەد بکات. ڕووسیا پێویستی بەوەیە کە ڕژێمێکی دیکتاتۆریی وەك بەعس و بەشار ئەسەد لە ناوچەکەدا نەڕووخێت، بەڵام ئامانجی ڕووسیا هێندەی دژایەتیکردنی سیتسمی لیبراڵیی نێودەوڵەتییە بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا، هێندە لە خەمی مانەوەی ڕژێمی ئەسەد نییە، لەمەش زیاتر توێژەر و پرۆفیسۆر ئانا بورشیفیکایا، نووسەری کتێبی «شەڕی پۆتین لە سووریا»، ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە کە بیرکردنەوەی بڕیارسازانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا کاڵفامانەیە، کە پێیان وایە هیچ ئاشتییەك بەبێ بەشداریی ڕووسیا لە سووریا نایەتەدی، بەپێچەوانەوە هەرگیز لەگەڵ چارەسەرێکی ڕاستەقینەی ئاشتییانەدا نییە بۆ سووریا و مەبەستی نییە کێشەکانی سووریا بە ئاشتی چارەسەر بکرێن، بەڵکو دەیەوێت، هەموو لایەك لەسەر لوتکەی هەرەمەکەوە بۆ کێشەی سووریا سەیری بکەن، سەرەنجامیش ئەوەی دەیڵێت بە کردەیی جێبەجێی ناکات، بۆیە ڕووسیا مەبەستێتی لە ئاستێکی نزم سووریا ناسەقامگیر بێت، بۆ ئەوەی لەناو ئەو ئاوە لێڵەدا بتوانێت لەناو سووریاوە ململانێی ئەمریکا بکات و، دژی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی ڕابوەستێت و هەوڵ بدات ئەو سیستمە بگۆڕێت، لەلایەکی دیکەش هێرشە ئاسمانییە چڕەکانی فڕۆکەکانی ڕووسیا بۆ سەر ژێرخانی خزمەتگوزاریی و قوتابخانە و نەخۆشخانەکان کە هێزەکانی هتش تیایدا باڵادەستن و خاپوورکردنیان هۆکارێکی

**ڕژێمی ئەسەد تووشی ئەو پەڕی گۆشەگیری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بووەتەوە و، بە دوور دەبینرێت کە جارێکی دیکە وەک ساڵی ٢٠١٥ دووبارە ئەم ڕژێمە لە کەوتن و ڕووخان ڕزگار بکرێتەوە**



سەرەکی بێت، بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو شارانە باشتر لە دەوری هێزەکانی هەیئەی تەحریری شام کۆببنەوە.

دەوڵەتانی عەرەبی بەتایبەتی «ئیمارات و ئوردن» پێش ئەوەی بارودۆخی ڕژێمی ئەسەد بگاتە ئەم قۆناغە، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی سڕبوونی تەنگژەکە بەگشتی و لە دوای هێرشەکەی چەکدارانی حەماس لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، زۆر هەوڵیان دا کە ڕژێمی ئەسەد بگەیەننە ئەو قەناعەتەی کە سیاسەت و دیپلۆماتییەتی دەوڵەتی سووریا بەو جۆرە ڕێك بخاتەوە، کە بتوانرێت دەروازەیەك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سووریا بگەڕێتەوە بۆ ناو دەوڵەتانی عەرەبی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆ ئەمەش چەندین کەناڵی دیپلۆماتییان بە دانوستاندنی ناڕاستەوخۆش لەگەڵ ئەمریکا بۆ ڕژێمی ئەسەد کردەوە، بۆ ئەوەی خۆی لە ئێران جیا بکاتەوە و بێتە بەرەی ئەو دەوڵەتە عەرەبییانەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی کردووەتەوە، بەڵام وەك ئەوانەی ئاگاداری ئەم بەرەوپێشەوەچوونانە بوون و ئێستا ئاماژەی پێدەکەن، بەشار ئەسەد هەوڵی دابوو، ئاراستەی سیاسەت و دیپلۆماتییەتی خۆی بەو جۆرە ڕێك بخاتەوە و خۆی لە ئێران جیا بکاتەوە، بەڵام بە کردەیی سازشی لەسەر ئێران نەکرد و چاوەڕێی ئەوەی دەکرد، بارودۆخەکە بە جۆرێکی دیکە بێتە پێشەوە، لە ئێستاشدا وەك دەبینین، ڕژێمی ئەسەد تووشی ئەو پەڕی گۆشەگیری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بووەتەوە و، بە دوور دەبینرێت کە جارێکی دیکە وەك ساڵی ٢٠١٥ دووبارە ئەم ڕژێمە لە کەوتن و ڕووخان ڕزگار بکرێتەوە.

**● دەرهاویشتە نەرێنییەکانی بارودۆخی سووریا لەسەر تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

کشانەوەی هێزەکانی سوپای سووریا لە دەروازەی «ئەلبوکەمال»ی هاوسنووری عێراق و، کۆنترۆڵکردنی ئەم دەروازەیە لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکراتی «هەسەدە»، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە بارودۆخی ناو دیمەشقی پایتەختیش ئاڵۆزی تێکەوتووە، یان مەزندەی ئەوە هەیە، کە ئاڵۆزیی گەورەی تێبکەوێت و بارودۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەربچێت و، هەموو گریمانە و مەزندەکانیش بەو ئاراستەیەن گۆڕانکاریی گەورە لە دەسەڵاتی سیاسیی سووریا بێتە ئاراوە، بەتایبەتیش کە سوپای سووریا لە هەموو ئەو سنوورانە کشاونەتەوە کە سووریا بە دەوڵەتانی ناوچەکەوە دەبەستێتەوە.

کەوتنی ڕژێمی بەعس و ئەسەد، لە کەوتنی ڕژێمی بەعس و سەدام لە ٢٠٠٣دا جیاواز دەبێت، ڕژێمی بەعس و سەدام لە چوارچێوەی هاوپەیمانیەتییەکی نێودەوڵەتی ڕووخێنرا کە زیاتر لە ١٣٠ هەزار سەربازی « ئەمریکی، بەریتانی، ئیسپانی، ئوستڕالی، کەنەدی » هاوکات لەگەڵ ڕووخاندنەکە لەناو عێراق بوون، بەڵام ئەگەر ڕژێمی بەعس و ئەسەد لە دیمەشق بڕووخێت، ئەوا دوو هێزی سەرەکی لەناو سووریا بوونیان دەبێت، کە یەکێکیان هێزەکانی هەیئەی تەحریری شامە و ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن تورکیا پشتگیریان بکات، هەروەها لە بەشێکی سووریاش ئەوەی پێی دەڵێین «ڕۆژئاوا» هێزەکانی سووریای دیموکرات هەن، کە بەشی هەرە زۆریان کوردی ڕۆژئاوان.

تورکیا و ئەمریکا لە ڕووخانی ڕژیمی بەعس و ئەسەد، یەك ئامانجیان نییە، لە بەرانبەردا ڕووسیاش لەگەڵ تورکیا و ئەمریکا ئامانجی هاوبەشی نییە و، قورسە مەزندەی ئەوە بکرێت ئەم سێ ئامانجە جیاوازە لەناو یەك بازنەدا پێکەوە کۆبکرێنەوە، کە سەرەنجام بگاتە ئەوەی جۆرێك لە سەقامگیری بۆ سووریا بگەڕێتەوە و کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، بۆیە ئەگەرەکانی زاڵبوونی پاشاگەردانی و بەردەوامیی شەڕی ناوخۆیی لە ئایندەی سووریای دوای ئەسەرد دوور ناخرێنەوە و، مەزندەکان بەو ئاراستەیەن، هەتا ماوەیەکی دوور و درێژ سووریا سەقامگیری بە خۆیەوە نەبینێت و، دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم ناسەقامگیرییە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتەوە.

تورکیا کە لە یەك دوو مانگی ڕابردوو بانگەشەی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا دەکرد و بە ئاشکرا داوای هەڵوەشانەوەی هێزە چەکدارەکانی پەکەکەی دەکرد، لە هیچ لێدوانێکی ڕەجەب تەیب

**کشانەوەی هێزەکانی سوپای سووریا لە دەروازەی «ئەلبوکەمال»ی هاوسنووری عێراق و، کۆنترۆڵکردنی ئەم دەروازەیە لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکراتی «هەسەدە»، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە بارودۆخی ناو دیمەشقی پایتەختیش ئاڵۆزی تێکەوتووە**

**مەزندەکان بەو ئاراستەیەن، هەتا ماوەیەکی دوور و درێژ سووریا سەقامگیری بە خۆیەوە نەبینێت و، دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم ناسەقامگیرییە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتەوە**

**هەتا ئێستا هێزەکانی سووریا دیموکرات بارودۆخەکەیان بە لۆژیکانە خوێندووەتەوە و لە ناوشاری حەلەب خۆیان تووشی ئەم شەڕە نەکرد و بە ئاشتییانە کشانەوە**

ئەردۆگان سەرۆك کۆمار و سەرۆکی «ئاك پارتی»، هەروەها لە لێدوانەکانی دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی «مەهەپە پارتی» کە هاوپەیمانی ئاك پارتییە لە دەسەڵاتدا، هەر دوو هێزی «پەکەکە و پەیەدە» لێك جیا نەکراونەتەوە و ئەم دوو هێزە لە ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیاوە وەك دوو ڕێکخراوی تیرۆریستی ناسێنراون و، ئەوەی لە بەرچاو نەگرتووە، کە پەیەدە ئێستا بەشێکە لە هێزی سووریای دیموکراتی و ئەمریکا وەك هێزێکی نیشتمانی مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا، ڕاشکاوانە ئەوەی لە میدیاکان نەشاردووەتەوە کە داوایان لە ئەمریکا کردووە، بوار بە هێزەکانی تورکیا بدات، هەتا ئەو ناوچانەی کە مەبەستێتی لە ڕۆژئاوا بە هێزی سەربازی داگیریان بکات، بەڵام وەك خۆی ئاماژەی پێکردووە، ئەمریکا ئەمەی قبووڵ نەکردووە، بۆیە ئەگەر بارودۆخەکە بەو ئاراستەیە بگۆڕێت، کە دوای ڕووخانی ئەسەد، هەیئەی تەحریری شام جێگەی بگرێتەوە، ئەوا تورکیا کارتێکی بەهێزی دەکەوێتە دەست و لەوانەیە ئەوەی بە خۆی نەکرا، بە ڕێگەی چەکدارانی هەیئەی تەحریری شام جێبەجێیان بکات و، قۆناغی داهاتووی ئەم هێرشانە هێزەکانی سووریای دیموکرات بگرێتەوە.

هەتا ئێستا هێزەکانی سووریا دیموکرات بارودۆخەکەیان بە لۆژیکانە خوێندووەتەوە و لە ناوشاری حەلەب خۆیان تووشی ئەم شەڕە نەکرد و بە ئاشتییانە کشانەوە، بەڵام گرووپە چەکدارەکانی ناو هەیئەی تەحریری شام کە پێشتر خۆیان بەشێك بوون لە تیرۆریستانی داعش و تەنانەت ئەحمەد شەرع «ئەبو محەمەدی جۆلانی» ماوەی ساڵ و نیوێك بەیعەتی بە ئەبووبەکر بەغدادی سەرۆکی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش دابوو، ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییەی هەموو هەوڵەکانی چڕکردەوە بۆ ئەوەی ڕۆژئاوا داگیر بکات و تەنانەت گەیشتە ئەوەی کۆبانێ بکەوێت، بەڵام بە هاوکاریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگە درا، هێزی پێشمەرگە بچێتە کۆبانێ و لە کەوتن ڕزگار بکرێت.

ئیدارەی ئەمریکی لە ساڵی ٢٠١٤ کە دیموکراتەکان لە دەسەڵاتدا بوون، دەتوانرا خوێندنەوەیەك بۆ ستراتیژیەت و سیاسەتی ئەو وڵاتە بکرێت و، جیهان تێبگات، لەوەی ئەمریکا بە چ ئاراستەیەك سیاسەت دەکات و هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام ئیدارەی یەکەمی دۆناڵد ترەمپ لە (٢٠١٧-٢٠٢١) ئەوەی بۆ جیهان سەلماند، کە بێجگە لە سیاسەتی ئاشکرا و ڕاشکاوی ئەمریکا بۆ پاراستنی دەوڵەتی ئیسرائیل هیچ ئاراستەیەکی دیکەی سیاسەتی ئەمریکا مەزندە بۆکراو نییە، لە ئێستا کە دوای نزیکەی ٥٠ ڕۆژی دیکە و لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥ دووبارە دۆناڵد ترەمپ دەبێتەوە بە سەرۆکی ئەمریکا، نازانرێت ئەمجارەیان چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆسییەکی هەستیاری وەك سووریای پاش بەشار ئەسەد دەکات.

تورکیا لە ماوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، گرەوی گەورەی لەسەر دووبارە هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆ سەرۆکی ئەمریکا دەکردەوە، ئەم گرەوەشی لەو چوارچێوەیەدایە، ترەمپ وەك بزنێسمانێك بواری ئەوەی هەیە کە سەفقەی سیاسی، وەك سەفقەی بازرگانی لەگەڵدا بە ئاسانی گرێ بدرێت، بۆ ئەمەش کارتی بەهێزی دەستی تورکیا بۆ ئەو سەفقەیە، سووریای دوای بەشار ئەسەد دەبێت.

ئامانجی هەرە گەورەی دۆناڵد ترەمپ لەم خولە تازەیەی سەرۆکایەتیی ئەمریکا، بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەواوکردنی پرۆسەی «ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی عەرەبی دەبێت لەگەڵ ئیسرائیل»، کە لە ماوەی خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا توانرا «ڕێککەوتنی ئیبراهیم» لە نێوان «ئیسرائیل و بەحرێن و ئیمارات و قەتەر» ئیمزا بکرێت، بەمەش مەسەلەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان کە بە «تطبیع» ناسراوە، بووە بەشێك لە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ ڕێگەخۆشکردن بۆ دەوڵەتانی دیکەی عەرەبیش، بەڵام ئەم پرۆسەیە بە تەواونەکراوی بەجێهێڵدرا .

مەحموود عەباس سەرۆکی دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین، لە دوای هەڵبژاردنەوەی

**ئیدارەی یەکەمی دۆناڵد ترەمپ لە (٢٠١٧-٢٠٢١) ئەوەی بۆ جیهان سەلماند، کە بێجگە لە سیاسەتی ئاشکرا و ڕاشکاوی ئەمریکا بۆ پاراستنی دەوڵەتی ئیسرائیل هیچ ئاراستەیەکی دیکەی سیاسەتی ئەمریکا مەزندە بۆکراو نییە**

**ئامانجی هەرە گەورەی دۆناڵد ترەمپ لەم خولە تازەیەی سەرۆکایەتیی ئەمریکا، بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەواوکردنی پرۆسەی «ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی عەرەبی دەبێت لەگەڵ ئیسرائیل»**

**تورکیا چۆن بتوانێت کێشەی پەیەدە و پەکەکە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە و لە هەمان کاتدا دەنگی کوردانی تورکیاش بۆ ئاك پارتی بگێڕێتەوە، ئەمەش بەوە دەکرێت کە ئەمریکا هەوڵ بدات ڕۆژئاوا بە هاوشێوەی هەرێمی کوردستان پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ تورکیا هەبێت**

ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ڕابردوو، هەوڵی داوە زەمینەیەك بڕەخسێنێت و پەیامی خۆی بەو جۆرە بۆ ترەمپ بخاتە ڕوو، کە چاوی بە هەڵوێستەکانی پێشووی خۆی، سەبارەت بە «سەفقەی سەدە» بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل گێڕاوەتەوە.

**دیوێکی دیکەی هاوکێشەکە، خوێندنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای نەمانی «هیلالی شیعی»یە، نەمانی ئەم هیلالە بە گورزێکی خراپ بۆ هەژموونی باڵادەستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەناوچەکە ڕاڤە دەکرێت**

لەناو ئەم هاوکێشەیەدا، ئەگەر ئاراستەی گۆڕانکارییەکان بەو جۆرە بکەونەوە، کە تورکیا نەخشەی بۆ داڕشتووە، ئەوا تورکیا لە دووبارە ڕێکخستنەوەی هاوکێشەی ناوچەکە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد دەتوانێت ڕۆڵێکی زۆر کاریگەر بگێڕێت، ئەگەر هەموو ئەو ئەگەرانەی لەو ڕۆڵە گرنگەی تورکیا دەخوێندرێنەوە، سەرەنجام لە بەرژەوەندیی ڕۆژئاوا کۆتاییان نایەت.

پەیامەکانی ئەحمەد شەرع ناسراو بە «ئەبو محەمەدی جۆلانی»، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە ماوەی پێنج ساڵە گۆڕانکارییان لە گوتاری سیاسیی خۆیان کردووە، بۆیە داوا دەکەن «سەیری کردارەکانیان بکرێت، نەك قسەکانیان»، ئەم وەرچەرخانە گەورەیە لە گوتاری گرووپێکدا کە ڕەگ و ڕیشەی ئەلقاعیدە و داعشی هەیە، لە ئەندازەی دروستکردنی گوتاری دەوڵەتی تورکیا دەچێت و، بەو مامەڵەیەشی کە ئیسرائیل لەگەڵ ئەم وەرچەرخانە گەورەیەی سووریای دەکات، پێدەچێت تورکیا کە خۆی پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە و ئاك پارتیش کە حزبێکی ئیسلامییە و دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، هەیئەی تەحریری شامی گەیاندبێتە ئەو قەناعەتەی کە بە هاوشێوەی تورکیا پەیوەندییەکانی سووریای دوای ئەسەد لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی بکەنەوە، بەمەش تورکیا دەتوانێت سەفقەیەکی گەورە دروست بکات و دۆناڵد ترەمپیش پێشوازی لێدەکات.

**لە ئێستادا ئاماژە بەوە دەکرێت، پەیەدە هەوڵی داوە چاو بە سیاسەتی خۆیدا بخشێنێتەوە و وەک بەشێک، یان پاشکۆی پەکەکە سەیر نەکرێت**

بەڵام تورکیا هەتا لەم سەفقەیەشدا سەرکەوتوو بێت، ئەوا ئەم سەفقەیە تەواوی کێشەکانی ناوخۆیی تورکیا بەگشتی و کێشەی مانەوەی ئەرۆدگان وەك سەرۆك کۆمار و ئاك پارتی وەك حزبی دەسەڵات چارەسەر ناکات، بۆیە بە دیوێکی دیکە لەم لایەنەوە پێویستی بە پشتگیریی دۆناڵد ترەمپ دەبێت، بەوەی تورکیا چۆن بتوانێت کێشەی پەیەدە و پەکەکە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە و لە هەمان کاتدا دەنگی کوردانی تورکیاش بۆ ئاك پارتی بگێڕێتەوە، ئەمەش بەوە دەکرێت کە ئەمریکا هەوڵ بدات ڕۆژئاوا بە هاوشێوەی هەرێمی کوردستان پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ تورکیا هەبێت، ئەم ئاراستەیە لەلایەن پەیەدەوە نەك ڕەت نەکراوەتەوە، بەڵکو چەند ساڵێکە دوای گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکیا دەکەن، دەمێنێتەوە کێشەی پەکەکە کە بڕیارە عەبدوڵڵا ئۆجەلان بێتە ناو پەرلەمانی تورکیا و لەوێوە پەیامی هەڵوەشانەوەی پەکەکە ڕابگەیەنێت، ئەمەیان لەگەڵ ئەوەی لەلایەن دەم پارتی کە زیاتر لە ٥٠ کورسی لەناو پەرلەمانی تورکیا هەیە و نوێنەرایەتیی کوردی تورکیا دەکات، پێشوازی لێکراوە و، هەروەها پشتگیریش لەو هەنگاوە دەکات کە هەوڵ دەدرێت دەستووری تورکیا هەموار بکرێتەوە و دووبارە ناسنامەی دەوڵەتی تورکیا پێناسە بکاتەوە، بەڵام پێناچێت ئاراستەی ئەم هاوکێشەیە بە ئاسانی و بەبێ کێشە تێپەڕ ببێت. کە ئەمە تا ئێرە دیوێکی هاوکێشەکە بوو.

دیوێکی دیکەی هاوکێشەکە، خوێندنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای نەمانی «هیلالی شیعی»یە، نەمانی ئەم هیلالە بە گورزێکی خراپ بۆ هەژموونی باڵادەستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەناوچەکە ڕاڤە دەکرێت. هەتا ئێستا ئەو پرسیارە بێ وەڵامە بەوەی کۆماری ئیسلامی چۆن وەك ئەمری واقیع بڕیاری ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ ڕاگرتنی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق لەساڵی ١٩٨٨ قبووڵ کرد و پەرداخە ژەهرەکەی نۆشی، ئایا ئەمجارەش ئەمری واقیعی نەمانی هیلالی شیعی قبووڵ دەکات، بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی پارێزراو بێت؟ بەشێکی وەڵامی ئەم پرسیارە لە پەیام و سەردانە مەکوکییەکانی عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی ئێران دەخوێندرێتەوە، کە لە ئێستادا زۆر مەبەستێتی پێش هەموو لایەك تورکیا و دوای ئەویش عێراق و سووریا هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی بارودۆخی سووریا لەدەست نەچێت، کە خۆیشی بەدووری دەزانێت جارێکی دیکە کۆنترۆڵ بکرێتەوە.

**● عێراق و هەرێمی کوردستان لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەی سووریادا**

ئەگەر لە ڕووی مەزهەبییەوە «شیعە گەرایی» دەوڵەتی عێراق بەتایبەتی لایەنەکانی دەسەڵات کە بریتین لە «هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە»، پرسی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و پاراستنی مەزاری «سەیدە زەینەب» بە ئەولەوییەتی سیاسەتی خۆیان بزانن و بەرگری لێ بکەن، ئەوا بۆ هەرێمی کوردستانیش پرسی چارەنووسی کوردانی سووریا بە ئەولەوییەت حیساب دەکرێت، چۆن لەکاتی هێرشی تیرۆریستانی داعش پێشمەرگە بەهانای ڕۆژئاواوە چوو و نەیهێشت کۆبانێ بکەوێت، ئەوا هەر گۆڕانکارییەکیش لە سووریا بێتە ئاراوە، پرسی چارەنووسی کوردی سووریا ئەولەوییەتی سیاسەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش و کشانەوەی هێزەکانی سوپای سووریا لە ڕۆژئاوا، ڕاسپاردەی سەرۆك بارزانی بۆ تێکرای لایەنە سیاسییە کوردییەکانی سووریا ئەوە بووە، هەمـوو پێکەوە یەك بگرن و پێکەوە ئیدارەی ڕۆژئاوا بکەن و ئەزموونێکی دیکەی حوکمڕانیی کوردی پێشکەشی جیهان بکەن و، سوود لەم دەرفەتە وەربگرن و هەوڵ بدەن لە دەستووری داهاتووی سووریادا مسۆگەری بکەن، ئەم ئاراستەیە لە کۆبوونەکانی «هەولێر و دهۆك» لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردی سووریا لە ٢٠١٤ و ٢٠١٥ جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەڵام کورتبینیی سیاسیی پەیەدە ڕێگەی نەدا ئەم ئاراستەیە وەك پێویست سەرکەوتوو بێت، کە لە ئێستادا ئاماژە بەوە دەکرێت، پەیەدە هەوڵی داوە چاو بە سیاسەتی خۆیدا بخشێنێتەوە و وەك بەشێك، یان پاشکۆی پەکەکە سەیر نەکرێت.

لەم چوارچێوەیەدا هەرێمی کوردستان دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی بۆ چارەنووسی کوردانی سووریا بگێڕێت و، دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا بە باشوورەوە گرێ بداتەوە و هەوڵەکانیشی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ڕۆژئاوا ئاسایی بکاتەوە. ئەگەر ئەم پرۆسەیە بەم ئاراستەیە بچێتە پێشەوە، هەرێمی کوردستان دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا، ئەوەی وادەکات بە گەشبینییەوە سەیری ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لەم پرۆسە گرنگەدا بکەین، ئەوەیە کە ڕای گشتیی خەڵك و قەناعەتی حزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی تورکیا گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە ڕێگەی دروست ئەو ڕاسپاردانەی «سەرۆك بارزانی»یە کە بەردەوام داوا دەکات، دەبێت کێشەی کورد بە ئاشتی چارەسەر بکرێت و بێجگە لە ئاشتی ڕێگە چارەیەکی دیکە بوونی نییە.

هەرێمی کوردستان دەتوانێت بۆ دەوڵەتی عێراقیش ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت، بۆ ئەوەی نەبێتە بەشێك لە کێشەکە و، لێدوانەکانی د.فوئاد حوسێن وەزیری دەرەوەی عێراق کە دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ هەردوو وەزیری دەرەوەی «ئێران و سووریا» ڕایگەیاند: «بە شەڕ هیچ کێشەیەك چارەسەر نابێت و دەبێت هەموومان بە دوای چارەسەری ئاشتییانە بکەوین»، ئاماژەیەکی زۆر گرنگن بۆ وەرچەرخان لە سیاسەتی دیپلۆماتیی دەوڵەتی عێراق و، هەروەها ئاماژەیەکە بۆ هاودەنگیی هەردوو دەوڵەتی «ئێران و سووریا» لەسەر ئەم ئاراستەیە.



بێگومان گەیشتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو قەناعەتەی کۆی کێشەی ناوچەکە بە کێشەی سووریا و فەلەستینەوە بە شەڕ چارەسەر ناکرێت، بە خاڵێکی گرنگی ناو ئەم وەرچەرخانە گەورەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قەڵەم دەدرێت و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاراستە و سیاسەتی دیپلۆماتیی دەوڵەتی عێراقیش دەبێت، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە و لە هەمان کاتدا هەردوو دەوڵەت (عێراق و ئێران) ڕۆڵی کاریگەریان دەبێت لە دووبارە ڕێکخستنەوەی تەواوی ناوچەکە و چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچەیە.



لەگەڵ ئەوەی بارودۆخەکە، بارودۆخێکی شەڕ و ئاڵۆزییەکی گەورەیە کە ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت، ڕوون نییە ئاراستەی گۆڕانکارییەکان چۆن دەبن، بەڵام دەوڵەمەتداری سەرکەوتوو ئەو دەوڵەتمەدارەیە کە لەناو ئاڵۆزییەکاندا چارەسەری گونجاو بدۆزێتەوە و مەترسی و ئاڵنگارییەکان بگۆڕێت بۆ دەرفەت و پاراستنی بەرژەوەندیی باڵای گەل و وڵاتەکەی.

# دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر گریگۆری ئەفتاندیلیان، پسپۆڕی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە، وانەبێژە لە سکوولی پاردی بۆ دیراساتی جیهانی لە زانکۆی بۆستۆن، بۆ ماوەی پتر لە بیست ساڵ وەك شرۆڤەکاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەردوو وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی ئیدارەی ئەمریکا کاری کردووە، هەروەها ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەنجومەنی پیران بووە. بۆ شرۆڤەکردنی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی سووریا و هێرش و پەلامارەکانی دەستەی تەحریری شام و دەستبەسەرداگرتنی بەشێکی بەرفراوانی خاکی سووریا، و هۆکاری ئەم هەڵکشانە کتوپڕ و چاوەڕواننەکراوەی بارودۆخە سەربازییەکەی و هۆکاری شکستی سوپای سووریا لە پێشبینیکردن و بەرگرتن پێی، و ئەگەر و پێشهاتەکانی ئاینده و ڕۆڵی دەوڵەتە دەستتێوەردەرەکان لەم پەرەسەندنانە و ئاکام و لێکەوتەکانی و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداوە.

## پرۆفیسۆر گریگۆری ئەفتاندیلیان بۆ گوڵان:

# تا ئایندەیەکی دوور سووریا بە پارچە پارچەیی دەمێنێتەوە

*** هەروەك ئاشكرایە ماوەیەكی زۆرە سووریا بە دەست چەندین شەڕ و تەنگژەوە دەناڵێنێت، ئەوە بوو لە دوای ئەوەی ناونرا «بەهاری عەرەبی»، ئەم وڵاتە بەرەو هەڵدێر و بەرەو بارێكی پڕ لە نەهامەتی و ناهەمواری چوو. خەڵكێكی زۆری ئەو وڵاتە بوونە قوربانی شەڕی ناوخۆیی و دەستتێوەردانی دەرەكی، ژمارەیەكی زۆری هاووڵاتییانیش بوونە پەنابەر و ئاوارە، ئێستاش دووبارە شەڕەكان بەرەو هەڵكشان چوونە و دووبارە خەڵكەكەی باجەكەی دەداتەوە، بەڵام لێرەدا دەمانەوێت ئەو پرسیارە بكەین، ئەو هۆكارانە چی بوون كە بوونە هۆی هاتنەئارای ئەم هەلومەرج و هەڵكشانە سەربازییە؟**

- بە تێڕوانینی من كردارە سەربازییەكانی ئەم دواییەی نێو وڵاتی سووریا دەرئەنجام و ئاكامی بڕیاری دەستەی تەحریری شام بوو، بۆ ئەوەی ئەو دۆخە لاواز و پەرتەوازەییەی هێزە پارێزەرەكانی ڕژێمی سووریا، وەك (حزبوڵڵا، ئێران و ڕووسیا) بە دەرفەت بزانێت. واتە سوودیان لەو هەلومەرجە وەرگرت كە هاتبۆوە ئاراوە، بەڵام نابێت لە هەمان كاتدا ئەوەش لەبەرچاو نەگرین، كە توركیاش ڕۆڵی هەبوو لەم هەوڵانەدا، چونكە دەبێت ئەوە بزانین كە ئەوە وڵاتی توركیا بوو كە جڵەوی بۆ یاخیبووە سوورییەكانی هاوپەیمانی خۆی شل كرد، بۆ ئەوەی دەست بە هێرش بكەن بۆ سەر پێگەكانی هێزەكانی سووریای دیموكراتی لە باكووری سووریا.

*** ئەوەی ڕووی داوە پێشهات و پەرەسەندنێكی كەم نەبووە، چونكە ئاشكرایە كە پانتاییەكی بەرچاوی خاكی سووریا كەوتووەتە ژێر دەستی «دەستەی تەحریری شام» و بگرە گەورەترین شاری ئەو وڵاتەی كۆنتڕۆڵ كردووە، لە ئێستاشدا ئەم دەستەیە لە هێرشەكانی بەردەوامە**

**تورکیا جڵەوی بۆ یاخیبووە سوورییەکانی هاوپەیمانی خۆی شل کرد، بۆ ئەوەی دەست بە هێرش بکەن بۆ سەر پێگەکانی هێزەکانی سووریای دیموکراتی**

و خاکی زیاتر دەخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، تەنانەت باس لە ئەگەری ڕووخانی ڕژێمی سووریاش دەکرێت. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم هەڵکشانە سەربازییە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەم وڵاتە دەبێت لە ئایندەی نزیک و لە مەودای دووردا و بۆچی سوپای سووریا تووشی شکستێکی لەم جۆرە بووە؟

- لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەست بێت بە دەرئەنجام و ئاکامە کورت مەوداکانی ئەم هێرش و پێشهاتانە ئەوەیە کە ڕژێمی سووریا داوا لە هەردوو وڵاتی ڕووسیا و ئێران دەکات، بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن و هاوکاری بکەن لە پاراستنی ئەو خاکەی لە ژێر دەسەڵاتیدا ماوەتەوە، هەروەها لە هەوڵدان بۆ گرتنەوەی چەند شارێکی وەك (حەلەب و حەما) کە لە ئێستادا لە ژێر دەستی دەستەی تەحریری شامدایە. بەڵام ئەگەر لە ئایندەی دوور بڕوانین، ئەوا من پێم وانییە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ڕوو بدات، لەبەر ئەوەی خاکی سووریا بە دابەشکراوی و پارچە پارچە کراوی دەمێنێتەوە لە نێوان ڕژێمی ئەو وڵاتە و گرووپە جۆراوجۆرەکاندا.

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە شەڕ و تەنگژەی سووریا دەرئەنجام و ئاکامی تەنیا لەو وڵاتەدا قەتیس نابێت، بەڵکو پەلکێشان و پەلهاویشتنی هەیە بۆ وڵاتانی دیکە، بەتایبەتی وڵاتە دراوسێکان، کە ئێمە لەساڵی ٢٠١٤دا بینیمان کە عێراق تووشی چ دۆخێك بوو کە بەشێکی هۆکارەکەی پەیوەست بوو بە دۆخی سووریاوە، لە هەمان کاتدا دەبینین چەندین وڵاتی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا و تورکیا و ئێران کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی و تەنانەت هێزی سەربازیشیان لەم وڵاتەدا هەیە، ئێوە چۆن لەم دۆخە دەڕوانن؟**

- ئەوە ڕوونە کە گەمەکارە دەرەکییەکان پشتیوانکاریی خۆیان هەیە لە نێو وڵاتی سووریادا. ئەوەتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاڵپشتی لە هێزەکانی سووریای دیموکراتی دەکات، ئەگەرچی ڕەنگە ئیدارەی داهاتووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ کۆتایی بەم پەیوەندییە بهێنێت، ئەویش لەبەر ئەوەی هێزەکانی سووریای دیموکراتی لایەنی شەڕکاری سەرەکی بوون لە دژی ڕێکخراوی داعش. لەلایەکی دیکەوە وڵاتی تورکیا پشتیوانی دەکات لەوەی پێی دەوترێت سوپای نیشتیمانیی سووریا، کە پێکهاتووە لە جاشە عەرەبە سوورییەکان کە لە دژی کورد شەڕ دەکەن، ئەوەش ئاشکرایە کە هەردوو وڵاتی ڕووسیا و ئێران، هەروەها تورکیا پارێزگاری لە دەستەی تەحریری شام لە پارێزگای ئیدلیب دەکەن.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد، کە ئەگەری ئەوە هەیە ئیدارەی داهاتووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ بۆی هەیە کۆتایی بە پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و هێزەکانی سووریای دیموکراتی بهێنێت. کەواتە ئایا پێت وایە لە سەردەمی ترەمپدا ئەمریکا بڕیاری کشاندنەوەی هێزە سەربازییەکانی دەدات لە نێو وڵاتی سووریادا؟ ئەگەر ئەم بڕیارە بدرێت و ئەم هێزانە بکێشرێنەوە، پێت وانییە ئایا دۆخی سووریا بەرەو ئاڵۆزی و گرژی و هەڵکشانی زیاتری شەڕ دەچێت؟**

- من پێم وایە ئەگەر ئیدارەی داهاتووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ بڕیار بدات، هێزەکانی وڵاتەکەی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بکشێتەوە، ئەوا دۆخێك دروست دەبێت، یان ئەگەری ئەوە دێتە ئاراوە کە تورکیا پێشڕەوی بکات بەرەو خاکی ژێر دەستی هێزەکانی سووریای دیموکراتی و کۆتایی بە هەرێمە خۆبەڕێوبەرییە کوردییەکەی ئەو وڵاتە بهێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆڵی تورکیا لە سووریادا بەرچاوتر و مەترسیدارتر بێت. هەرچۆنێك بێت، ئەگەری ئەوە هەیە کە تا ئایندەیەکی نزیکیش هەر دوو وڵاتی ڕووسیا و ئێران پشتیوانی لە ڕژێمی ئەسەد لە سووریا بکەن.

**ئەگەری ئەوە هەیە کە تا ئایندەیەکی نزیکیش هەر دوو وڵاتی ڕووسیا و ئێران پشتیوانی لە ڕژێمی ئەسەد لە سووریا بکەن**

*** پرسیارێکی دیکەمان پەیوەستە بە کاریگەری و لێکەوتەکانی ئەم هەڵکشانە لەسەر وڵاتی ئیسرائیل، کە ئاشکرایە ئیسرائیل چەندین گورز و هێرشی ئەنجام داوە لە نێو خاکی سووریادا بۆ لاوازکردنی ئەو گرووپانەی بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئاسایشی خۆیان هەژمار دەکات. پێتان وایە دۆخەکە لەسەر ئیسرائیل چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەست بێت بە

**لە مەودای کورت و لە ئایندەی نزیکدا ئیسرائیل لایەنی سوودمەندی سەرەکییە لەو ناسەقامگیرییەی لە نێو وڵاتی سووریادا هاتووەتە ئاراوە و دروست بووە**



«بەرزاییەکانی جۆلان»ـەوە، کە لە ژێر دەسەڵات و داگیرکاریی ئیسرائیلدایە، ئەوا من پێم وا نییە گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوو بدات لەم ڕووەوە، واتە لەم ڕوانگەیەوە ئیسرائیل بەردەوام دەبێت لەسەر درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەم ناوچەیەوە، ئەگەرچی ناو بە ناویش دەکەوێتە شەڕ و پێکدادانەوە لەگەڵ گرووپە جۆراوجۆرە نزیکەکان لێیەوە.

*** کەواتە لە دەرئەنجامی هەموو ئەوانەی ڕوویان داوە، ئایا دەکرێت بڵێین ئیسرائیل لایەنی سوودمەندی سەرەکییە، ئەویش بە حوکمی لاوازبوونی گرووپەکانی دژ بە ئیسرائیل لە نێو سووریادا، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە حزبوڵڵای لوبنانەوە؟ ئایا ئێوە پێتان وایە ئەم دۆخە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئێران دەبێت، بەتایبەتی کە لە نێو ڕۆژنامەکانی ئێراندا ئەم هێرش و پەلامارانە بە مایەی تاسان و بە پیلانگێڕی و چەند دەستەواژەیەکی دیکەی هاوشێوە وەسف کران؟**

- ئەوە دروستە کە بڵێین کە لە مەودای کورت و لە ئایندەی نزیکدا ئیسرائیل لایەنی سوودمەندی سەرەکییە لەو ناسەقامگیرییەی لە نێو وڵاتی سووریادا هاتووەتە ئاراوە و دروست بووە، چونکە ئەم ناسەقامگیرییە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران و ڕژێمی سووریا لاواز دەربکەون، بە شێوەیەك کە ئەم دوو لایەنە (ئێران و سووریا) هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە بۆ شەڕکردن و بەرەنگاربوونەوەی دەستەی تەحریری شام لەبری ئەوەی بەرهەڵستییەکانیان لە بەرانبەر دەوڵەتی ئیسرائیلدا چڕ بکەنەوە. بەڵام ئەگەر لە ئایندەی دوور بڕوانین، ئەوا ناکرێت بڵێین ئەم ناسەقامگیری و دۆخە پڕ لە هەڵکشانە لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل دەشکێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر گرووپی توندڕەوی وەك دەستەی تەحریری شام دەست بەسەر سووریادا بگرن، چونکە ئاشکرایە کە ئەم گرووپە خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی ڕادیکاڵن.

دیمانەی تایبەت



ئیتامار ڕابینۆڤیچ
باڵیۆزی پێشووی ئیسرائیل لە ئەمریکا بۆ گوڵان:

# ڕووسیا و ئێران هۆکاری سەرەکی بوون بۆ مانەوەی ئەسەد و ئێستاش هەردووکیان سەرقاڵن بە شەڕەوە

ئیتامار ڕابینۆڤیچ، باڵیۆزی پێشووی ئیسرائیل بووە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە ئێستادا پرۆفیسۆری مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی تەل ئەبیب، هەروەها بەڕێوەبەری (سەنتەری دایان)ە بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و ڕاگری کۆلێژی زانستە مرۆییەکان و سەرۆکی ئەم زانکۆیەش بووە. هەروەها وانەبێژە لە زانکۆی نیویۆرك، پێشتریش سەرۆکی بەشی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە هەمان زانکۆ. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٦ باڵیۆزی ئیسرائیل بووە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و گفتوگۆکاری سەرەکی بووە لە دانوستاندنەکانی ئیسرائیل لەگەڵ سووریا. بۆ زانینی دید و تێڕوانین و بۆچوونەکانی لەبارەی پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم دواییە لە سووریا و ئەو هێرشە کتوپڕ و سەرکەوتووەی «دەستەی تەحریری شام» ئەنجامی دا و دەستی بەسەر چەند شاری گەورە و ستراتیژی وەك (حەلەب و حەما)دا گرت، هەروەها بۆ تاوتوێکردن و شرۆڤەکردنی ئەگەرەکانی هەڵکشانی زیاتری دۆخەکە و چڕبوونەوەی دەستتێوەردانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

*** زیاتر لە دەیەیەکە سووریا بووەتە گۆڕەپانی چەندین پێشهاتی بەرچاو، هەر لە شەڕی ناوخۆییەوە، تاوەکو سەرهەڵدانی چەندین ڕێکخراوی توندڕەو و تیرۆریستی لەو وڵاتەدا، وەك داعش، هەروەها بە هۆی چەندین دەستتێوەردانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، لە ئەنجامدا چەند وڵات بە ئاشکرا هێزی سەربازیی خۆیان لەو وڵاتەدا جێگیر کرد. پێش ئەوەی پرسیار دەربارەی نوێترین پێشهاتەکان بکەین، ئایا ئێوە چۆن لە بارودۆخی پێش هەڵکشانە سەربازییەکەی ئەم دواییە لە سووریا دەڕوانن؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە سووریا بۆ ماوەیەك گرفتار بوو بە دەست شەڕی ناوخۆییەوە، بەڵام ئاشکرایە کە کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆیی سووریا بە واتای کۆتاییهاتنی قەیران و تەنگژەی ئەو وڵاتە نەهات. واتە دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە بکەین، کە ڕژێمی سووریا بە سەرۆکایەتیی بەشار ئەل ئەسەد تەنیا توانیبووی نزیکەی لە سەتا ٧٠ی خاکی وڵاتەکەی کۆنترۆڵ بکاتەوە و دەسەڵاتی خۆی تێیدا بسەپێنێت.

*** ئایا مەبەستتان ئەوەیە کە ئەو بەشەی دیکەی وڵاتەکە کە لەژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی ڕژێمی سووریادا نەبوو، بواری ئەوەی دروست کرد، کە گرووپەکانی بەرهەڵستکار و دژ بە ڕژێمەکە، بەتایبەتی دەستەی تەحریری شام بتوانن ئامادەکاریی پێویست بکەن و لە هەمان کاتدا کاتەکە بە گونجاو بزانن بۆ ئەوەی جووڵەیەکی لەم چەشنە بکەن؟**

- پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، نابێت لەم ڕووەوە ئەوە نادیدە بگرین کە کاتێك دەڵێین لە سەتا ٧٠ی خاکی وڵاتەکە لە ژێر دەستی دەسەڵاتەکەی بەشار ئەل ئەسەددا بوو، ئەوا بە تەنیا نەیتوانی ئەم کارە ئەنجام بدات.

**هێزەکانی ڕووسیا لە نێو سووریا، و خودی ڕژێمی ئەو وڵاتە دەستیان کردبوو بە هەڵمەتی بۆردومانکردنی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵات و کۆنترۆڵی حکومەتی سووریا**

**بە هۆی هاتنەئارای هەلومەرجێکی نوێ، حاڵەتێک دروست بوو کە سەری کێشا بۆ ئەوەی پێگەی حزبوڵڵای لوبنانی و تەنانەت پێگەی ئێران لە نێو سووریادا لاواز بوون**

**تورکیا هاندەری ئەم دەستەیە بوو بۆ ئەوەی بوێریی ئەوە بکەن و بریاری ئەوە بدەن کە هێرشێکی لەم چەشنە ئەنجام بدەن**

سوپای سووریا بە تەنیا نەیدەتوانی پارێزگاری لەم ناوچانە بکات، واتە ڕژێمی سووریا تەنیا بە پشتبەستن بە هێزەکانی خۆی نەیتوانی ئەم ئەنجامە بەدەست بهێنێت، بەڵکو لەم کارەیدا پشتبەستوو بوو بەو هاوکاری و یارمەتییانەی کە هەر دوو وڵاتی ئێران و ڕوسیا بۆیان دابین و دەستەبەر دەکرد، سەرباری ئەوەش بەڵام باقی بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە لەژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی وڵاتی تورکیا و کوردەکان و گرووپە یاخیبووەکاندا بوون، بەتایبەت کە دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بە پارێزگای ئیدلیب بکەین کە ٥٠ هەزار چەکداری جیهادی و ئیسلامی لەخۆ دەگرت.

*** ڕووداو و پەرەسەندنەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی سووریا مایەی سەرسوڕمان بوون، ئەوە بوو چەکدارانی دەستەی تەحریری شام هێرشێکی کتوپڕ و بەربڵاو و بەرفراوانیان ئەنجام دا، کە بووە هۆی ئەوەی دەست بەسەر بەشێکی بەرچاوی خاکی ئەو وڵاتەدا بگرن، سوپای سووریاش تووشی شکست و شپرزەیی بووەوە. ئێوە چۆن لەم ڕووداوانە دەڕوانن؟ بە تێڕوانینی ئێوە بۆچی سوپای سووریا تووشی ئەم حاڵەتە بوو؟ ئایا بە هۆی نەبوونی زانیاریی هەواڵگری بوو، یان هۆکارەکەی ئەوە بوو کە سوپایەکی تۆکمە و بەهێز نەبوو؟**

- سەرەتا ئێمە نابێت ئەوە لەبەرچاو نەگرین، کە لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا هەندێ پێشهات هەبوون کە دەبێت ئاماژەیان پێبکرێت، چونکە ئەوەی بەدی دەکرا، ئەوە بوو کە هێزەکانی ڕووسیا لە نێو سووریا، و خودی ڕژێمی ئەو وڵاتە دەستیان کردبوو بە هەڵمەتی بۆردومانکردنی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵات و کۆنترۆڵی حکومەتی سووریا، بەڵام هەرچۆنێک بێت و بە هۆی هاتنەئارای هەلومەرجێکی نوێ، حاڵەتێك دروست بوو کە سەری کێشا بۆ ئەوەی پێگەی حزبوڵڵای لوبنانی و تەنانەت پێگەی ئێران لە نێو سووریادا لاواز بوون، ئەویش بەهۆی گورزەکانی ئیسرائیل لە دژی حزبوڵڵا لەو وڵاتەدا، هەروەها لەلایەکی دیکەوە و بە هۆی سەرقاڵبوونی ڕووسیا بە شەڕەکەیەوە لەگەڵ ئۆکرانیا، کە بووە هۆی ئەوەی نەتوانێت بە هەمان شێوەی پێشتر پارێزگاری لە دەسترۆیشتوویی خۆی بکات لەو وڵاتەدا، کە هەموو ئەمانەش بوونە هۆی ئەوەی کە بەرەی تەحریر ئەل شام سوود لە بارودۆخەکە وەربگرێت و هێرشێکی کتوپڕ و سەرکەوتووانە ئەنجام بدات.



* باس لەوە دەکرێت کە دەستەی تەحریری شام نەیدەتوانی هێرشێکی لەم چەشنە ئەنجام بدات، ئەگەر پشتیوانییەکی بەرچاوی لێ نەکرایە لەلایەن تورکیاوە، ئێوە لەم بارەیەوە ڕاتان چییە؟ بۆچی تورکیا بڕیارێکی لەم چەشنەی دا، یان بواری دا، لەم کاتەدا دەستەی تەحریری شام ئەم ئۆپەراسیۆنە ئەنجام بدات؟

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە دەستەی تەحریری شام پشتگەرم بوون بە تورکیا، یان با بڵێین تورکیا هاندەری ئەم دەستەیە بوو بۆ ئەوەی بوێریی ئەوە بکەن و بڕیاری ئەوە بدەن کە هێرشێکی لەم چەشنە ئەنجام بدەن، بەتایبەتی کە دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە پێشتر بەشار ئەل ئەسەد هەوڵ و کۆششەکانی تورکیای ڕەت کردەوە.

* دەوترێت شڵەژانی دۆخی سووریا و داکشانی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی ڕژێمی سووریا لەو وڵاتەدا و لاوازبوونی پێگەی حزبوڵڵا و گرووپەکانی دیکە کە سەرچاوەی هەڕەشەن بۆ سەر ئیسرائیل، دۆخێک دروست دەکات کە سوودمەندی سەرەکی تێیدا بریتییە لە ئیسرائیل، ئێوە تا چەند لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا هاوڕان؟

- ئەوە ڕاستە کە پێشتریش ئیسرائیل چەندین هێرشی لە نێو خاکی سووریادا ئەنجام داوە و گورزی لە کەسایەتی و ئەندامانی حزبوڵڵای لوبنانی لە نێو سووریادا سرەواندووە، ئێستاش کە دۆخێك لە نێو ئەو وڵاتەدا دروست بووە، کە من هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم، ئیسرائیل سوودمەند بووە لە ڕەوتی ئەو ڕووداوانە لە سووریا.

* ئەوە ئاشکرایە کە دەوڵەتی ئیسرائیل لە نزیکەوە چاودێریی ئەم بارودۆخەی نێو وڵاتی سووریا دەکات، بەتایبەتی کە ئاماژە بەوە کرا، خودی ئیسرائیل، یان هێرش و گورزەکانی هۆکارێك بوون بۆ هاتنەئارای ئەم هەلومەرجە، ئایا پێت وایە ئیسرائیل خۆی بە ناچار بزانێت کە بە چەشنێك دەستتێوەردان بکات کە ڕاستەوخۆ لە دۆخەکەوە تێوەبگلێت؟

- لە ڕاستیدا ئەگەر باس لەوە بکەین کە ئایا ئیسرائیل دەکەوێتە نێو ڕووبەڕووبوونەوە، یان تێوەگلانێکی ڕاستەوخۆ لەم دۆخەوە، ئەوا من پێم وانییە، واتە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە ئیسرائیل ڕابکێشرێتە نێو ئەم شەڕ و ناکۆکییەوە لە سووریا و تێوەبگلێت.

**پێشتریش ئیسرائیل چەندین هێرشی لە نێو خاکی سووریادا ئەنجام داوە و گورزی لە کەسایەتی و ئەندامانی حزبوڵڵای لوبنانی لە نێو سووریادا سرەواندووە**

**ئیسرائیل سوودمەند بووە لە ڕەوتی ئەو ڕووداوانە لە سووریا ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە ئیسرائیل ڕابکێشرێتە نێو ئەم شەڕ و ناکۆکییەوە لە سووریا و تێوەبگلێت**





**دکتۆر عەباس شومان**

**ئەمینداری گشتیی دەستەی گەورە زانایانی ئەزهەر:**

# ئەزموون و خوێندنەوەی سەرۆک بارزانی وەک کەسایەتییەکی گەورەی مێژوویی بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکە ڕوو دەدەن گرنگە

## هاتنی شاندی ئەزهەر پەیوەندیی نێوان زانایانی کوردستان و ئەزهەری شەریفی قووڵتر کردەوە

د.عەبدوڵڵا شێرکاوەیی
ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرسی ڕاگەیاندنی
یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان

یەکێتیی زانایان پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ جیهانی ئیسلامی و ناوەندە ئەکادیمی و ئایینییەکاندا پەیدا کردووە، بەتایبەت لەگەڵ وڵاتێکی وەك میسر و ناوەندێکی گەورەی ئەکادیمیی وەك مەشیخەی ئەزهەری شەریف، تا ڕاددەیەك پەیوەندیی هەردوولا گەیشتووەتە ئاستی ئاڵوگۆڕی زانستی و ڕۆشنبیری و کردنەوەی خولی ئەکادیمی و پەرەپێدانی تواناکان و هاتنی شاندی فەرمی لە مەشیخەی ئەزهەرەوە بۆ کوردستان و، بە پێچەوانەشەوە ڕۆیشتنی شاندی فەرمیی هەرێم بۆ ئەزهەر، کە ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ئاستی زانستیی مەلای کورد و مێژووی پڕ شکۆی گەورە زانایانی کورد کاریگەریی زۆریان لەسەر جیهانی ئیسلامی هەبووە و، فاکتەری پەیوەندیی مێژوویی نێوان هەردوولایان لە ڕووی میراتی زانستی و پابەندبوون بە ڕێڕەوی مەزهەبی ئیمامی شافیعی ڕاگرتووە.

لە ساڵی ٢٠٠٩ و تا ئێستا بە شێوەی پڕۆتۆکۆلی ئەو پەیوەندییە جێگیر کراوە و هەر بەردەوام بووە، لە میانەی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان یەکێتیی زانایان و ئەزهەردا هەبووە، چەندین خولی شیاندن و ئاڵوگۆڕی مەعریفی و گەشەپێدانی توانای مرۆیی لەمەڕ پرسە هاوچەرخەکان بەڕێوە چووە، سەدان مەلای کورد بەشدارییان تێدا کردووە و لێکەوتە و کاریگەریی باشی لەسەر ئاستی پەیوەندیی هەردوولا هەبووە، بە تایبەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی بیری توندڕەوی و بڵاوکردنەوەی پەیامی میانڕەوی و مرۆڤدۆستی و گەشەپێدانی تێگەیشتنی دروست لە چەمکە ئایینییەکان و ڕوونکردنەوەی بابەتی هاوچەرخ و بەرەوپێشبردنی بواری فەتوا و پاراستنی کەلتوور و توراسی زانستیی ڕێبازی گەورە زانایانی ئۆممەتی ئیسلامی.

ئەم جارە شاندێکی باڵای ئەزهەر کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان «دکتۆر عەباس شومان ئەمینداری گشتیی دەستەی گەورە زانایانی ئەزهەر، دکتۆر سەلامە داود سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر، وائل بەخیت جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی جیهانیی دەرچووانی زانکۆی ئەزهەر، ئەحمەد فەوزی بەڕێوەبەری کاروباری دەرەوە لە زانکۆی ئەزهەر»، بە مەبەستی بەشداری لە دیداری زەڵمی و دانیشتن و بەسەرکردنەوەی دەزگا و ناوەندە ئیداری و پیشەیی و ئەکادیمییە ئایینییەکان و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، لە سەرەتای ئەم مانگەوە لە کوردستان بوون. ئەوە مایەی خۆشحاڵی و جێی دڵخۆشییەکی زۆر بوو، چونکە حوزووری ئەم شاندە باڵایەی ئەزهەر لە کوردستان هێمایەکی گرنگە لە قووڵترکردنەوەی پەیوەندیی نێوان زانایانی کورد و زانایانی ئەزهەری شەریف لە لایەك و، پاڵپشتییەکی گەورەشە بۆ درێژکردنەوەی نەهجی مەلای کورد و ناساندنی پتری مێژووی کەڵە زانایانی کوردستان بە ڕووی دەرەوە لە لایەکی دیکەوە، هەروەك هێزێکی دی لە ئاستی ناوەندێکی باڵای ئەکادیمی وەك ئەزهەر دەداتە گوتاری ئایینی لە هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوەی هزری توندڕەوی و قووڵکردنەوەی پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان و میانڕەوی و یەکتر قەبووڵکردن و ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری و ئیبرازکردنی ڕۆڵی کوردستان لە پارێزگاریکردن لە ئایین و مەزهەب و کەلتوور و بەها نەتەوەییەکانی خۆی وەك گەلێکی موسڵمان.

بەڕێوەچوونی چالاکییەکی وا گەورە «دیداری زەڵمی» لە هەولێری پایتەخت و بە بەشداریی ڕاستەوخۆی سەرۆکی هەرێم ڕێزدار «نێچیرڤان بارزانی» ئاماژەیە بەوەی کوردستان شوێنێکی ئارامە و بایەخ بە برایەتی و ئاشتی دەدات و ئەزموونی هەڵکەوتووانی خۆی بەرز ڕادەگرێت. نوێکردنەوەی ئەو پەیوەندییە لەگەڵ زانکۆی ئەزهەر و مەشیخەی ئەزهەر دارشتنەوە و نوێکردنەوەی ئەو هێڵە گرنگەیە کە لە ئایندەدا زانایانی کورد و نووسەر و ڕۆشنبیرانی گەلەکەمان سوودی لێ وەردەگرن، کردنەوەی دەرگایەکی گرنگە بۆ لێك نزیککردنەوەی تەجرەبەی تەوزیفکردنی چەمکە ئایینییەکان و گەشەپێدانی زانستی و فکری و فەرهەنگی و پەیڕەوانی دینداری و بەتایبەت وتاربێژانی کوردستان، بۆ ئەوەی بە سوودوەرگرتن لە ناوەندێکی باڵای وەك ئەزهەر، هزر و تێڕوانینیان فراوان و دووربینانەتر خۆیان ببیننەوە لە گەیاندنی پەیامی ئایینی و مرۆڤدۆستی و پارێزگاریکردن لە ڕێبازی زانستیی زانایانی سەروەرمان.

بۆیە شاندی ناوبراو کە هاتە لای یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان، لە دیدارەکەدا زۆر ڕاشکاوانە پەیوەندیی نێوان هەردوو

**ئاستی زانستیی مەلای کورد و مێژووی پڕ شکۆی گەورە زانایانی کورد کاریگەریی زۆریان لەسەر جیهانی ئیسلامی هەبووە**

**حوزووری ئەم شاندە باڵایەی ئەزهەر لە کوردستان هێمایەکی گرنگە لە قووڵترکردنەوەی پەیوەندیی نێوان زانایانی کورد و زانایانی ئەزهەری شەریف لە لایەك و، پاڵپشتییەکی گەورەشە بۆ درێژکردنەوەی نەهجی مەلای کورد و ناساندنی پتری مێژووی کەڵە زانایانی کوردستان بە ڕووی دەرەوە**

**بەڕێوەچوونی چالاکییەکی وا گەورە «دیداری زەڵمی» لە هەولێری پایتەخت و بە بەشداریی ڕاستەوخۆی سەرۆکی هەرێم ڕێزدار «نێچیرڤان بارزانی» ئاماژەیە بەوەی کوردستان شوێنێکی ئارامە و بایەخ بە برایەتی و ئاشتی دەدات و ئەزموونی هەڵکەوتووانی خۆی بەرز ڕادەگرێت**



**ئەزهەر پێگەیەکی تایبەتی هەیە لە ناو کورددا، هەم بە حوکمی مێژووی پەیوەندی و هەمیش لە کاریگەریی ئەزهەر بە سەر جیهانی ئیسلامییەوە**

دامەزراوەکە بە گرنگ وەسف کرا و، بە یەکێك لە شانازییەکانی هەردوولا لە بواری خزمەت بە ئیسلام و مرۆڤایەتی ناوبرا، تەئکیدیش لەوە کرایەوە کە حوزووری ئەزهەر لەگەڵ زانایانی کورد گرنگە، چونکە ئەزهەر پێگەیەکی تایبەتی هەیە لە ناو کورددا، هەم بە حوکمی مێژووی پەیوەندی و هەمیش لە کاریگەریی ئەزهەر بە سەر جیهانی ئیسلامییەوە، گرنگیی ئەم پەیوەندییە بۆ کوردستان لە پێناو پارێزگاری لە میانڕەوی و نەهێشتنی بە هەڵە تێگەیشتنی ئایین و بە زانستی لێکدانەوەی دەقەکان و ئاڵوگۆڕی زانستی و هەماهەنگی لە پرسە نوێیەکاندا زۆر گرنگە، ئەمەش بۆ ئەوەی زەمینەی وەرگرتن و پێگەی هەرێم لە سەر ئاستی وڵاتانی ئیسلامی زیندووتر بکەوێتە بەرچاوەوە.

هەر لەم سەردانەیاندا بۆ یەکێتیی زانایان بە دەرفەتم زانی بە تایبەت چەند پرسیار ئاراستەی فەزیلەتی دکتۆر عەباس شومان ئەمینداری گشتیی دەستەی گەورە زانایانی ئەزهەر بکەم، سەبارەت بە سەردانیان بۆ هەرێم و تێڕوانینیان لە هەمبەر کوردستان و ڕۆڵی زانایانی کورد و پەیوەندیی نێوان یەکێتیی زانایان و مەشیخەی ئەزهەر و بەشدارییان لە دیداری زەلمی و دامەزراوەی ئەکادیمی و پیشەیی و حکوومی و تەنانەت دیداریان لەگەڵ بەڕێز سەرۆك مەسعود بارزانی، خۆشبەختانە بەم شێوە تێڕوانینی خۆی لەسەر کۆی سەردانەکە و بەشداریی چالاکی و دیدارەکان دەربڕی: «ئێمە زۆر خۆشحاڵین لە کوردستانین و کۆمەڵێك دیدارمان ئەنجام دا. دەبینین پێشکەوتنی گەورە لە هەموو بوارەکاندا هەیە و ئاوەدانی و خزمەتگوزاریی زۆر و باش هەیە، کە سەردانی قەڵای هەولێر و پەیمانگەی ئەزهەر و کۆمەڵێك دامەزراوەی حکوومی و فەرمیمان کرد و گفتوگۆی تێر و تەسەل لەبارەی هەندێ پرس کران، کە لە بەرژەوەندیی گشتی و هەردوولادایە، بەتایبەت لە بواری پەیوەندی و هەماهەنگیی نێوان ئەزهەر و زانایانی کوردستان، بۆیە ئەمڕۆ کە لە یەکێتیی زانایانین و دیداری گرنگمان هەبوو، گفتوگۆی باش کرا و وێنایەکی باشمان بەرچاو کەوت، لەوەی زانایانی کوردستان لە ئاستێکی باشی پێشکەوتندان و بە ئاستێکی بەرزی زانستییەوە هەنگاو دەنێن.

**وێنایەکی باشمان بەرچاو کەوت، لەوەی زانایانی کوردستان لە ئاستێکی باشی پێشکەوتندان و بە ئاستێکی بەرزی زانستییەوە هەنگاو دەنێن**

بە تەئکید ڕۆڵی زانایانی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگ و ئەرێنییە، ئەوەی ئێمە بینیمان بەتایبەت کە بۆیان باس کردین، یەکێتیی زانایان لەوەتەی دامەزراوە، هەوڵی ئەوەی داوە بە دەستەجەمعی کار بکەن، بەتایبەت لە بواری فەتوا، کە ئەمە هەنگاوێکی خوازراوە لەم سەردەمەدا و پێویستییەکی حەتمیی گرنگە بۆ ڕەوشی فەتوا و دۆزینەوەی چارەسەری شەرعی بۆ پرسەکان، دەرکردنی ئەو هەموو بڵاوکراوەیە کە ئێمە بینیمان لە کتێبخانەی یەکێتیی زانایان، بەڵگەی ئەو



ڕاستییەیە کە یەکێتیی زانایان خزمەتی کردووە و توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ شتە نوێ و بابەتە هاوچەرخەکاندا هەیە».

ئەمینداری گشتیی دەستەی گەورە زانایانی ئەزهەر ئاماژەی بەوەش کرد کە: «ئێمە لە کوردستان دیدارێکمان هەبوو لەگەڵ بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی، کە پیاوێکی خاوەن ئەزموونی زۆر و کەسایەتییەکی مێژوویی گەورەیە، دەرفەتێکی گرنگ بوو لە نزیکەوە پێکەوە دانیشتین و گفتوگۆی باشمان کرد، بەتایبەت ئەزموون و خوێندنەوەی ئەو بۆ ئەو ئەزمە و ئالنگاری و گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکە ڕوو دەدەن، گرنگە، بۆیە دیدارەکەمان دیدارێکی بەرهەمدار و مێژوویی بوو، باسی پەیوەندیی نێوان گەلی میسر و گەلی کورد کرا، کە خاڵی هاوبەش و دۆستایەتیی دێرین هەیە و جەخت لە پاراستن و پێشخستنی کرا، کۆمەڵێك بابەتی دیکەی پەیوەست بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی بە گشتی و، ئەو ئەزموون و ئارامی و پێکەوەژیان و هەوڵی بەرەنگاریی بیری توندڕەوی، بەتایبەتی تیشکی خرایە سەر.

گەلی کورد و گەلی میسر پەیوەندیی دێرین و مێژوویی گرنگیان هەیە، کەس نییە ناوی سەرکردەی دیار سەلاحەددینی ئەیووبیی نەبیستبێت، کە فەزڵی بەسەر هەموو ئوممەتی ئیسلامیی بەگشتی و گەلی میسر بەتایبەتی هەیە. پەیوەستیی ئەزهەری شەریف و گەلی میسر بەو سەرکردەیە شتێکی دانەبڕاوە، چونکە سەلاحەددین بوو مەزهەبی ئیمامی شافیعی گەیاندە میسر و بڵاوی کردەوە، ئەوەش دەزانین یەکەمین ڕۆژنامە بە ناوی (کوردستان) لە قاهیرەوە دەرچوو، بۆیە پەیوەندیی نێوان گەلی میسر و گەلی کورد شتێکی کەم و تازە نییە، بگرە ئەمە پێویست بە قسە لەسەرکردن ناکات، چونکە هەر کەس بڕێك شارەزایی و مەعریفەی هەبێت، دەزانێت ئەم پەیوەندییە کۆنە و لە ئاستێکی بەرزدا بووە. لێرەوە تەئکید لە پەیوەندیی نێوان هەردوولا و کوردستان دەکەینەوە و بە دڵنیاییەوە ئەو پەیامەی لێرە وەرمانگرت دەگەیێنینە شوێنی خۆی و لەگەڵ شێخی ئەزهەریش باسی لێوە دەکەین» .

ماوەتەوە بڵێم، ئەم سەردانەی شاندی ناوبراو بۆ کوردستان سەردانێکی ئەرێنی و گرنگ بوو، لە هەمان کاتدا ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە گەیاندنی وێنایەکی جوانی دۆخی هەرێم لە ڕووی ئایینی و زانستی و جیهانبینی و پێکەوەژیان و میانڕەوی و پەیامی ئاشتیخوازییەوە، لە هەمان کاتدا ڕایەڵەی پەیوەندییەکان نوێ دەکاتەوە و دوا جار بە قازانجی زۆر بۆ کوردستان و زانایانی ئایینی تەواو دەبێت و، بەرهەمی تایبەتی بۆ میراتی زانستی و ڕۆشنبیری و ئاڵوگۆڕی تێگەیشتنەکان لە ئایندە دەبێت.

**کەس نییە ناوی سەرکردەی دیار سەلاحەددینی ئەیووبیی نەبیستبێت، کە فەزڵی بەسەر هەموو ئوممەتی ئیسلامیی بەگشتی و گەلی میسر بەتایبەتی هەیە.**

**یەکەمین ڕۆژنامە بە ناوی (کوردستان) لە قاهیرەوە دەرچوو، بۆیە پەیوەندیی نێوان گەلی میسر و گەلی کورد شتێکی کەم و تازە نییە**

د. سەباح سوبحی
ئەندامی لیژنەی نەوت و گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# کێشەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان تا ڕاددەیەکی زۆر بە هەموارکردنەوەی ماددەی ١٢ی یاسای بوودجە چارەسەر دەبێت، بەڵام چارەسەری بنەڕەتی نییە

■

**نەبوونی تەوافوقی سیاسی و بوونی عەقڵییەتی مەرکەزی و ئەجنێندای دەرەکی ڕێگر بووە لە دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی**

■

**بەپێی ماددەکانی ١١١ و ١١٢ ی دەستوور، خاوەندارێتیی نەوتی عێراق بۆ گەل دەگەڕێتەوە**

■

**ئیدارەکردنی ئەو کێڵگە نەوتییانەی کە لە دوای ٢٠٠٥ هەن، بە هاوبەشییە**

پرسی هەمواركردنی بڕگەیەكی ماددەی ١٢ی یاسای بوودجەی فیدراڵی عێراق كە تایبەتە بە تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت و خەمڵاندنی تێچووی بەرمیلێك نەوتی بەرهەمهێنراو لە كێڵگەكانی نەوتی هەرێمی كوردستان بۆ ١٦ دۆلار، پێدەچێت سەرەتایەك بێت بۆ چارەسەرێكی كاتی و دەستپێكردنەوەی هەناردەكردنی نەوتی هەرێمی كوردستان كە نزیكەی ٢٠ مانگە ڕاوەستاوە و نزیكەی ٢٠ ملیار دۆلار زیانی بە داهات و ئابووریی عێراق و هەرێمی كوردستان گەیاندووە. بۆ قسەكردن لەسەر ئەم پرسە و ئەگەرەكانی دەستپێكردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێمی كوردستان لە سەرەتای ساڵی نوێی ٢٠٢٥ دا، گۆڤاری گوڵان دیدارێكی لەگەڵ دكتۆر سەباح سوبحی ئەندامی لێژنەی نەوت و گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساز دا.



**زیانەکانی ڕاگرتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەسەر داهاتی عێراق و هەرێم لە ٢٠ ملیار دۆلار نزیک بووەتەوە**

**هیچ وڵاتێک نییە لە جیهاندا بەرهەمهێنەری نەوت بێت و پاڵپشت بێت بە یەک دەروازە بۆ هەناردەکردنی نەوتەکەی**

**ڕێککەوتن لەسەر ١٦ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆمپانیاکان و حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقیش واقیعییانەیە و وەکو سەرۆک وەزیران لە پەرلەمانی عێراق ئاماژەی پێدا، چارەسەری زۆربەی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەکات**

*** سەرەتای پرسیارەکانمان لە هەموارکردنەوەی بڕگەیەکی ماددەی ١٢ی بوودجەی عێراقی فیدراڵەوە دەست پێ دەکەین. ئایا پێت وایە هەر سێ لایەنی (حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم و کۆمپانیاکانی نەوت) ڕێك دەکەون لەسەر تێچوونی ١٦ دۆلار بۆ بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێك نەوتی هەرێم؟ ئایا ژینگەی سیاسیی ئێستای پەرلەمانی عێراق ڕێگە دەدات ئەم بڕیارەی حکومەتی سوودانی لە پەرلەمان تێپەڕێنرێت؟**

- زیانەکانی ڕاگرتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەسەر داهاتی عێراق و هەرێم لە ٢٠ ملیار دۆلار نزیك بووەتەوە و کاریگەریی خراپیشی کردووەتە سەر نرخی جیهانیی نەوت و زۆر سێکتەری جۆراوجۆری عێراق. لە کات و ساتێکدا ناوچەکە و عێراق و سووریا لەبەردەم ئاڵۆزی و پشێوی و جەنگ و نائارامییەکی مەترسیداردان و ئەگەر ئەم شەڕە هەڵگیرسێت، بوودجە و داهاتێکی زۆری دەوێت و تەنانەت پشتبەستن بە تاکە ڕێگایەکی هەناردەکردنی نەوت کە لە بەندەری بەسراوەیە کارێکی نالۆژیکی و ناعەقڵانییە، بەتایبەت لەگەڵ هەڕەشە و هێرشە مووشەکییەکانی حوسییەکان بۆ سەر کەشتییە بارهەڵگرە نەوتییەکان لە بابولمەندەب لە دەریای عەرەب و دەریای سوور. هیچ وڵاتێك نییە لە جیهاندا بەرهەمهێنەری نەوت بێت و پاڵپشت بێت بە یەك دەروازە بۆ هەناردەکردنی نەوتەکەی، کە لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر مەترسییەکی وەکو جەنگ تووشی کێشە دەبێت، بۆ عێراقیش وایە و بگرە تووشی کورتهێنانێکی گەورەی بوودجەش دەبێتەوە. هەموو ئەم پێشبینی و ئەگەرە ناخۆشانە هۆکارێکن بۆ ئەوەی هەموو ئەو پەرلەمانتارانەی عەرەبی سوننە و شیعە کە لەژێر کاریگەریی ئەجێندای دەرەکی و دژایەتیکردنی کوردستاندان لەناو پەرلەمانی عێراق دەنگیان کپ بێت و هەر هیچ نەبێت، لەم قۆناغەدا و بۆ ماوەیەکی کاتی نەوەکو چارەسەرێکی بنەڕەتی بەو هەموارکردنەوەی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی ڕازی بن و کەمێك دەستبەرداری عەقڵییەتی مەرکەزی بن. ئەو مەرکەزییەتەی ڕێگای نەدا، مادده و بڕگەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق وەکو خۆی جێبەجێ بکرێن، بەتایبەتی ئەو مادده و بڕگانەی کە تایبەتە بە ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان.

بۆیە لە ئێستادا ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق پێشنیارێکی بۆ پەرلەمان بەرز کردووەتەوە، کە تێیدا داوای ڕاستکردنەوەی بڕگەیەکی ماددەی ١٢ی یاسای بوودجە دەکات کە پەیوەندیدارە بە تێچوونی دەرهێنان و گواستنەوەی نەوت بۆ هەموو عێراق بە یەکسانی دانراوە و بەپێی ویستی کۆمپانیاکان نییە، ئەمەش داوای محەمەد شیاع سوودانی بوو لەسەردانیدا بۆ پەرلەمانی عێراق. ڕاستە ئەو بڕە تێچوونەی کە دانراوە نیوەی کەمتری ئەو تێچوونەیە کە کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتدا گرێبەستیان بۆ کردووە، بەپێی گرێبەستی تەشغیلی و خزمەتگوزاری، بە پێچەوانەی کارکردنی گەورە کۆمپانیاکانی نەوت لە عێراقدا، ئەم جیاوازییەش کە ناکۆکی سەرەکیی نێوان هەرێم و بەغدایە کە بەهۆی شێوازی گرێبەست و کارکردنی کۆمپانیاکانی نەوت و واقیعی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم و عێراق دروست بووە، بەتایبەتی تێچوونی بەرهەمهێنانی بەرمیلێك نەوت لە کێڵگەکانی ڕومێلە و بەسرا کە کەمترە لە ٣-٤ دۆلار، هاوکات لە هەندێك کێڵگەی دیکەی نەوت وەکو کێڵگەکانی (گەیارە و ئەحدەب و شەرقی بەغداد) بۆ بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێك نەوت ٢٤ دۆلارە. هەرچۆنێك بێت ڕێککەوتن لەسەر ١٦ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆمپانیاکان و حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقیش واقیعییانەیە و وەکو سەرۆك وەزیران لە پەرلەمانی عێراق ئاماژەی پێدا، چارەسەری زۆربەی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەکات و، پاڵپشتییەکیشە بۆ داهاتی وڵات، خۆ ئەم هەموارکردنەوەیەش ڕێککەوتنێکی کاتییە و وەکو سولفە بۆ بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێك نەوت بۆ کۆمپانیاکان دیاری دەکرێت و لە ماوەی ٦٠ ڕۆژ جێبەجێ دەکرێت و وەکو خەرجی سیادیی جێبەجێ دەکرێت، تا ئەو کاتەی هەردوو وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵی و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی پسپۆڕ و هونەریی بیانی و بێلایەنەوە خەمڵاندنی تێچووی بەرهەمهێنانی (دەرهێنان و گواستنەوە)ی بەرمیلێك

نەوت دەکات. ئەم پێشنیارەی ئەنجومەنی وەزیران جەختی لەسەر دەکاتەوە، بۆ ئەوەیە تاوەکو گەنجینەی نەختینەیی عێراق زیاد بکات و ئەگەر کەمێك کورتهێنانی بێت، چارەسەری بکات، بەمەش کێشەی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر بە هەموارکردنەوەی ماددەی ١٢ی یاسای بوودجە چارەسەر دەبێت، بەڵام چارەسەری بنەڕەتی نییە.

*** یەکێك لە زیانەکانی بەرچاو، بوونی دەنگی ئەو مەرکەزییەتەیە بۆ دەرنەچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی کە واپێ دەچێت لەم خولەی پەرلەمانیشدا ئەم یاسایە تێنەپەڕێنرێت. ئایا ئومێد هەیە، بۆ ئەوەی ئەم یاسایە لەم خولەی پەرلەماندا دەربچێت؟**

- وەکو ئاماژەم پێدا، عەقڵییەتی مەرکەزی و دژایەتیکردنی کورد و هەرێمی کوردستان و ئاخنراو بە ئەجێندای دەرەکیی نەیارانی کورد، هەمیشە وای کردووە، هەرچی ئەو یاسا و ماددە و برگە دەستوورییانە هەیە کە ماف و موستەحەقاتی گەلی کوردستانە لە عێراقدا جێبەجێ نەکرێت. ئەو دەستوورەی بۆ نموونە کە لە چەندین ماددە و برگەدا ئاماژەی بە نامەرکەزی و بەڕێوەبردنی هاوبەشی کێڵگە نەوتییەکان داوە، لە نێوان مەرکەز و هەرێم و پارێزگاکاندا، لەمەشدا هەر مافی هەرێمی کوردستان پێشێل نەکراوە، بەڵکو سەرجەم ئەو پارێزگایانەی نەوتیان لێ بەرهەم دەهێنرێت، لە پێشیانەوە پارێزگای بەسرایە کە مافەکانیان خوراوە، لە کاتێکدا دەبێت بە پێی یاسا هەرێم سەرجەم مافەکانی گەڕان و پشکنین و دەرهێنان و گواستنەوە و فرۆشتنی هەبێت. بۆیە من پێم وایە دەرچوونی (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی) بە هاوبەشی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ تاکە ئومێدە بۆ چارەسەری بنەڕەتیی کێشەی هەڵپەسێردراوی نەوت و گاز لە عێراقدا، ئەم کێشەیەش لە ٢٠٠٧ـەوە درێژەی هەیە. ئەو کاتە لەلایەن وەزارەتی نەوتی فیدراڵەوە پرۆژە یاسایەك گەڵاڵە کرا و ئەو کاتەش بە هەوڵ و کۆششی هەموو کورد ڕێگری لەوە کرا، ئەو پرۆژە یاسایە بۆ پەرلەمان بەرز بکرێتەوە، چونکە زۆر مەرکەزی و بە ڕۆحیەتی پێش ٢٠٠٣ و ڕووخانەکەی دیکتاتۆریەت نووسرابوو. بۆیە ئەو کاتیش بە هۆی نەبوونی تەوافوقی سیاسی نەتوانرا، یاسایەکی گشتگیری نەوت و گازی فیدراڵی دەربچێت. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق کەمتر لە ساڵێکی ماوە و دەبێت هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق ئەنجام بدرێت و لەبەر بوونی زۆرینەیەکی بەرهەڵستکار لەماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لەناو پەرلەمانی عێراق و لەگەڵ هەڵکشانی بارگرژی و ناکۆکییەکانی سووریا و ئیسرائیل و ئەگەرێکی زۆری تێوەگلانی عێراق لەو ناکۆکیی و پشێوییانەدا، ئەوا بە تەئکید لەم خولەی پەرلەمانی عێراق دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵ بە ئەستەم دەبینم، بەتایبەتی هەردوو وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ و وەزارەتی دارایی و زۆر لە پەرلەمانتارانی عەرەب لە زۆربەی دۆسێکاندا بە شێوەیەکی نادەستووری و نایاسایی بەرانبەر هەرێمی کوردستان دەجووڵێنەوە، لەکاتێکدا بەپێی ماددەی ١١١ و ١١٢ی دەستووری کە بە ڕوونی هاتووە: «خاوەندارێتیی نەوتی عێراق بۆ گەل دەگەڕێتەوە..»، هەروەها ئیدارەکردنی ئەو کێڵگە نەوتییانەی لە دوای ٢٠٠٥ هەن، بە هاوبەشییە. هەرچۆنێك بێت بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکان پێویستی بە یاسایەکی گشتگیر و ڕێکخستنەوە هەیە.

*** هەر سەبارەت بە وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ، وەکو ئەندامێکی لێژنەی نەوت و گاز لە پەرلەمانی عێراق لە کۆتاییەکانی مانگی ڕابردوو لەگەڵ شاندێکی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان سەردانی وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵتان کرد. ئایا لە گفتوگۆکاندا توانیتان بەشێك لە مافەکانی هەرێمی کوردستان لە نەوتی سپیی پاڵێشتیکراو و بەنزین و غاز بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکەن؟**

- بەندە لەگەڵ سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندێکی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان سەردانی وەزارەتی نەوتی فیدراڵیمان کرد و لەلایەن عەلی مەعارج بریکاری وەزارەتی نەوت بۆ

**دەبێت بە پێی یاسا هەرێم سەرجەم مافەکانی گەڕان و پشکنین و دەرهێنان و گواستنەوە و فرۆشتنی هەبێت**

**دەرچوونی (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی) بە هاوبەشی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ تاکە ئومێدە بۆ چارەسەری بنەڕەتیی کێشەی هەڵپەسێردراوی نەوت و گاز لە عێراقدا**

**هەردوو وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ و وەزارەتی دارایی و زۆر لە پەرلەمانتارانی عەرەب لە زۆربەی دۆسێکاندا بە شێوەیەکی نادەستووری و نایاسایی بەرانبەر هەرێمی کوردستان دەجووڵێنەوە**

**پشتبەستن بە ڕێژەی سەرووی لە ٩٥٪ی داهاتی عێراق لە ڕێگەی داهاتێکی تاکە سەرچاوەی نەوتەوە، ئەمە نەک تەنیا هەڵەیەکی گەورەیە، بەڵکو مەترسیدار و کوشندەشە**

کاروباری دابەشکردن کە هاوکات بەڕێزیان وەزیرە بە وەکالەت پێشوازیمان لێکرا و، توانیمان بڕی ٥٠ ملیۆن لیتر لە نەوتی سپیی پاڵپشتیکراو بۆ خێزانەکانی هەرێمی کوردستان دابین بکەین، کە بڕیارە بەم نزیکانە بنێردرێت، هەروەها بەڵێنیشیان دا، کە دوای ١٥ ڕۆژ بڕێك لە بەنزینی پاڵپشتیکراو بۆ هەرێمی کوردستان بنێرن، ئەمەش دوای چاکبوونی بارودۆخی خستنەڕووی بەنزین لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، چونکە لە ئێستادا پاڵاوتگەی (کەربەلا) کێشەی هەیە و هاوکات بەشێك لە پاڵاوتگەی (بێجی) کار ناکات، هەموو ئەمانە وایان کردووە، ئەو دوو پاڵاوتگە سەرەکییە بە هەموو توانای خۆیان کار نەکەن و زیادەی بەنزینیان نەبێت، بۆیە عێراق بە ناچاری بەشێك لە بەنزین بەتایبەتی بەنزینی موحەسەن لە دەرەوە هاوردە دەکات، خۆ ئەگەر ماددەی ١٢ لە یاسای بوودجەی عێراقی فیدراڵ هەموار بکرێتەوە و نەوتی دەرهێنراو و بەرهەمهێنراوی هەرێمی کوردستان بە بۆری نەوت ڕەوانەی دەرەوە بکرێتەوە، یان لە نێوخۆدا بۆ پێداویستیی ناوخۆ بەکاربهێنرێت، ئەو کات حکومەتی عێراق دەبێت پابەند بێت بە ناردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە نەوتی سپی و بەنزین و تەنانەت غازی ماڵانیش، ئێ خۆ ناکرێت گوێبیستی ئەو دەنگە نەخۆشانەی هەندێك لە پەرلەمانتاران و سیاسەتمەداران بین کە خواست و ویستیان وایە حکومەتی عێراق مامەڵەی پارێزگایەك لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات و ڕەچاوی مافە ئابووری و داراییەکانیشمان نەکرێت.

*** لە میانەی قسەکانتدا باسی ئەوەت کرد، بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکان پێویستی بە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنێکی عەقڵانی هەیە.**



**ئایا تا چەند دۆسیێی نەوت لە عێراقدا بە شەفافییەت و ئابوورییانە بەڕێوەدەبرێت؟**

- کەرتی نەوتی لە عێراقدا بەپێی یاسایەکی گشتگیری بۆ خزمەتکردنی گەلانی عێراق بەڕێوەنابرێت، تەنانەت هەر خۆی لەخۆیدا پشتبەستن بە ڕێژەی سەرووی لە ٩٥٪ی داهاتی عێراق لە ڕێگەی داهاتێکی تاکە سەرچاوەی نەوتەوە، ئەمە نەك تەنیا هەڵەیەکی گەورەیە، بەڵکو مەترسیدار و کوشندەشە، ئەمە وێڕای ئەوەی لەم کەرتەدا وەکو سەرجەم کەرتەکانی دیکە لە عێراق گەندەڵی و قۆرخکاری تێدایە، بەپێچەوانەی کوردستانەوە کە تا ڕادەیەکی زۆر باش و بەرز بە شەفافییەت بەڕێوەدەبرێت و کۆمپانیای دیلۆت بە ڕێکوپێکی دۆسیێی نەوت بەڕێوە دەبات. لەم ڕوانگەیەوە پێویستیمان بە یاسایەکی گشتگیر و پێشکەوتوو هەیە، کە بە هەماهەنگی لەنێوان هەر دوو حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان دابڕێژرێتەوە و ڕەچاوی ئەو پارێزگایانەش بکرێت کە کێڵگەکانی نەوت و پاڵاوتگەکانیان تێدایە کە ڕووبەڕووی پیسبوونی ژینگە دەبنەوە و زیان و مەترسیی تەندروستی و ژینگەیی و هەڵکشانی نەخۆشی شێرپەنجەی تێدا زۆر بەرزە. دەبێت لە مەلەفی نەوتدا ڕەچاوی فیدراڵییەت و هەرێمی کوردستان بکرێت، نەوەکو کەمتر لە پارێزگایەکیش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. دواجار بە هەموو حیساباتێك دەبێت دۆسیێی نەوت و گازی سرووشتی بە شێوازێکی بنەڕەتی چارەسەر بکرێت، کە ئەو بە شێوازی بنەڕەتییەش ماوەیەکی زۆری پێدەچێت، تاوەکو کۆتایی بە عەقڵییەتی خراپەکاری لە بەڕێوەبردنی نەوت و گاز و کارەبا لە عێراقدا بهێنرێت.

**دەبێت لە مەلەفی نەوتدا ڕەچاوی فیدراڵییەت و هەرێمی کوردستان بکرێت، نەوەکو کەمتر لە پارێزگایەکیش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت**





**هۆژدار مستەفا**

**مامۆستا لەبەشی دارایی و بانکی کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری لە زانکۆی سەڵاحەدین بۆ گوڵان:**

# هەژماری من ستایلێکی نوێیە لەگەڵ پێشکەوتنە دارایی و بانکییەکانی سەردەمدا دەگونجێت

# گۆڕینی شێوازی مامەڵەکردنی نەختینەیی واقیعێکی مێژوویی و وەرچەرخانێکە بەرەو بەدیجیتاڵکردنی حکومەت

## هەژماری من سەرەتایەکە بەرەو خزمەتگوزارییەکی زۆری بانکی و کۆتاییهاتن بە مامەڵەی کاش

هەژماری من، بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم مامەڵەکردنی کلاسیکی کاشی پێدانی پارەی مووچەخۆران و هەنگاونان بەرەو بەئەلیکترۆنیکردنی کەرتی نەختینەیی و بە دیجیتاڵکردنی بانکەکان و گرنگیی بەکارهێنانی هەژماری من و جیاوازی لەگەڵ تەوتین، تەوەرەی سەرەکیی دیداری گۆڤاری گوڵان بوون، لەگەڵ هۆژدار مستەفا، مامۆستا لەبەشی دارایی و بانکی لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

* با سەرەتای پرسیارەکەمان لەوەوە دەست پێبکەین، وەکو مامۆستایەکی شارەزا لە بواری دارایی و بانکی، ئایا پێتوایە تا چەند گرنگ بوو هەنگاونان بەرەو «هەژماری من» و تا چەند ئەم شێوازە نوێیە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم و چاکسازییە دارایی و بانکییەکاندا گونجاوە؟

- بابەتی هەژماری من و گۆڕانکاریی لە شێوازی مامەڵەکردنی کلاسیکی و کۆنی کاش و بۆ بەکارهێنانی کارتی بانکی و ئەلیکترۆنیکردنی مامەڵە بازرگانی و بانکییەکان، بووەتە واقیعێکی نوێی پێشکەوتن و گۆڕانکارییە خێرا و بەردەوامەکان، بەدەر لە ناکۆکیی حزبی و مامەڵەیەکی سیاسییانە لەگەڵ بابەتە ئابووری و داراییەکان، پێویستە ئێمەی شارەزایانی دارایی و بانکی خوێندنەوەی زانستی و ڕووناکبیریمان بۆ پرس و گۆڕانکارییە نوێیەکان هەبێت. با سەرەتا کەمێك لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە و بۆ ئەو سەردەمانە بچینەوە کە مرۆڤ لە کۆمەڵگە و شارستانییەتەکاندا مامەڵەی ئاڵوگۆڕی شمەك بە شمەکیان دەکرد، دواتر ئەم مامەڵەیە گۆڕدرا بۆ مامەڵەکردن بە دراوی کانزایی و کاغەزی و چەندین بیردۆزیی جۆراوجۆر گۆڕانکارییان بەسەردا هات. هەموو ئەم گۆڕانکارییە نەختینەیی و شێوازی مامەڵە دارایی و بانکییانە لە دوو خاڵی مێژووییدا خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم: بناغەیەکی مێژوویی لەسەر گۆڕانکاریی لە مامەڵەکردنی نەختینەیی هەیە.

دووەم: زەرووڕەتی پێداویستیی مێژوویی دروستی کردووە.

واتە هەموو گۆڕانکارییەکی مامەڵەکردنی نەختینەیی بۆ ئەو مێژووە و پێداویستییە دەگەڕێتەوە کە قۆناغ و سەردەمەکە سەپاندوویەتی و مرۆڤ ناچار بووە بە دوای شێوازی نوێی هاوچەرخانە و پێشکەوتووتردا بگەڕێت، هەروەکو چۆن لەم سەردەمەی گۆڕانکارییە خێرا و گەورە و فراوانەکانی دنیادا مرۆڤەکانی ناچار کردووە، ڕوو لە شێوازی نوێی مامەڵەی جیاواز لە کاش بکەن، چونکە بەکارهێنانی دراوی کاش چ لە ڕووی

**بەدەر لە ناکۆکیی حزبی و مامەڵەیەکی سیاسییانە لەگەڵ بابەتە ئابووری و داراییەکان، پێویستە ئێمەی شارەزایانی دارایی و بانکی خوێندنەوەی زانستی و ڕووناکبیریمان بۆ پرس و گۆڕانکارییە نوێیەکان هەبێت**

تەندروستی و چ لە ڕووی ژمارە و خێرایی و قەبەیی دراو و ئەگەرەکانی مەترسیی دزین و دڕان زیانی هەیە و گەندەڵی و شەفافییەت و سپیکردنەوەی پارە و چەندین تاوانی دیکەی نەرێنی وای کردووە، مامەڵەی کاش لە توانایدا نەبێت لەگەڵ واقیعە نوێیەکەی جیهاندا بگونجێت، بۆیە بە ناچاری بێت، یان بە خواستی خۆمان بێت، دەبێت دواجار بەرەو سیستمی ئەلیکترۆنی هەنگاو بنێین، کە ئەو سیستەمە لەگەڵ بەدیجیتاڵکردنی حکومەت و حوکمڕانییەکی باشدا دەگونجێت، فەرمانبەرانیش بە شێوەیەکی پێشکەوتوو مووچەکانیان دەدرێت و لە قۆناغەکانی دواتردا چەندین خزمەتگوزاریی دیکەی دیجیتاڵی بۆ مووچەخۆرەکە و ئەو کەسەی مامەڵە بە هەژماری من دەکات، لەخۆ دەگرێت، چ لەڕێگەی خزمەتگوزارییە بانکی و داراییەکانەوە بێت،یان لەڕێگەی بەکارهێنانی کارتەکە بێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەو مامەڵانەی پێویستیان بە پێدانی ڕسومات و باج و پارەدان هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە وا پێویست دەکات، حکومەت و کۆمپانیا تایبەتییەکان و خەڵك، ستایل و شێوازی دارایی خۆیان لەگەڵ ئەو ستایلە داراییە جیهانییە بگۆڕن، کە ئێستا لەئارادایە. ئێستا هەموو مامەڵە بازرگانییەکانی جیهان بەرەو ئەوە دەچێت، مامەڵەکان لە ڕێگەی بانك و کارتە داراییەکانەوە ئەنجام بدرێت، بێ ئەوەی دەستی بەر کاش بکەوێت، یان هەر لە چوارچێوەی مامەڵە و کردارێکی کلاسیکی کۆندا بمێننەوە. من وەکو کەسێکی شارەزا لە بواری دارایی و بانکی زۆر پاڵپشتیی ئەو جۆرە هەنگاو و چاکسازییانە دەکەم کە لەگەڵ واقیعی ژیان و پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی و پێداویستییەکانیدا دەگونجێت و نییەتێکی خێری لەگەڵدایە، بەدەر لەوەی بیرۆکەی ئەم کارە گەورەیە لەلایەن کێوە بووە کە جێبەجێ دەکرێت، من لەگەڵ ئەو ستایلە داراییە نوێیەم کە ئێستا لەناو ژیاندا هەیە.

*** باشە ئەگەر هەژماری من پێداویستیی ئەم سەردەمەیە و ستایلێکی پێشکەوتووە و ئەم واقیعە نوێیەی ستایلی ژیان هێناویەتە پێشەوە، ئەی بۆچی لێرەو لەوێ کەوتووەتە بەر ڕەخنە و نارەزایەتی؟**

- بەلاڕێدابردنی ئەم بابەتە و دروستکردنی گومان دوور لە ڕوانگە زانستی و پێداویستییە سەردەمییانەکەوە، زیانگەیاندنە بە خەڵکی هەرێمی کوردستان و هەموو پرۆژەیەکی گۆڕانکاریی لەناو ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگە، بۆیە نابێت بە هیچ شێوەیەك خەڵكانی پسپۆڕ ڕێگا بدەن، ئەم پرسەی پەیوەندیدار بە خزمەتگوزاریی بانکی و دارایی و نەختینەییەوە بکەوێتە نێو ململانێی حزبایەتی و ئایدیۆلۆژیای بیری تەسکی سیاسییەوە، لە سادەترین وێستگەدا ئێمە باسی کێشەی کەمیی سیولە و دواکەوتنی کەرتی بانکی و بوونی قەرەباڵغیی بەردەم بانکەکان و دڕان و تەزویر و نەخۆشی لە بەکارهێنانی پارەی کاش دەکەین، کەچی دژی بەکارهێنانی هەژماری من ڕادەوەستینەوە، لە کاتێکدا بەکارهێنانی کارت لە دنیای پێشکەوتوودا بە دەیان خزمەتگوزاریی لە ڕێگەیەوە پێشکەش دەکرێت و لە هەموو ئەو گرفت و کێشانە ڕزگارمان دەکات. زۆرجار هەیە پرۆژەیەکی زۆر زۆر باش دەردەکەوێت و پێداویستییەکی سەردەمەکەیە و بۆ خۆشگوزەرانی و کارئاسانیی هاووڵاتیانە، بگرە لەگەڵ واقیعی گۆڕانکارییە خێرا و بەردەوامەکانی ژیانی کۆمەڵگەی پێشکەوتووی جیهاندا دەگونجێت، کەچی دەکەوێتە نێو بیروبۆچوونی ململانێی حزبی و سیاسیی واوە، تەنیا لەبەر ئەوەی لایەنێکی سیاسی پێشکەشی دەکات و یان جێبەجێی دەکات و بانگەشەی بۆ دەکات، لایەنی بەرانبەر لە چوارچێوەی ململانێی ناعەقڵانییەوە سەرتاپای پرۆژەکە دەخاتە بەر توانج و ڕەخنەی بێ بنەما و نازانستی و دژایەتیکردنی سەرتاپاگیری پرۆژەکەوە. ئاساییە حزبەکان تێڕوانینی جیاوازیان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات هەبێت، بەڵام ئاسایی نییە لەسەر پرۆژە و پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و پێشکەوتنەکانی سەردەم تێڕوانینەکان بە ئاراستەی دژایەتیکردنی یەکتر بێت، هەژماری منیش پێویستییەکە بۆ چارەسەرکردنی دەیان گرفتی نەختینەیی و بانکی.

*** ئەگەر پرۆسەی هەژماری من وەرچەرخانێکە بەرەو بەئەلیکترۆنیکردنی کەرتی دارایی و بانکی ئەی بۆچی چەند لایەنێکی سیاسی لە کوردستاندا زیاتر پاڵپشتیی تەوتین دەکەن؟**

- وەکو ئاماژەم پێدا دژایەتیکردنی هەژماری من زیاتر لەناو قاڵبی حزبایەتی و ململانێی سیاسییەکاندایە، کە زۆربەی جار بۆ بەرژەوەندیی

**گەندەڵی و شەفافییەت و سپیکردنەوەی پارە و چەندین تاوانی دیکەی نەرێنی وای کردووە، مامەڵەی کاش لە توانایدا نەبێت لەگەڵ واقیعە نوێیەکەی جیهاندا بگونجێت**

**ئێستا هەموو مامەڵە بازرگانییەکانی جیهان بەرەو ئەوە دەچێت، مامەڵەکان لە ڕێگەی بانک و کارتە داراییەکانەوە ئەنجام بدرێت**

**نابێت بە هیچ شێوەیەک خەڵکانی پسپۆڕ ڕێگا بدەن، ئەم پرسەی پەیوەندیدار بە خزمەتگوزاریی بانکی و دارایی و نەختینەییەوە بکەوێتە نێو ململانێی حزبایەتی و ئایدیۆلۆژیای بیری تەسکی سیاسییەوە**

**ئاساییە حزبەکان تێڕوانینی جیاوازیان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات هەبێت، بەڵام ئاسایی نییە لەسەر پرۆژە و پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و پێشکەوتنەکانی سەردەم تێڕوانینەکان بە ئاراستەی دژایەتیکردنی یەکتر بێت**

حکومەتی عێراقە زیاتر، یان نایانەوێت ئەم پڕۆژەیە ببێتە دەستکەوتێکی حوکمڕانیی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو، ئەگینا لە هەژماری من کۆمەڵێك خزمەتگوزاریی بانکی و دارایی پێشکەش دەکرێت و سەرەتایەکیش دەبێت بۆ دەستبەرداری مامەڵەکردن بە کاش، ئەمە هیچ زیانێکی بۆ مووچەخۆران و فەرمانبەران نییە. ڕەخنەی جددی ئەوەیە لە هەژماری من بانکی ئەهلی پێی هەڵدەستێت، لە کاتێکدا لە هەموو دنیای پێشکەوتوو بانکی تایبەت بەم کارە هەڵدەستێت و ڕۆڵی بانکە حکوومییەکان لاوازە و تەنیا بانکی ناوەندی خاوەندارێتی دەوڵەتە و جگە لە کۆمەڵێك ئەرکی دارشتنی نەختینەیی، هاوکات مۆڵەت و چاودێری و بەدواداچوونی بۆ سەرجەم کاری بانکە ئەهلییەکانیش هەیە، ئێ خۆ لە پڕۆژەی تەوتین ٤٣ بانك هەیە کە تەنیا ٣ بانکیان حکوومین، ئەوانیش بانکەکانی (ڕەشید، ڕافیدەین و تی بی ئای)ـن و تەنیا تی پی ئای بناغەیەکی بەهێزی هەیە، بانکەکانی ڕافیدەین و ڕەشید بناغەیەکی تەکنەلۆژیا و کارای ئەوەندە بەهێزیان نییە، ئەو پرۆسەیە بە خۆیان بکەن، ئەوانیش گرێبەستیان لەگەڵ ٤٠ بانکی ئەهلیی هەیە بۆ بەڕێوەچوونی ئەم کارە. لەلایەکی دیکەوە لە دادگای فیدراڵی بڕیار دراوە کە بانکە ئەهلییەکانیش دەتوانن لە پڕۆژەی تەوتین یان هەژماری من لە عێراقدا کاربکەن. لە هەژماری من بانکەکان ئەهلین و فەرمانبەرەکان ئازادن بەوەی چ بانکێك هەڵدەبژێرن، بەڵام لە تەوتین یەك وەزارەت هەموو فەرمانبەرەکانی لە ڕێگەی یەك بانکەوە مووچەکانیان وەردەگرن، خۆ ئەگەر بەغدا بەنیاز نەبێت پارە بۆ مووچە بنێرێت، هیچ پەیوەندی بە هەژمار و تەوتینەوە نییە.

*** ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێشخستنی پڕۆژەی هەژماری من و پێشخستنی بواری کارتی بانکی و کۆتاییهاتن بە مامەڵەی کاش و خزمەتکردنی مووچەخۆران لە پرۆسەی هەژماری من و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەموو پڕوپاگەندە و دژایەتیکردنە چییە؟**

- وەرچەرخانی نەختینەیی و هاتنە پێشەوەی ستایلی نوێی مامەڵەکردن لە کاشەوە بۆ ئەلیکترۆنیکردن کارێکی وا ئاسان نییە. ئەرکی حکومەت لەم قۆناغەدا زۆر قورس دەبێت، بەوەی ئەم پڕۆژەیە بە باشی بهێنرێتە بەر گوێی تاکی کورد و لە ململانێی حزبایەتی و ناکۆکیی لایەنە سیاسییەکان ڕزگار بکرێت و بکرێتە پڕۆژەیەکی نیشتمانی و دنیای دەرەوە بە هاونیشتمانیان بناسرێنرێت، کە چۆن پێشکەوتووە و کۆتایی بە مامەڵەکردنی کاش هێناوە و پارەی کاش بووەتە هۆکارێك بۆ گواستنەوەی پەتا و نەخۆشی و تەنانەت بۆ چاودێری و بەدواداچوونی تاوانەکانی سپیکردنەوەی پارە و دزی و ساختەکاری و تەزویر و دەیان گرفتی دیکە گرنگیی لە ڕاددە بەدەری هەیە، باشە ئەگەر ئێمە باسی حکومەتی دیجیتاڵی و بەئەلیکترۆنیکردنی مامەڵەکان و ڕسوماتەکان و پێشکەوتنە بانکییەکان بکەین، ئیتر چۆن دەبێت مامەڵە بە کارتی بانکی و ئەلیکترۆنیکردنی نەختینەیی نەکەین؟ ئەمڕۆ نەك تەنیا ئامێرەکانی (ATM) پێویستە بەکار بهێنین، بەڵکو مامەڵەکردن بە سیستەمی (POS) پێویستە و لە هەموو مۆڵ و شوێنێکی گشتی پارەدان دەبێت بکەینە ئەلیکترۆنی، لەلایەکی دیکەوە خۆ نابێت هەر پارە لە شوێنێك پاشەکەوت بکرێت، یان دابنرێت کە کار و وەبەرهێنانی پێ نەکرێت و، وەکو پاشەکەوتێکی مردوو لە هیچ مامەڵە و وەبەرهێنانێکدا سوودی لێوەرنەگیرێت. پێویستە حکومەت بودجەیەکی هوشیاری بۆ ئەم بوارە بەگەڕ بخات، کۆمپانیا و بانکە ئەهلییەکانیش ناچار بکات ڕێکلام بۆ هەژماری من بکەن. هاوکات زۆر لە پێدانی ڕسوماتەکانی کارەبا و ئاو و شارەوانی و هاتوچۆ و تەنانەت باجی گومرگی بە شێوەی ئۆنلاینیش بدرێت، ئەم پرۆسەیە ماوەیەکی کەمی پێدەچێت و هاووڵاتیان لە ڕێگەی ئەم کارتانەوە دەست بە جێبەجێکردنی مامەڵەکانیان دەکەن و شارەزایی لەسەر پەیدا دەکەن و بارگرانی و قورساییش لەسەر بانکە حکوومییەکان و دامودەزگاکان کەم دەبێتەوە و مامەڵەکان دەبنە دیجیتاڵی. ئەمڕۆ لە ڕێگەی زیرەکیی دەستکردەوە دەتوانین هەنگاوەکانمان خێراتر بکەین و پڕۆژەیەك کە پێشتر چەندین ساڵی پێویست بوو، لە ئێستادا بە ئاسانتر و خێراتر و باشتر جێبەجێ بکرێت. بۆ نموونە لە ڕێگەی زیرەکیی دەستکردەوە زانیاریی باش و داتا و ئامار و پلان و بەرنامەی ڕێکوپێکت پێشکەش دەکات و دەکرێت لە پڕۆژەی هەژماری من سوودی لێوەربگرین.

**لە پڕۆژەی تەوتین ٤٣ بانک هەیە کە تەنیا ٣ بانکیان حکوومین، ئەوانیش بانکەکانی (ڕەشید، ڕافیدەین و تی بی ئای)ـن و تەنیا تی پی ئای بناغەیەکی بەهێزی هەیە**

**ئەگەر بەغدا بەنیاز نەبێت پارە بۆ مووچە بنێرێت، هیچ پەیوەندی بە هەژمار و تەوتینەوە نییە**

**پێویستە حکومەت بودجەیەکی هوشیاری بۆ ئەم بوارە بەگەڕ بخات، کۆمپانیا و بانکە ئەهلییەکانیش ناچار بکات ڕێکلام بۆ هەژماری من بکەن**

**ئەمڕۆ لە ڕێگەی زیرەکیی دەستکردەوە دەتوانین هەنگاوەکانمان خێراتر بکەین و پڕۆژەیەک کە پێشتر چەندین ساڵی پێویست بوو، لە ئێستادا بە ئاسانتر و خێراتر و باشتر جێبەجێ بکرێت**




# هەرێمی کوردستان لە نێو گێژاوی جیۆپۆڵیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست






**پ.ی.د. ساسان حیکمەت عەلی**
پسپۆری بواری جیۆپۆلیتیک
بۆ گوڵانی نووسیوە

بەشی یەکەم

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هۆی شوێنە جوگرافییەکەی و بوونی فرەنەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و دەوڵەمەندی بە سەرچاوە سرووشتییەکانی نەوت و گاز تێیدا، وای کردووە بە سیاسەت و ئابووری و ململانێی هەرێمی و جیهانییەوە گرێدرابێت.

بەردەوامیی جەنگی غەززە و دواتر کشانی بەرەو لوبنان، پێشبینی دەکرێ ڕووبەڕێکی

**کۆماری ئیسلامیی ئێران سوود له گرووپه چەکدارەکان دەبینێت و نایەوێت ئەو باڵادەستییەی لە ناوچەکەدا هەیەتی لە دەستی بدات**

**هێرشە مووشەکییەکانی گرووپە چەکدارەکان بۆ سەر ئیسرائیل، وای لێ چاوەڕوان دەکرێ، لێکەوتەی مەترسیداری بۆ سەر عێراق لێ بکەوێتەوە، کە باجەکەی جگە لە تێکچوونی دۆخی ئاسایشی عێراق، بگرە دارمانی ئابووریشی لێ دەکەوێتەوە**

**کۆماری ئیسلامیی ئێران وای دەبینێت، وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل هەوڵی گۆشەگیرکردنی دەدەن، بۆیە هەوڵ دەدات لە ڕێگای گرووپەکانی مەقاوەمەوە لە ناوچەکەدا و بە بەکارهێنانیان لە دژی ئیسرائیل گوشاریان لەسەر دروست بکات**

**بە سەرکەوتنی کۆمارییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاتنەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆ کۆشکی سپی، ئێران ڕووبەڕووی گوشاری زیاتر دەبێتەوە**

جوگرافیایی فراوانتر لەخۆ بگرێت، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش وەکوو لایەنێکی جەنگەکە بۆ پارێزگاریکردن لە ئاسایشی خۆی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەکتەرە سەرەکییەکان و هێزە گەورەکان لە ناوچەکەدا سوود لە گرووپە چەکدارەکان دەبینێت و نایەوێت ئەو باڵادەستییەی لە ناوچەکەدا هەیەتی لە دەستی بدات، بەتایبەتی سووریا کە گرنگییەکی جیۆپۆلیتیکی هەیە لە گەیشتنی ئێران بە ناوچەی دەریای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی نزیك، ئەمە جگە لەوەی لەناوچوونی ڕژێمی ئێستای سووریا بە واتای لە ناوچوونی میحوەری مەقاومە و حزبوڵڵای لوبنان و هەڕەشەی ڕاستەوخۆیە لەسەر ئاسایشەکەی.

سالی (٢٠١١) کاتێك باراك ئۆباما بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لە عێراق دا، ئەنجامەکەی هاتنی داعش بوو لە سالی (٢٠١٤) و دەستبەسەرداگرتنی بەشێکی زۆری خاکی عێراقی لێکەوتەوە لەلایەن ئەم ڕێکخراوەوە، لە بەرانبەردا بە پاڵپشتیی ئێران کۆمەڵە گرووپێکی میلیشیایی لە چوارچێوەی حەشدی شەعبی کۆکرانەوە، کە دواتر بوونە هێزێکی یاسایی و لە ئێستاشدا ڕۆڵێکی گەورەی لە کایەی سەربازی و سیاسی لە عێراقدا هەیە، هەر ئەمەش وای کرد، هەژموونی ئێران لە عێراقدا زیاتر بێت و ئەکتەری سەرەکی لە عێراقدا ئێران بێت، لە ئێستاشدا هێرشە مووشەکییەکانی گرووپە چەکدارەکان بۆ سەر ئیسرائیل، وای لێ چاوەڕوان دەکرێ، لێکەوتەی مەترسیداری بۆ سەر عێراق لێ بکەوێتەوە، کە باجەکەی جگە لە تێکچوونی دۆخی ئاسایشی عێراق، بگرە دارمانی ئابووریشی لێ دەکەوێتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران وای دەبینێت، وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل هەوڵی گۆشەگیرکردنی دەدەن، بۆیە هەوڵ دەدات لە ڕێگای گرووپەکانی مەقاوەمەوە لە ناوچەکەدا و بە بەکارهێنانیان لە دژی ئیسرائیل گوشاریان لەسەر دروست بکات، بەڵام بە سەرکەوتنی کۆمارییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاتنەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆ کۆشکی سپی، ئێران ڕووبەڕووی گوشاری زیاتر دەبێتەوە، هەروەك پێشتریش لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا ئابووریی ئێران تووشی داتەپین بوویەوە، ئەمە جگە لە بە ئامانج گرتنی سەرکردە سەربازییەکانی ئێران و گرووپەکانی سەر بەو وڵاتە کە دیارترینیان کوشتنی قاسم سولەیمانی بوو. بۆیە بە گەڕانەوەی ترەمپ پێشبینی دەکرێ، ئێران زیاتر سازش بکات، بەتایبەتی لەمەڕ پرسی ئیسرائیل .

- **پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق**

ئەزموونی سەد ساڵەی پێکەوە ژیانی کورد لەگەڵ عێراق، بریتی بووە لە جینۆسایدکردنی گەلی کورد لە پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیاباران و سووتماککردنی خاکی کوردستان و بەعەرەبکردن و ڕاگوێزان و وێرانکردنی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان کە کەشێکی بێمتمانەیی بە بەردەوامی لای کورد بەرانبەر عێراق دروست کردووە. ئەزموونی کوردیش لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، ئەوەی سەلماندووە کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ پێش پرۆسەی ئازادیی عێراق نەبووە و بەردەوام دەستکەوتەکانی لە لایەن حکومەتی عێراق و گرووپەکانی میلیشیاوە لە مەترسیدا دەبێت، ئەمە جگە لەوەی گەمارۆدان و پشتگوێخستنی کورد کەلێنێکی گەورەی لە نێوان پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بە ئاراستەی دوورکەوتنیان لە یەکتر دروست کردووە.

لە ئەنجامی جێبەجێنەکردنی دەستوور و نەبوونی ڕێککەوتنێکی کۆنکرێتی لە نێوان هەرێم و بەغدا، زۆربەی پرسەکان بە هەڵپەسپێردراوی ماونەتەوە، هەر ئەم دۆخەش وای کردووە، لە بەغداوە ستراتیژیەتی جۆراوجۆر لە دژی هەرێم بگیرێتەبەر، هەر لە کات کوشتن و لەمپەردانان لەمەڕ گەیشتن بە ڕێککەوتن لە گەڵ هەرێمدا وەکوو ستراتیژیەتی هێز و بڕینی بوودجەی هەرێم، ئەمە جگە لە گوشار خستنە سەر هەرێم، ئەویش لە ئەنجامی ئەو هەموو دانوستاندنانەی کە لە نێوان وەفدەکانی هەرێم و بەغدا ئەنجام دراون، جۆرێك لە بەدگومانی لە لایەن هەرێمەوە دروست بووە، کە هەر ڕۆژەو کێشە و ئاستەنگێکی نوێی بۆ دروست دەکرێ، ئەویش لە پێناو ئەوەی هەرێم پاشەکشێ

لە ماف و ئامانجەکانی بکات. هەروەها هەوڵیان داوە، سوود لەو کەلێنانە وەربگرن کە لە نێوان لایەنەکانی هەرێمدا هەیە، بە جۆرێك ستراتیژیەتی «پەرتکردن» دژی هەرێم بگرنەبەر، واتە یەکڕیزی و تەبایی نێوماڵی کورد زیاتر تێك بدەن، بۆ ئەوەی هەرێم تووشی ململانێی نێوخۆیی بێت.

کەواتە هەرێمی کوردستان کە کەوتووەتە نێو جیۆپۆڵیتیکی ئاشووب، چۆن لەگەڵ ئەم دۆخەدا خۆی دەگونجێنێت و پارێزگاری لە خۆی و ئەو ئارامییەی کە هەیەتی دەکات؟

دەکرێ بڵێین: پرۆسەی یەك لە دوای یەك لە بەغداوە دژی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێن، ئەویش لە پێناو لەقالبدانی هەرێم تاکوو هەموو تواناکانی کۆتایی پێ بهێنرێت و زیاتر ملکەچ و کۆنترۆڵ بکرێت. بەڵام باشترین ڕێگا (ئەگەرچی دوور و درێژیش بێت)، ئەوەیە کە هەرێم بەردەوام گوشار دروست بکات و وا بکات، بەغدا بێنێتە سەر مێزی گفتوگۆ و کێشەکان لە ڕێگای دیالۆگەوە چارەسەر بکات و، هەروەها نەبێتە لایەنگری هیچ یەك لەو لایەنانەی کە هۆکاری گرژییەکانی ناوچەکەن، چونکە لایەن و گرووپی وەهاش هەن، دەیانەوێت کورد پەلکێش بکەن بۆ ئەو ململانێی و کێشمەکێشەی لە ناوچەکەدا هەیە.

**● پرسی یەکڕیزیی نێوماڵی کورد و ئەرك و بەرپرسیارێتیی لایەنەکان دوای هەڵبژاردنەکان:**

لەم قۆناغەدا کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێیدا تێپەڕ دەبێت، وا دەخوازێت هەموو لایەنە کوردستانییەکان یەکڕیز بن و بە یەکگرتوویی ڕووبەڕووی ئەو قەیرانانە ببنەوە کە لە ناوخۆی عێراق و لە دەرەوە بۆی دەنێردرێت، بەتایبەتی لە پرسی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و لە سەرووی هەموویان پرسی مووچە و بوودجەی خەڵکی کوردستان و کێشەی هەناردەکردنەوەی نەوت و کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بە پێچەوانەشەوە دووبەرەکی و ململانێی یەکتر، دوو ئیدارەیی قووڵتر دەکاتەوە و پێگەی هەرێم بەرانبەر بەغدا و دەوڵەتان لاواز دەکات.

پارتی دیموکراتی کوردستان، لە مێژووی دامەزراندنیەوە، نوێنەری خواست و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بووە، بۆیە ئەرکی پارتی لە ئێستادا بریتییە لە دروستکردنی زەمینەیەکی گونجاو لە نێوان دەسەڵات و خەڵکدا، هەروەها شەڕی چەسپاندن و جێبەجێکردنی مافەکانی هاووڵاتیانی کوردستان لە بەغدا بکات، هەروەها پارێزگاری لەو ئاسایش و ئارامییە بکات کە هەرێم هەیەتی.

بە پێچەوانەی بەشێکی زۆر لە لایەنە ناوخۆییەکان لە کوردستان و عێراق کە پێشبینی ئەوەیان کردبوو، هەڵبژاردنی ئەم دواییە هەڵبژاردنی شکستی پارتی دەبێت، بەڵام لە کۆتاییدا وا دەرنەچوو و پارتی بە پلانێکی تۆکمەتر کاری لە سەر دەنگی ئەندامانی خۆی و لایەنگران و هاووڵاتیان کرد و توانی متمانەی زۆرینەی دەنگی دەنگدەران بەدەست بهێنێت و، لە کۆی سەد کورسیی پەرلەمان، بووە خاوەن سی و نۆ کورسی و لە بەرانبەردا یەکێتی نیشتمانی بیست و سێ کورسی بەدەست هێنا، بەڵام بەرژەوەندییەکانی کوردستان وا دەخوازێ کە هەردوو پارتەکە لەیەکەوە نزیك بن و هەماهەنگیی تەواویان هەبێت، بە پێچەوانەوە کاریگەری دەبێت لەسەر یەکڕیزی و یەکهەڵویستیی کورد و پرسی چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا، هەروەها لە واقیعی ئێستای هەرێمدا ناکرێ هەر یەك لەو دوو پارتە حیساب بۆ ئەوی دیکە نەکات و بە دوای هاوپەیمانی لە گەڵ پارتی سێیەمدا بگەڕێت و حیسابی ژمارەی کورسی لەگەڵ یەکتر بکەن، هەرچەندە پارتی مافی خۆیەتی وەکوو براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان کۆمەڵە پۆستێکی گرنگی هەرێمی لا بێت، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا بە هۆی ئەوەی هەردوولا خاوەن ڕووبەری جوگرافی و ئابووری و هێزی چەکداری تایبەت بە خۆیانن، بۆیە تەنیا ژمارەی کورسی بەس نییە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت، بۆیە بۆ دۆخی ئێستای هەرێم و ئەو گرژییەی کە ناوچەکەی تێدایە، ئەم مۆدێلە لە حوکمڕانی ئەگەرچی باشیش نەبێ، بەڵام واقیع و زەروورەتێکە و لە ئێستادا هاوکێشەی دەسەڵاتە لە هەرێمی کوردستان.

**ئەزموونی کورد لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، ئەوەی سەلماندووە کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ پێش پرۆسەی ئازادیی عێراق نەبووە و بەردەوام دەستکەوتەکانی لە لایەن حکومەتی عێراق و گرووپەکانی میلیشیاوە لە مەترسیدا دەبێت**

**پرۆسەی یەک لە دوای یەک لە بەغداوە دژی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێن، ئەویش لە پێناو لەقالبدانی هەرێم تاکوو هەموو تواناکانی کۆتایی پێ بهێنرێت و زیاتر ملکەچ و کۆنترۆڵ بکرێت**

**لەم قۆناغەدا کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێیدا تێپەڕ دەبێت، وا دەخوازێت هەموو لایەنە کوردستانییەکان یەکڕیز بن و بە یەکگرتوویی ڕووبەڕووی ئەو قەیرانانە ببنەوە کە لە ناوخۆی عێراق و لە دەرەوە بۆی دەنێردرێت**

**دووبەرەکی و ململانێی یەکتر، دوو ئیدارەیی قووڵتر دەکاتەوە و پێگەی هەرێم بەرانبەر بەغدا و دەوڵەتان لاواز دەکات**



**سالم ئیسماعیل نۆرکە**
نووسەر و ئەدیب و مێژوونووسی کوردی فەیلی بۆ گوڵان:

# لە نەبوونی دەوڵەتدا کوردانی فەیلی جینۆساید کران

## پیاوانی موخابەرات بە پارەیەکی زۆر کەم ماڵە کوردە فەیلییەکانیان دەفرۆشت

# پاڵپشتیی کوردانی فەیلی لە مەلا مستەفا بارزانی بۆ ئەو زوڵم و پەراوێزخستنە دەگەڕایەوە کە لە عێراقدا دەرهەقیان دەکرا

**کوردی فەیلی بە هۆکاری ئەوەی کوردی ڕەسەن و نیشتمانپەروەرن، کەوتنە بەر شاڵاوی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی و سڕینەوەی ناسنامە، ئەوان پێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە بەغدا، جەلەولا، کوت، قزرابات، شارەبان، خانەقین، مەندەلی، بەدرە و جەسان و ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکانی دیالە و کوت و عەمارە نیشتەجێ بوون، پێش ئەوەی بکەونە بەر شاڵاوی جینۆساید و تەرحیل و تەعریب و سڕینەوەی شوناسیان. ڕاستە کوردە فەیلییەکان لەسەر مەزهەبی شیعەن، بەڵام لە ناو هەموو هۆز و تیرەکانی شیعەدا تەنیا کوردە فەیلییەکان بەر هێرشی قەتڵوعام و زیندانیکردن و بەزۆرەملێی ڕاگواستن بۆ ئێران بوونەوە، ئەمەش دەیسەلمێنێت قەتڵوعامکردنیان تەنیا بە هۆکاری کوردبوونیان بووە. لە ١٩٨١/٩/٢٢ و لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی عێراق- ئێران، شاڵاوی جینۆسایدی کوردانی فەیلی فراوانتر و دڕندانەتر بووەوە.**

**گۆڤاری گوڵان لە درێژەی بەسەرکردنەوە و دیدارەکانی لەگەڵ کەسایەتییەکانی کوردانی فەیلی، دیدارێکی لەگەڵ سالم ئیسماعیل نۆرکە، نووسەر و ئەدیب و مێژوونووسی کوردی فەیلی ساز دا، بەمجۆرەش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** بەو پێیەی نووسەر و ئەدیب و کەسایەتییەکی ناسراوی ناو کوردانی فەیلیت، دەکرێت بزانین بۆچی بە درێژایی مێژوو لە عێراقدا کوردی فەیلی کەوتوونەتە بەر هێرشی کۆمەڵکوژی و جینۆساید؟**

- مێژوو شاهیدی ئەو هەقیقەتەیە کە کوردانی فەیلی کوردی ڕەسەن و کوردپەروەرن و لە پێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە و لە ناوجەرگەی سەنتەری بەغدا نیشتەجێ بوون، بەتایبەتی لە گەڕەك و بازاڕەکانی «حی الاکراد، کیفاح، جەمیلە، شێخ عەبدولقادر و تەبە ئەکراد» ژیاون و، چەندین هۆزی بەناوبانگیان هەیە، وەك: ئارکەوازی و سورمیری و مەلەکشاهی و زەهاوی و قەرەلوس و زرباتییە. کوردە فەیلییەکان فەرمانبەری میری و کاسبکار و پیشەوەر و بازرگان و خاوەن باخ و خاکی بەپیت بوون، ئەوان ڕۆڵی گەورەیان لە گەشەسەندنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەناو جەرگەی بەغدا و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە هەبووە. ئەو سەردەمە شادەماری ئابووری و بڕیاری سیاسی لە بەغدا بە دەستی کوردە فەیلییەکانەوە بوو، بەهۆی دابەشکردنی سنووری نێوان ئێران و عێراقەوە کوردە فەیلییەکان بەسەر هەر دوو سنوورەکەدا دابەش بوون، لێرەوە زوڵم و ستەم دەرهەق بە کوردە فەیلییەکان بە شێوەی فراوان دەستی پێکرد، لەبەر نەبوونی وڵاتیش کوردەکان لە ناویشیاندا کوردانی فەیلی، ڕووبەڕووی جینۆساید بوونەوە، ئێ خۆ ناکرێت

**پێویستە ئێمە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی هۆز و تیرەکانی کوردی فەیلی ڕۆحی کوردایەتی لە ناو سەنتەری بەغدا بگەڕێنینەوە**

کورد مەجبوور بێت لە عێراق بیسەلمێنێت کە عێراقییە و لە ئێران ئێرانییە و لە تورکیا تورکییە و لە سووریا سوورییە، لەکاتێکدا هیچیان نییە، تەنیا دەتوانێت بیسەلمێنێت کە کوردی ڕەسەن و خاوەن خاك و نیشتمان و نەتەوەی خۆیەتی. ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بە بیانووی نەبوونی ڕەگەزنامە لای هەندێك لە کوردانی فەیلی و لەگەڵ پاساوی تەقینەوەکەی بەردەم زانکۆی موستەنسرییە، کە ڕژێم تۆمەتەکەی بەسەر کوردانی فەیلیدا سەپاند، زوڵم و ناهەقیی گەورەیان دەرهەق ئەم پێکهاتە ڕەسەنەی کورد ئەنجام دا، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ڕابردوودا بەهۆی کوردپەروەرییانەوە کوردە فەیلییەکان تێکەڵ بە شۆڕشی ئەیلوول و حزبە کوردستانییەکان بوون، ئەوان دڵسۆز و کەسانی بەئەمەگ بوون بۆ مەلا مستەفا بارزانی و، وەکو سەرکردەیەکی ڕۆحی و گەورەی کورد سەیریان کردووە و پاڵپشتی و هاوکاریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان کردووە. بۆیە جگە لە عەبدولکەریم قاسم، هەموو سەرۆکەکانی پێشووی عێراق دەستیان لە کۆمەڵکوژی و ئازاردانی کوردانی فەیلیدا هەبووە. عەبدولکەریم لە ناو سەرۆکەکانی عێراقدا کە باس لەوە دەکرێت دایکی کوردی فەیلی بووە و ڕایگەیاندووە: «شرق دجلة انتم» مەبەستی کوردە فەیلییەکان بووە، چونکە زۆر لە مێژوونووسان پێیان وایە یەکەم جار عێراق عێراقی کوردانی فەیلی بووە، کوردی فەیلی و زۆر لە کوردەکانی دیکە چوونەتە ناو ئیسلامەوە، بەڵام نەبوونەتە عەرەب و فارس و تورك، لە لایەکی دیکەوە سەرجەم ڕژێمەکانی دیکەی عێراق دەستیان لە کوشتار و بەزۆرەملێی دەرکردنی کوردە فەیلییەکاندا هەبووە.

*** باسی ڕۆڵی کوردانی فەیلیت کرد لە پاڵپشتی و هاوکاریکردنی مەلا مستەفا بارزانی لە شۆڕشی ئەیلوول، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا تا چەند کوردانی فەیلی ڕۆڵیان لە شۆڕشی ئەیلوولدا هەبوو؟**

- کوردانی فەیلی بە کۆمەکی دارایی و چەك و تەنانەت گەیاندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان، هاوکاریی شۆڕشی ئەیلوولیان کردووە، گەنجەکانیشیان لە ناو ڕیزەکانی پارتیدا ئەندام بوون و تەنانەت پۆست و پلەی بەرزیان لە ناو ئەو حزبەدا هەبووە، بۆ نموونە حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی بووە و هەر یەك لە زەکی ئیسماعیل و عادل موراد و عەبدولڕەزاق فەیلی و یەدوڵڵا فەیلی و لەیلا قاسم و چەندین کادیری ناسراوی دیکە پۆست و پلەی بەرزیان هەبووە. پاڵپشتیی کوردانی فەیلی لە مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشەکەی لە ناو جەرگەی بەغدا و شارە کوردییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی دیجلە بۆ ئەو زوڵم و پەراوێزخستنە دەگەڕێتەوە کە دەرهەق بە کوردانی فەیلی کراوە. مەلا مستەفا بارزانی کوردانی فەیلی زۆر خۆش ویستووە، بەڵام شۆڤێنی و قەومچییەکان بە هەموو شێوەیەك ئازاری کوردەکانیان داوە و ئەم خۆشەویستی و نزیکبوونەوەی نێوان کوردانی فەیلی و مەلا مستەفا بارزانییان پێ خۆش نەبووە. لە ڕێپێوانە گەورەکەی بەغدا کە بۆ پشتگیریی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار ڕێك خرابوو، گەنجە فەیلییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا، ئەو گەنجانەی لە گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو لە بەسراوە تاوەکو بەغدا لە شار و شارۆچکەکانی عێراق نەك هەر پێشوازییان لێکرد، بەڵکو پارێزگارییشیان لێ دەکرد. لە ناو بەغدا گەورە بازرگانەکانی ئەو شارە کوردانی فەیلی بوون و بە سەدان کارگە و کارخانە و بازاڕی گەورەیان بەدەستەوە بوو، ئەمانیش هاوکاری شۆڕشەکەی مەلا مستەفا بارزانی بوون، ئەوە بوو لە سەرەتای هەشتاکان بەعسییەکان لە شاڵاوەکەی بە زۆر ڕاگواستنیان بۆ سەر سنوورەکانی ئێران، هەموو ئەم ماڵ و حاڵەشیان تاڵان کرد و دەستیان بەسەردا گیرا و تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، نەدراوەتە بە خاوەنە ڕەسەنەکانی. لە ماڵی هەر کوردێکی فەیلیدا ڕادیۆیەك هەبوو، کە بەردەوام لەسەر ئێزگەی دەنگی کوردستان بوو، ئەوان ئەوەندە ڕۆحی کوردایەتییان بەرز بوو، سوێندیان بە سەری بارزانی دەخوارد.بۆ مێژوو باسی دەکەم، پەیوەندیی نێوان مەلا مستەفا بارزانی و کوردە فەیلییەکان بە شێوەیەك بوو، پەیوەندییەکی ڕۆحی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری تێدا بوو، مەلا مستەفا زۆر قسەی باش و وتەی لەسەر کوردە فەیلییەکان هەبوو .

**کوردانی فەیلی بە کۆمەکی دارایی و چەک و تەنانەت گەیاندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان، هاوکاریی شۆڕشی ئەیلوولیان کردووە**

**مەلا مستەفا بارزانی کوردانی فەیلی زۆر خۆش ویستووە، بەڵام شۆڤێنی و قەومچییەکان بە هەموو شێوەیەک ئازاری کوردەکانیان داوە و ئەم خۆشەویستی و نزیکبوونەوەی نێوان کوردانی فەیلی و مەلا مستەفا بارزانییان پێ خۆش نەبووە.**

**لە ماڵی هەر کوردێکی فەیلیدا ڕادیۆیەک هەبوو، کە بەردەوام لەسەر ئێزگەی دەنگی کوردستان بوو، ئەوان ئەوەندە ڕۆحی کوردایەتییان بەرز بوو، سوێندیان بە سەری بارزانی دەخوارد**

**تاڵانکردنی ماڵ و حاڵی کوردانی فەیلی جۆرێک بوو لە تۆڵەکردنەوە بەرانبەر ئەم پێکهاتە ڕەسەنەی کورد لە عێراقدا**

*** زۆر باسی شاڵاوەکەی ساڵی ١٩٨٠-١٩٨١ و ساڵانی دواتر دەکرێت، کە بەعسییەکان و پیاوانی موخابەرات ماڵ و حاڵی کوردانی فەیلییان تاڵان کرد. ئایا چۆن ئەم تاڵانکردنەی ماڵ و حاڵی کوردانی فەیلی هەڵدەسەنگێنیت؟**

- تاڵانکردنی ماڵ و حاڵی کوردانی فەیلی بەشێك بوو لەو شاڵاوە دڕندەییەی دژی کوردانی فەیلی ئەنجام دەدرا، هەر لە ڕەشبگیری و زیندانیکردن و کوشتن و بێسەروشوێنکردن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کیمیایی لەسەریان، هەڵبەتە تاڵانکردنی ماڵ و حاڵی کوردانی فەیلی جۆرێك بوو لە تۆڵەکردنەوە بەرانبەر ئەم پێکهاتە ڕەسەنەی کورد لە عێراقدا، تاڵانییەکە بە شێوەیەك بوو ماڵ و حاڵیان دەستی بەسەردا گیرا و جۆرێك لە تاڵانی وەحشیگەریی تێدا بوو، دوور لە عورف و دابونەریتی پیاوەتی و غیرەتی مرۆڤایەتی و ئایینی، ئەوان دوای ئەوەی دەستیان بەسەر ماڵ و موڵکی ئەو هەموو خێزانە کوردە فەیلییەدا گرت، بەسەر خۆیاندا دابەشیان کرد و کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرد، بە جۆرێك پیاوانی موخابەرات ماڵیان بە موزایەدەیەکی زۆر کەم دەفرۆشت، تاوەکو بۆ جارێکی دیکە ئەو خانەوادەیە نەتوانن داوای ماڵەکەیان بکەنەوە و ئومێدی گەڕانەوەیان نەمێنێت، گوایە چەندین جار کڕین و فرۆشتنی پێوە کراوە، بەداخیشەوە زۆر عەرەبی ڕەگەزپەرست و شۆڤێنی بەشدار دەبوون لەم تاڵانییەدا، تاوانەکەیان ئەوەندە قێزەون بوو، دەستیان بۆ پیرۆزیی خێزانەکانی کوردی فەیلییش برد، کاتێك سەدام حوسێن ١٠ هەزار دینار (نزیکەی ٣٠ هەزار دۆلاری ئەو سەردەمەی)، پێشکەشی ئەو هاووڵاتیانە دەکرد، کە لە هاوسەرە فەیلییەکانیان جیا دەبوونەوە، یان خۆیان بێبەری دەکرد لێیان.

*** دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بۆچی نەتوانرا لە ڕووی مەعنەوی و ماددییەوە مافی کوردانی فەیلی بگەڕێندرێتەوە؟ ئایا ئاستەنگ و بەربەست هەبوو لە بەردەم گەڕانەوەی کوردانی فەیلی و قەرەبووکردنەوەی خانەوادەی قوربانییەکاندا؟**

- زۆر جار سیاسییەکان بە هەڵە باسی ئەوە دەکەن کە جینۆساید و کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی تەنیا دەکەوێتە سەر شانی ڕژێمەکانی عێراق، لەم وڵاتە بە زۆر لکێندراوەدا کورد مەزڵووم و کەم بەختە بەرانبەر ئەو هەموو تاوانەی دەرهەقی کراوە، بەداخەوە حەز و خولیایەکی زۆر لەو هۆز و تیرە عەرەبانەش هەبووە کە مۆرکێکی شۆڤێنییان هەبوو. ئەوانە بەردەوام ویستوویانە بە زیندانیکردن و بێسەروشوێنکردنی گەنجەکان و وێرانکردنی گوند و شار و شارۆچکەکان و ئەنفال و کیمیاباران و دەیان تاوانی دیکە، کورد لەسەر خاك و زێدی باوك و باپیرانیان دەربکەن، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش حزبە کوردستانی و عێراقییەکان ئەوەندەی بە دوای شکاندنی یەکتروە بوون، ئەوەندە پێکەوە کاری جوانیان ئەنجام نەدا. هەر بە هۆی پشتگوێخستنی کوردانی فەیلی لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و نەبوونی دامەزراوە، یان سەنتەرێکەوە، کە وا بڕیار بوو لەسەر داوای سەرۆك بارزانی ئەو سەنتەرە دابمەزرێت، حزبە شیعەکانی عێراقیش ئیستغلالی کوردی فەیلی دەکەن و لە دیوێکی دیکەشەوە گەنجەکانمان لە خوێندنی کوردی بێبەشن و وردە وردە تێکەڵ بە جیهانی عەرەبی بوون.

*** پێشنیارت بۆ گرنگیدان بە کوردانی فەیلی چییە؟ ئایا کورد چی بکات تاوەکو تاوانی جینۆساید بە زیندوویی بهێڵێتەوە؟**

- ئەگەر کورد گرنگیی بە جینۆسایدی فەیلییەکان و بەنێودەوڵەتیکردنی بدایە، ڕەنگە جینۆسایدەکانی دیکەی گەرمیانی و بارزانی و ئەنفال و کیمیاباران ڕووی نەدایە. هەر خۆی لەخۆیدا تاوانەکە بە تاوانی نێودەوڵەتی دادەنرێت، بۆیە پێویستە بە زووترین کات سەنتەرێکی تایبەت بە کوردانی فەیلی لە شاری هەولێر دابنرێت، ڕاستە زەحمەتە لە بەغدا ئەم کەیسە بجووڵێندرێت، چونکە تاوانەکە بە هەموو پێوەرەکان جینۆسایدە، کورد لە بەغدا دامەزراوەی ڕۆشنبیریی (شفق)ی هەبوو. کەچی نازانم بۆچی وازی لێ هێنا، لە کاتێکدا ئەم دامەزراوەیە بە دەیان بەشی هەبوو. پێویستە ئێمە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی هۆز و تیرەکانی کوردانی فەیلییەوە ڕۆحی کوردایەتی بگەڕێنینەوە بۆ ناو جەرگەی بەغدا، حوکمڕانەکانی هەولێر بە هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانەوە دەبێت کار بکەن بۆ گەڕانەوەی مێژووی دزراوی کورد، پێویستە دووبارە مێژووی دزراوی کورد بنووسرێتەوە.

**ئەوان دوای ئەوەی دەستیان بەسەر ماڵ و موڵکی ئەو هەموو خێزانە کوردە فەیلییەدا گرت، بەسەر خۆیاندا دابەشیان کرد و کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرد**

**سەدام حوسێن ١٠ هەزار دینار (نزیکەی ٣٠ هەزار دۆلاری ئەو سەردەمەی)، پێشکەشی ئەو هاووڵاتیانە دەکرد، کە لە هاوسەرە فەیلییەکانیان جیا دەبوونەوە**

**لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش حزبە کوردستانی و عێراقییەکان ئەوەندەی بە دوای شکاندنی یەکتروە بوون، ئەوەندە پێکەوە کاری جوانیان ئەنجام نەدا**

**ئەگەر کورد گرنگیی بە جینۆسایدی فەیلییەکان و بەنێودەوڵەتیکردنی بدایە، ڕەنگە جینۆسایدەکانی دیکەی گەرمیانی و بارزانی و ئەنفال و کیمیاباران ڕووی نەدایە**



### تاڤگە عومەر ڕەشید:

# ڕەوشی ئێستای مافی مرۆڤ لە ئاستی خواستی ئێمەدا نییە و پێویستی بە هەڵوەستە و کاری زیاتر هەیە

تاڤگە عومەر ڕەشید، بەڕێوەبەری گشتیی یاسا و مافی مرۆڤ لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە دەکاتە ١٠ی دیسەمبەر، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری گولان، قسە لەسەر دۆخی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان دەکات و جەختیش لەوە دەکاتەوە تایبەتمەند کردنی بکوژانی ژن و بێبەش کردنیان لە لێبوردنی گشتی تاڕادەیەکی باش هاوکێشەی توندوتیژییەکان دەگۆڕێت.

گولان: کۆمەڵایەتی

*** بەپێی ئامار و داتاكانی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ و بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، لە ئێستادا پێشێلكارییەكانی مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان لەچ ئاستێكدایە؟**

- بە گوێرەی ئامار و داتاكانی تیمەكانی دەستەی سەربەخۆی مافی مروڤ و بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو پێشێلكاری لە سێكتەرە جیاوازەكان بۆ سەر مافی مرۆڤ بوونی هەیە، ئەوەش بە پشت بەستن بەو ڕاپۆرتانەی كە دەستە ئەم ساڵ بڵاوی كردووەتەوە و لە كۆتایی ساڵیشدا ڕاپۆرتی ساڵانەی دەبێت و كۆی پێشێلكارییەكان دەخاتەروو، جگە لە خستنەرووی ئەو پێشكەوتنانەی كە بە دەست هاتوون لە ماوەی ئەم ساڵی كاركردندا، لەگەڵ ئەو ڕێگەچارانەی كە ئەنجامدراون بۆ چارەسەر كردنی پێشێلكارییەكان. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ڕەوشی ئێستای مافی مرۆڤ لە ئاستی خواستی ئێمەدا نییە و پێویستی بە هەڵوەستە و كاری زیاتر هەیە، تاوەكو ئاستەنگەكان كەم بكرێنەوە و ڕەوشەكە باشتر بكرێت.

**بێبەشبوونی بكوژانی ئافرەت لە لێبووردنی گشتی تاچەند هاوكێشەی توندوتیژییەكانی بەرامبەر بە ئافرەت چارەسەر دەكات؟**

- بابەتی بێبەشبوونی بكوژانی ژن لە لێبووردنی گشتی، هەروەك لە پەیامی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا هاتبوو، لە دەستپێكی ڕاگەیاندنی هەڵمەتی ١٦ ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، وەرچەرخانێكی دیكەیە بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی و ئەنجامدانی تاوان دژی ئافرەتان، ئەویش لەسەر بنەمای جۆری كۆمەڵایەتی چونكە كوشتن دوا قۆناغی توندوتیژییە و یەكێكە لە تاوانە قورسەكان، هەر بۆیە تایبەتمەند كردنی بكوژانی ژن و بێبەش كردنیان لە لێبووردنی گشتی تا ڕادەیەكی باش هاوكێشەی توندوتیژییەكان دەگۆڕێت، بەڵام پێویستە لەكاتی دەركردنی یاساكە ئەو بابەتە خاڵی جەوهەری بێت، تاوەكو هاوكات لەگەڵ یاسا كارپێكراوەكانی دیكەی هەرێمی كوردستان، لە دژی بكوژانی ئافرەت پانتایی بەرەنگاربوونەوە فراوانتر بكات و پاڵپشتی یاسایی تۆكمە تر بكات، بەڵام لە هەمان كاتدا پێویستە كە هەنگاوەكانیش بە ئاراستەی ڕوونەدانی تاوان بڕوات و ئەو كۆششە ماددی و مرۆییەی لە پێناو دەستگیركردنی بكوژان و دادگایی كردنیان و هێشتنەوەیان لە چاكسازییەكان ئەنجامدەدرێت، دەكرێت ئەو كۆششە لە لایەن دەزگا جیاوازەكانەوە بە شێوازێك بگۆڕدرێت، كە هەر لە سەرەتاوە ڕێگری لە ئەنجامدانی تاوانەكە بكرێت و گیان و ژیانی ئافرەتان زیاتر پارێزراو بێت.

*** دەگوترێ جێبەجێنەكردنی یاسای لەسێدارەدان هۆكاری سەرەكی تاوانكارییە، بە تایبەت كوشتنی ئافرەت، خوێندنەوەت لەسەر ئەوە چییە؟**

- بە گوێرەی خوێندنەوەی خۆم، پێموایە هیچ كاتێك لە سێدارەدان نەبووەتە هۆكاری كەم بوونەوەی تاوان، ئەگەر تاوانەكە دەرهەق بە ژنان بێت یان دەرهەق بە پیاوان بێت، لە سێدارەدان بە تێگەیشتنە جیهانییەكەی واتە ئەنجامدانی توندوتیژی و تاوان لە لایەن دەوڵەتەوە بەرامبەر بە تاك، بۆیە لە سێدارەنەدان پاساو نییە بۆ ئەنجامدانی تاوان، بەڵكو مانەوە لەناو چاكسازییەكان و بەندكردنی هەتاهەتایی یان بەندكردن تا مردن(كە لە ئێستادا لە یاسای عێراقی و كوردستانیدا بوونی نییە) سزایەكە ڕەنگە زۆر قورس تر بێت لە لەسێدارەدان، ئەمە لە لایەك و لە لایەكی تریشەوە كاتێك ئێمە دەمانەوێت چاكسازی لەسەر تاوانبار ئەنجام بدەین، بەڵام كە مافی ژیانی لێ وەربگیرێتەوە ئەوا هیچ مانایەك بۆ چاكسازی نامێنێت. بۆیە لە هەموو ڕوویەكەوە سەلمێنراوە كە لە سێدارەدان سزایەكی تەواو نامرۆڤانەیە و دژی بنەما سەرەكییەكانی مافەكانی مرۆڤە.

*** بەردەوام ئاماژە بە دەستەبەر و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ دەدرێت، ئایا پێشێلكارییە بەردەوامەكانی سەر مافی ئافرەت لەگەڵ ئەو ئاماژەیە چۆن یەكدەگرنەوە؟**

- دەستەبەر كردن و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ بەشێكی دانەبڕاوی مافەكانی ئافرەتانن، چونكە كاتێك دەڵێین ئافرەت واتا ئەویش مرۆڤە و مافی هەیە، ئەوەش بە واتای ئەوە دێت كە تێگەیشتنێكی تەواو هەبێت بۆ پەیكەری كۆمەڵایەتی و بنەماكانی پێشكەوتنە كۆمەڵایەتییەكان، لەبەر ئەوەی هەموو دۆكیومێنتە نێودەوڵەتییەكانی مافەكانی مرۆڤ جەخت لە یەكسانی نێوان ڕەگەزەكان و باوەڕبوون بە مافە بنەڕەتییەكانی مرۆڤ و پاراستنی شكۆی مرۆڤەكان و ناجیاكاری و ناتوندوتیژی دەكەن، وێڕای ئەوەی ژینگەیەكی یەكسان و باش و تەندروست كە مافەكانی خوێندن و موڵكایەتی و دەنگدان و مووچەی یەكسان و چاودێری تەندروستی لە خۆ دەگرێت، كە ئەمەش بەڵگەی حاشا هەڵنەگری مافەكانی ئافرەتە لە فەزای مافەكانی مرۆڤدا و هەر پێشێلكاریەكیش لەسەر ئەو مافانە بكرێت، پێشێلكارییە لەسەر مافەكانی ئافرەت و پێچەوانەكەشی ڕاستە، واتا پاراستنی هەموو ئەو مافانە پاراستنی مافەكانی ئافرەتە.

**بێبەشبوونی بكوژانی ژن لە لێبووردنی گشتی، هەروەک لە پەیامی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا هاتبوو، وەرچەرخانێكی دیكەیە بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان**

**لە هەموورووییەكەوە سەلمێنراوە كە لە سێدارەدان سزایەكی تەواو نامرۆڤانەیە و دژی بنەما سەرەكییەكانی مافەكانی مرۆڤە**

**هەموو دۆكیومێنتە نێودەوڵەتییەكانی مافەكانی مرۆڤ جەخت لە یەكسانی نێوان ڕەگەزەكان و باوەڕبوون بە مافە بنەڕەتییەكانی مرۆڤ و پاراستنی شكۆی مرۆڤەكان و ناجیاكاری و ناتوندوتیژی دەكەن**

## ئاوارە حاجی:

# پێویستە حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار کاری زیاتر بۆ پاراستنی بەهای خێزان بکەن



لە دەستپێکدا بەمجۆرە هەنگاوەکانی کارکردنی بۆ خوێنەران باس دەکات» ساڵی ٢٠١٢ تێکەڵ بە کاری پەروەردەیی بووم و سەرەتا لە سێکتەرەکانی دایەنگە و باخچەی ساوایانەوە دەستم پێکرد، دواتریش وەکو بەڕێوەبەر لە پەیمانگەی (هیوای تۆ ) کارم کردووە کە لەلایەن د. بەختیار کەمال تاڵەبانی سەرپەرشتی دەکرێت، هاوکات لە چەندین خول بەشدار بووم و لە ناوخۆی کوردستانیش ڕاهێنانم کردووە، هەروەها چوار بڕوانامەم لە بواری(tot) بەدەستهێناوە، دوا ڕاهێنانم لەو بوارەدا ماوەکەی ١٠٠ سەعات بوو، کە لەلایەن شەش ڕاهێنەری نێودەوڵەتی بەڕێوەچوو، زنجیرە ڕاوێژکارییە پەروەردەییەکانم ئەزموونی ڕاهێنانەکانمە و لەم بوارانەدا سەرچاوە دەگرن کە بریتین لە ڕاوێژکاری نەوجەوان و ڕاوێژکاری هاوسەران لەگەڵ ڕاوێژکاری ڕاستکردنەوەی ڕەفتار، لە ئێستاشدا ڕاوێژکاری پەروەردەیی و خێزانیم بۆ بابەتە کەسییەکان و خێزانییەکان.

ئاوارە حاجی سەبارەت بە هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەو بوارە بۆ کارکردن دەڵێت: «ئەوەی هانیدام کە لەو بوارەدا کار بکەم پرۆسەی ژیانی هاوبەشی خۆم بوو، ساڵی ٢٠١٤ کە چوومە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری وەك هەر کەسێکی ئاسایی، کۆمەڵێك کێشە و گرفت ڕووبەڕووی پەیوەندی نێوان من و هاوسەرەکەم بووەوە، هەر لە بیروڕا دەربڕین، لە چارەسەرکردنی کێشەکان، لە دەربڕینی هەستی خۆشەویستی و حەز و ویستەکانمان، لە جیاوازی ئامانج و تێڕوانینمان بۆ ژیان، هەموو ئەمانە وایانکرد جیاوازییەکان بەرەو گەورە بوون بچن، لە بەرانبەردا هەوڵی نزیکبوونەوە و کۆنتڕۆڵکردنی دۆخەکەم دەکرد، تەنانەت ڕاوێژم بە کەسانی شارەزای دەوروبەرم کرد، هەروەها بۆ ئەم ئامانجە ڕێگەی کتێب خوێندنەوە و وەرگرتنی کۆرسی ڕاوێژکاریشم تاقیکردەوە، مرۆڤیش کاتێك هەوڵی

**ئاوارە حاجی ڕاوێژکاری پەروەردەیی و خێزانی بۆ بابەتە کەسیی و خێزانییەکان، ماوەی چەندین ساڵە لە بواری پەروەردەی تاك کار دەکات و کار بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە خێزانییەکان دەکات و جگە لە ڕاوێژە تیۆرییەکانی، لە ڕێگەی سۆشیال میدیاشەوە تاك بە پرەنسیپ و ئاکارە جوانەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئاشنا دەکات.**
**ئاوارە حاجی خانمە گەنجێکی بە ئەزموونی دانیشتووی شاری سلێمانییە و ساڵی ١٩٩١ لەدایکبووە، دەرچووی بەشی بەڕێوەبردنی پەیمانگەی دوکانە، وەك خۆی باسیدەکات ماوەی ١٢ ساڵە تێکەڵ بە کاری پەروەردەیی بووە و سەرەتا لە دایەنگە و باخچەی ساوایانەوە دەستیپێکردووە، دایکی دوو منداڵە و ئێستاش ڕاوێژکاری پەروەردەیی و خێزانی بۆ بابەتە کەسیی و خێزانییەکانە، لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گولان ئەزموونی کارکردنی بۆ خوێنەران باسدەکات.**

گولان: کۆمەڵایەتی

گۆڕانکاری دەدات و نیەت دەکات گۆڕانکاری دروست بکات، هەنگاو بە هەنگاو خوای گەورە کارەکانی بۆ ئاسان دەکات، لەم ڕوانگەیەوە هەنگاو بە هەنگاو ڕۆیشتم و توانیم کەسایەتی و بیرکردنەوەکانم بەرەوپێش ببەم و تێڕوانینم بۆ ژیان فراوانتر بکەم، ئەویش بۆ ئەوەی دڵ و دەروونم فراوانتر بێت و بتوانم بەرگەی بەربەست و ناخۆشی و کێشەکان بگرم، دواجار ئەزموونی دووجار دایکایەتی وای کرد لەو بوارەدا زیاتر قوڵ ببمەوە».

ئەو ڕاوێژکارە سەبارەت بە هەڵکشانی کێشە خێزانییەکان و هۆکارەکانی هێما بۆ ئەوە دەکات کە« هۆکار زۆرن بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم دوورکەوتنەوەی کۆمەڵگە لە فیترەتی بارە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکەی هۆکارێکە لەکاتێکدا مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە کە وابەستەی دابونەریت و کلتوورییە نەتەوەیی و ئایینییەکەیەتی، دوورکەوتنەوە لە بەها ئایینی و نەتەوەیی سەرهەڵدەدات بۆ یاخیبوون و بیردۆزی تاکڕەوی، پێویستە حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار کاری زیاتر لەسەر بەهای خێزان بکەن و ئەو کوڕ و کچانەی کە دەچنە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری، حکومەت خولەکانی ڕاوێژکاری دەستگیرانداران و تازە هاوسەران پوخت تر و فراوان تر بکات، چونکە لە ڕابردوودا گەنجان بە پشت بەستن بە نەریتی کوردەواری دەچوونە ناو ئەو پرۆسەیە، بەڵام لە ئێستادا سۆشیال میدیا جێگەی هەموو ئەوانەی گرتووەتەوە کە ئایا کێ لە کێ بەناوبانگ تر و کەشخە ترە، بیر لەوە ناکرێتەوە کێ لە کێ بەختەوەر ترە، هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن تاکەکان لە تایبەتمەنی پرۆسەی هاوسەرگیریدا ناهۆشیارن، تاك پێویستە بەرچاوڕوونی هەبێت بۆ یەکتر قبوڵکردن بەو شێوازەی کە هەن نەك ئەو شێوازە فەنتازیایەی کە وێنایان کردووە، هەروەها تاچەند توانای قبوڵکردنی کەسی بەرانبەری هەیە و کار بۆ ئامانجەکانی بکات و هەماهەنگ بن بۆ ئامانجەکانیان کە پەیوەندی بە ژینگەی هەردووکیان بێت».

سەبارەت بە چارەسەریش ئەو ڕاوێژکارە پێشنیاری ئەوە دەکات کە «ئەو کەسانەی کە لە پرۆسەی هاوسەرگیریدان زیاتر لەسەر ئەو پرۆسەیەی کە تێیدان بخوێننەوە جا خوێندنەوەکە بابەتی مومارەسەکردن بێت، یاخود ئەزموونکردنی ژیانی خۆیان بەرەو هەنگاونان بۆ ژیانکردنێکی باشتر بێت، یاخود کتێب خوێندنەوە و خۆڕۆشنبیر کردن لەو بوارەدا، ئەویش بە مەبەستی بەژداریکردن لە کۆڕ و سیمینار یاخود ئەو ڕاهێنانانەی کە کارامەییەکانی هاوسەرگیری بەرەوپێش دەبات. دەکرێ بۆ چارەسەری لایەنی پەیوەندیدار وەکو پەروەردە و خوێندنی باڵا جۆرێك لە دیراسەتکردن ئەنجام بدرێت و ساڵانە توێژینەوە بکرێ لەو دەرفەتانەی کە تایبەتن بەو بەشانە، لانیکەم بەشە پەروەردەییەکان یاخود بەشە کۆمەڵناسی و دەروونییەکان کە زیاتر جەخت لەسەر پتەوکردنی پەیوەندی خێزان و کۆمەڵگە بکرێت، بە مەبەستی بەرهەمدار کردنی کۆمەڵگە و وڵات هەنگاو بۆ پتەوکردنی پەیوەندی خێزان و بەختەوەری تاك لە چوارچێوەی خێزاندا بنرێت.

**مرۆڤ کاتێک هەوڵی گۆڕانکاری دەدات و نیەت دەکات گۆڕانکاری دروست بکات، هەنگاو بە هەنگاو خوای گەورە کارەکانی بۆ ئاسان دەکات**

وەك ئاماژەم پێدا حکومەت ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر لەلایەن ئەو دامەزراوانەی کە گرێبەستی هاوسەرگیری تێیدا ئەنجامدەدرێت، کە لە ڕێگەی کۆرس، سیمینار و ۆورك شۆپ پێشکەشی ئەو ئەو دەستگیراندارانە بکرێت کە دەچنە ناو پڕۆسەکەوە، ئەویش بە مەبەستی زیاتر ئاشناکردنیان بە ئەرکەکانی خێزان و هۆشیارکردنەوەیان لەو هەڵە و ئەو ڕێگایانەی کە وادەکات پەیوەندییەکەیان یاخود هاوسەرگیرییەکەیان هەڵوەشێنێتەوە و ئەنجامی نەدەن».

**دەکرێ حکومەت خولەکانی ڕاوێژکاری دەزگیرانداران و تازە هاوسەران پوخت تر و فراوان تر بکات**



## د. باخان ئازاد:

# ناکرێت بۆ دەمەقاڵێیەکی نێوان ژن و پیاوێک یان باوک و کچێک فەرمانی دەستگیرکردن هەبێت

*** لە ئێستادا دۆخی توندوتیژیی خێزانی، بەتایبەت توندوتیژی دژی ئافرەتان لە چ ئاستێکدا دەبینیت و چۆن هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەیت؟**

- ئاستی توندوتیژیی خێزانی ڕۆژانە زیاد دەکات، چونکە ئەو بەرنامەیەی تایبەت بە چارەسەری کێشەی توندوتیژیی خێزانی کە لە لایەن دادگاوە دانراوە، وای کردووە کە خەڵك بە ڕۆحییەتێکیتر و بەچاوێکیتر سەیری دۆخەکە بکات، بەتایبەتی لە ناو دادگای توندوتیژیی خێزانیدا، کاتێك کێشە خێزانییەکان دەچێتە ناو دادگا و پۆلیس دەست لە دۆخەکە وەردەدات، ئەمە وای لێدێت بە شێوەیەکی دوژمنانانە لە لایەن ڕەگەزی نێرەوە سەیری دۆسێکە بکرێت، جا چ باوك بێت چ برا بێت چ هاوسەر بێت، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت کۆمەڵگەیەکی شەرقییە، ئەمە وای کردووە لە زهنی باوك و برا و هاوسەرەکانەوە وەکو دوژمنێك سەیری دۆسێ توندوتیژییەکان بکرێن، بۆ نموونە دۆسێی توندوتیژیی خێزانی وای لێهاتووە کار گەیشتووەتە کوشتنی خێزانەکان، بۆیە ئەمەی کە ڕوو دەدات لەسەر ئاستی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی، ئاماژەیەکی خراپە بۆ زیادبوونی توندوتیژی، هەر لە ماوەکانی ڕابردوودا ئەو کچەی کە لە لایەن چەند کوڕە هاوڕێیەکیەوە برابوو بۆ شوقەیەك و دەستدرێژیی کرایە سەر و هەڵدرایە خوارەوە، دواتر لە لایەن خێزانی باوکییەوە کچەکەیان کوشت، ئێستا توندوتیژیی خێزانی زۆر زیاد بووە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمەی توندوتیژی خێزانی کە هیچ متمانە پێکراو و قبوڵکراو نییە بۆ کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی وەکو ئێمە، چونکە کێشە خێزانییەکان دەبێ بە شێوازێکی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکرێت نەك بە بردنی پۆلیس و بە گرتنی پیاوەکە، یان براکەی یان هاوسەرەکەی یان باوکی لە ناو مەرکەز، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێت کە دۆسێیەکی زۆر زۆر قورسی هەبێت، ناکرێت بۆ شەڕ و دەمەقاڵێیەکی نێوان ژن و پیاوێك یان باوك و کچێك فەرمانی دەستگیرکردنت هەبێت، چونکە بەم شێوەیە هەم کچەکە لە لایەن باوکییەوە وەکو دووژمن تەماشا دەکرێت، هەم بەشودان کۆمەڵگەوە دۆسێکەیان وەکو دۆسێیەکی قێزەون سەیر دەکرێت، بۆیە دەبێت پێداچوونەوەیەك بۆ کەیسی ئەم خاتوونانە بکرێت لە ناو دادگادان و پێداچوونەوەیەك بۆ دادگای توندوتیژیی خێزانی بکرێت، بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتییانە نەك بە شێوەیەکی عەسکەرتارییەت لەگەڵ کەیسەکاندا مامەڵە بکەن.

**د. باخان ئازاد پزیشکی شارەزا و کاندیدی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە دۆخی ئێستای توندوتیژییە خێزانییەکان دەکات و تیشک دەخاتە سەر هەنگاوەکانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کچان و، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە پێویستە پێداچوونەوە بە دادگای توندوتیژیی خێزانیدا بکرێت.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا چارەسەری کێشەی ئافرەتیان گرێ داوەتەوە بە «وەبەرهێنان لە کچاندا» بۆ ئەوەی ئافرەتێکی باش پێشکەشی کۆمەڵگە بکرێت، لە کوردستان ئەم ئاراستەیە نییە، ئایا تاچەند گرنگە کە وەبەرهێنان لە کچاندا بکرێت؟**

- کچ لەو ڕۆژەوەی کە دەچێتە ناو باخچەی ساوایان دەبێت مافەکانی خۆی بۆ دەستنیشان بکرێت، دەبێ کۆمەڵگەیەك بەرهەم بهێنرێت کە کچان و کوڕان پێکەوە هەردوو ڕەگەز باس لە مافە خێزانییەکان بکەن، باسی ئەرکی خێزان بکەن لەسەر منداڵەکانیان و باسی ئەرکی باوك بکەن، باسی پەیوەندیی ژن و پیاو بکەن، بۆیە کە تۆ کۆمەڵگەیەکت بنیاد نا وەرچەرخانێکی نوێ دروست دەکەی، چ لە ڕەگەزی نێر چ لە ڕەگەزی مێ، بۆیە هەردوو ڕەگەزەکە پەروەردە دەبن لەسەر ئەوەی کە دەستدرێژی نەکەنە سەر مافی یەکتر و مامەڵەی ناتەندروست نەکەن، پێویستە ئێمە کۆمەڵگەیەك وەبەربهێنین کە هەر لە باخچەی ساوایانەوە هەردوو ڕەگەز بنەماکانی پەروەردی کۆمەڵگەیەکی تەندروستیان بۆ فەراهەم بکرێت. بەدڵنیاییەوە پەروەردەکردن گەورەترین بنچینەیە لەم کۆمەڵگەیەدا، بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو بیرە کۆمەڵایەتییە کۆنانە لە مێشکی تاك بە تاکی کورد دەربهێنرێت، دەبێت کورەکانمان پەروەردەیەك پەروەردە بکرێین کە ژن بە تەنیا هەڵگری شەرەفی بنەماڵە نییە، بەڵکو شەرەفمەندبوون ئەوەیە کە مامەڵەیەکی پیاوانە و مەردانە لەگەڵ ئافرەتدا بکرێت، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بونیادنانێکی هزری و پەروەردەیەکی ئەخلاقی بۆ دروست بکەیت.

*** وەکو پزیشکێکی شارەزا ئاکامە خراپەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختە چۆن دەبینن؟**

- لە هیچ کۆمەڵگایەکدا کە بەرەوپێشچوونێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبێت بڕیاری لەم جۆرە نادرێت، لە یاسای باری کەسییەتیدا نابێ کچ لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە بەشو بدرێت، چونکە ئەمە تەواو دەستدرێژیکردنە بۆ سەر مافەکانی ئافرەتان، بە هیچ شێوەیەك نابێت ئەم یاسایە قبووڵبکرێت و دەبێت کاردانەوە هەبێت بەرامبەری، چونکە کچ لەو تەمەنەدا لە ڕووی جەستەیی و لە ڕووی بایەلۆجی و فسیۆلۆجییەوە بە هیچ شێوەیەك تەواو گەشەی نەکردووە، لە ئەگەری دووگیانبوونیدا ئەگەری مردنی هەیە، بۆیە ئەوە یەکێکە لە هۆکارەکان کە دەتوانین بڵێین کوشتنی بە ئەنقەست ئەو کەسە لەبەر ئەوەی دووگیان دەبێت و بەرگەی ئەو دووگیانییە ناگرێت، دواتریش هەر لە ڕووی نەفسی و جەسەدییەوە ئەم کچە چێژ لە ژیان و حەز و ئارەزووە جنسییەکانی خۆی نابینێت، چونکە منداڵێکی نۆ ساڵ نازانێت چێژی هاوسەرگیری لە چیدایە، بۆیە بەشودانی کچێك لەو تەمەنەدا ئاکامێکی زۆر خراپی دەروونیی دەبێت، زیاتر وەکو کۆیلەیەك پەروەردە دەکرێن کە جەستەیان تەنیا بەکار دەهێنرێت بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووە سێکسییەکانی لایەنی بەرامبەر، جگە لەوەش ئەم کەسە ماڵوێران دەبێت لە ڕووی کۆمەڵایەتییشەوە چەندین کێشەی خێزانیی بۆ دروست دەبێت، چونکە منداڵێکی لەم شێوەیە بەرگەی بەڕێوەبردنی خێزان ناگرێت، بەرگەی ئەوە ناگرێت کە وەکو ژنێکی کامڵ و پەروەردە کراو خێزانەکەی خۆی بەڕێوە ببات، کەسێکی سەرکەوتوو نابێت لە پەروەردەکردنی خێزانەکەی و لە دەرئەنجامدا تووشی لێدان و توندوتیژی و تەڵاقدان ببێتەوە، بۆیە ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژی و جیابوونەوە. جگە لەوەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە نەوەیەکی داینەمۆیی دەستەمۆ کراو، نەوەیەکی بێ عیززەت و ترسێندراو، کۆیلەکراو دروست ببێت بۆ داهاتوو، ئەمەش دەبێتە هۆکاری کێشە کۆمەڵایەتییەکان. هۆکاری درووستبوونی کێشە تەندرووستییەکان بۆ ئافرەتان بەتایبەتی لە کاتی دووگیانیدا مردنی ئافرەتانی لێ دەکەوێتەوە، جگە لەوەش دەبێ ئێمە هەوڵی جددی بدەین ئەم یاسای باری کەسیەتییە لە هەرێمی کوردستاندا بە هیچ شێوەیەك جێبەجێ نەکرێت، چونکە کۆمەڵگەی کوردستان دەتوانین بڵێین بە ٥٠ ساڵ لە پێش عێراقەوەیە، بۆیە هەرێمی کوردستان دەبێت یاسایەك دەربکات کە کچان و کوڕانی هەرێمی کوردستان لە تەمەنێکی دیاریکراوی یاساییدا هاوسەرگیری بکەن، کە لە ڕووی یاسایی و شەرعییەوە گونجاو بێت بۆ پێکهێنانی خێزانێکی تەندروست.

**دەبێ کۆمەڵگەیەک بەرهەم بهێنرێت کە کچان و کوڕان پێکەوە هەردوو ڕەگەز باس لە مافە خێزانییەکان بکەن**

**منداڵێکی نۆ ساڵ نازانێت چێژی هاوسەرگیری لە چیدایە، بۆیە بەشودانی کچێک لەو تەمەنەدا ئاکامێکی زۆر خراپی دەروونیی دەبێت**

**دەبێ ئێمە هەوڵی جددی بدەین ئەم یاسای باری کەسیەتییە لە هەرێمی کوردستاندا بە هیچ شێوەیەک جێبەجێ نەکرێت**

# دادوەرانی یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی «دهۆک» ناسێندران

«مەسعوود عارف» وتەبێژی فەرمی یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «دهۆک» لە دووهەمین کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ئەم ڕووداوە سینەماییەدا گوتی: هەر وەکوو ئاگادارن، لە یەکەمین کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی فێستیڤاڵدا، فیلمەکانی بەشی کێبڕکێی «سینەمای کوردی»، فیلمەکانی بەشی کێبڕکێی «سینەمای جیهان»، فیلمەکانی بەشی دەرەوەی کێبڕکێی «پانۆڕامای کوردی» فیلمەکانی بەشی دەرەوەی کێبڕکێی «ڕوانینێک بە سینەمای جیهان»و .. ناسێندران و ئەمڕۆکەش لە دووهەمین کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا، «شەوکەت ئەمین کۆرکی»بەڕێوەبەری هونەریی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «دهۆک»، ئەندامانی لیژنەی هەڵبژاردنی پێنج بەشی پێشبڕکێی دەناسێنێت.

**پیشاندانی ١٠٧ فیلم لە دەرهێنەرانی وڵاتانی جیهان**

شەوکەت ئەمین هەروەها گوتیشی: یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «دهۆک» بە دروشمی «وەرزش» و «وەرزش بۆ هەمووان» و بە پیشاندانی ١٠٧ فیلم لە دەرهێنەرانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان، لە چوارچێوەی فیلمی درێژ، کورتە فیلم و بەڵگەفیلمەکان لە چەندین بەشی پێشبڕکێی و دەرەوەی پێشبڕکێ و هەروەها بە پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژانی ٩ تا ١٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ لە هۆڵی «کۆنگرە»ی زانکۆی دهۆک و کۆمەڵەی سینەمایی «دهۆک مۆڵ» لە شاری دهۆک بەڕێوەدەچێت.

**«هیڤی» (هیوا) Hêvî فیلمی دەستپێکی فێستیڤاڵ**

لە درێژەی ئەم کۆبوونەوەیەدا، «شەوکەت ئەمین کۆرکی» بەڕێوەبەری هونەریی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «دهۆک» ڕایگەیاند: یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵ، بە فیلمی سینەمایی «هیوا» لە دەرهێنانی «ئۆرهان ئینجێ» سینەماکاری باکووری کوردستان بە فەرمی دەکرێتەوە. ئەمساڵ ١٠٧ فیلم لە بەشە جۆراوجۆرەکانی فێستیڤاڵ نمایش دەکرێن کە لە نێوانیاندا ٥٥ فیلم لە بەشی پێشبڕکێی ئامادەن و بۆ بەدەستهێنانی خەڵات، ڕکابەریی دەکەن.

**دادوەرانی بەشی «پێشبڕکێی نێودەوڵەتی»**

ئەم دەرهێنەرە کوردە سەبارەت بە ئەندامانی دەستەی دادوەرانی بەشەکانی کێبڕکێی «سینەمای جیهان» و «سینەمای کوردی» گوتی: ئەمساڵیش لە پێنج بەشی پێشبڕکێدا؛ ئەو فیلمانەی کە لە فێستیڤاڵی فیلمی «دهۆک» بەشداری دەکەن، لە لایەن ناوبژیوانەکانەوە دادوەری دەکرێن. ئەندامانی دەستەی دادوەرانی بەشی کێبڕکێی فیلمەکانی سینەمایی نێودەوڵەتی بریتین لە؛ «عەلی عەسگەری» سەرۆکی دەستەی دادوەران، دەرهێنەر و سیناریۆنووس لە ئێران، خاتوو «ئێلیف ئێرگێزێن» دەرهێنەر، وێنەگر و مۆنتێر لە تورکیا، «کۆردۆ دۆسکی» دەرهێنەری باشووری کوردستان و دانیشتووی وڵاتی ئەمەریکا، خاتوو «مارتینا ساکۆڤا» دەرهێنەر لە سلۆڤاکیا و هەروەها «میراز بێزار» سیناریۆنووس و دەرهێنەر لە باکووری کوردستان.

**دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی «سینەمای کوردی»**

هەروەها گوتی: ئەندامانی دەستەی دادوەرانی فیلمە




دریژەکانی سینەمایی بەشی «سینەمای کوردی» بریتین لە؛ خاتوو «بارباڕا لۆری» سەرۆکی دەستەی دادوەران و ڕۆژنامەنووس لە فەرەنسا، «ئاکام ڕەزایی» بەرپرسی دیمەنە تایبەتەکان و دەرهێنەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دانیشتووی وڵاتی ئەمەریکا، «حیکمەت داوود» دیزاینی سەحنە و جلووبەرگ لە ڕۆژئاوای کوردستان، «محەمەد ئەلدەڕاجی» دەرهێنەر لە عێراق و هەروەها دکتۆر «قوتبەدین سادقی» ئەکتەری سینەما و تەلەڤزیۆن و دەرهێنەری بەئەزموون و ناوداری شانۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی بەڵگەفیلم

«شەوکەت ئەمین کۆرکی» لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: ئەندامانی دەستەی دادوەرانی فیلمەکانی بەشی رکابەریی بەڵگەفیلم و دۆکیۆمێنتاری بریتین لە؛ «تۆماس لێر» سەرۆکی دەستەی دادوەران، مامۆستای زانکۆ و سەرۆکی بەشی فێربوون و ئاخاوتنی «ئەنستیتۆی گۆتە» - لە ئەڵمانیا، خاتوو «بێتی لێرچێ»هونەرمەند لە ئەڵمانیا و هەروەها «زەهاوی سنجاوی» دەرهێنەری بەڵگەفیلم و فیلمساز لە هەرێمی کوردستان و دانیشتووی وڵاتی سوید.

## دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی کورتە فیلم

بەڕێوەبەری هونەریی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «دهۆک» ئەوەشی ڕاگەیاند: ئەندامانی دەستەی دادوەرانی کورتە فیلمەکانی بەشی ڕکابەریش بریتین لە: خاتوو «گۆری نایێر سەرۆکی دەستەی دادوەران و ئەکتەر لە هیندستان، «عەلی حەکیم» دەرهێنەری ئەفغانستانی دانیشتووی ئەڵمانیا، خاتوو «بێلیبان زۆ ستۆلبێرگ» سیناریۆنووس لە ئەڵمانیا و هەروەها «کاردۆ مەنسوور» دەرهێنەر لە نەرویج.




## دادوەرانی ڕەخنەگرانی فیلمی «فیپریێشی»

«شەوکەت ئەمین کۆرکی» لە درێژەی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە: ماوەی چەندین ساڵە کە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕەخنەگرانی فیلم «فیپریێشی» لە تەنیشت فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «دهۆک» بەشداری و ئامادەییەکی کاریگەرانەی هەیە و ئەمساڵ لە سەدەمین ساڵوەگەڕیی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە گرینگ و ئاکادیمیا سینەماییەدا؛ سێ ڕەخنەگر، دادوەریی ئەم بەشەیان لە ئەستۆ دایە کە بریتین لە: خاتوو «ئێلینا ڕۆباشێڤسکا» دەرهێنەر، ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگری فیلم لە ئۆکراین، «ئێرگین ئۆپێنگین» وێژەر و لێکۆلەر لە تورکیا و «جیلم سالۆتێک» ڕەخنەگری فیلم لە کەنەدا.



رۆژ کەریم بۆ گوڵان:

# پێم خۆش نییە بێ ئەوەی پرسم پێ بکەن گۆرانییەکانم بڵێنەوە

**ڕۆژ کەریم هونەرمەندی ناسراوی کورد کە ماوەیەکی زۆرە لە سوید دەژیت، لە چاوپێکەوتنێکی بۆ گوڵان تیشك دەخاتە سەر کارە هونەرییەکانی و باسی ئەزموونی هونەریی خۆی دەکات، ئەو هەندێك تایبەتمەندیی هەیە کە لە گۆرانیبێژەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە، پێی خۆش نییە هیچ گۆرانیبێژێك داوای گوتنەوەی گۆرانییەکانی لێ بکات.**

*** تا چەند ڕێ بەو هونەرمەندە تازانە دەدەیت گۆرانییەکانی تۆ بڵێنەوە؟**

- پێم خۆش نییە بێ ئەوەی پرسم پێ بکەن گۆرانییەکانی من بڵێنەوە، پرسیش دەکەن، بەڵام ئەوە جوان نییە من کارێك دەکەم بە ماندووبوونێکی زۆرەوە و شتێك بەرهەم دەهێنم، بەڵام یەکێکی تر دێت دەنگی خۆی دەخاتە سەری، لە کاتێکدا ئەوە گۆرانی منە و موڵکی منە، بۆیە پێم خۆش نییە ئەو داوایەم لێ بکرێت، چونکە من ڕێ بەخۆم نادەم دڵی کەس لە خۆم بڕەنجێنم.

*** تا چەند پێویستە گۆرانیبێژ شارەزاییەکی باشی هەبێت لە موزیك و ئاوازدانان؟**

- پێم باشە زۆر گوێ بگرن و گوێ لە هونەری جیهانی بگرن، بچووکی نەکەنەوە لە فۆلکلۆر، بەرهەمێکی وا بکەن کۆن نەبێت، بە رای من گوێگرتن و زەوق کارێکی زۆر گرنگە لە هونەر.

*** هۆکاری سەرکەوتنی تۆ لەم بەرهەمانە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- هەر کارێك بە ڕۆح بکرێت سەرکەوتوو دەبێت، ئەو کارانەی منیش بە ڕۆح کراون.

*** ژیان لە سوید فێری چیی کردیت؟**

- فێری سەبر و ئارامیی کردم، فێری کردم تا شتێکم دەست بکەوێت، هەوڵ بدەیت و بەئاسانی دەستت ناکەوێت، فێری کردم ژیان زۆر قورسە، هەروەها وایکرد کە پەرە بە هونەرەکەشم بدەم .

*** دەڵێن هونەرمەند لە پاڵ سەرکەوتنەکەی عەشقێکی گەورەی هەیە، ئەو عیشقەی ڕۆژ کەریم چییە ؟**

- گۆرانی بە عەشق دەگوترێت، ئەو گۆرانییانەی لە ڕۆحتەوە بۆ کەسێکی دیاریکراو دێتە دەرەوە، گۆرانییەکە هەرچەندی خراپیش بێت سەرکەوتوو دەبێ.

*** ئێمە دەبینین لە ئەدیبی گەورەمان هەیە کە لە ئاستی دنیا ناسراو بێت، لە سینەماش بەهەمان شێوە، بەڵام بۆچی هیچ گۆرانیبێژێکی کوردیمان نییە لە ئاستی دنیا ناسراو بێت؟**

- لەبەرئەوەی بڵاوکراوەکانمان ناچنە دنیای دەرەوە، هەمووی لۆکاڵییە، ئەگەرنا گۆرانیی کوردی هیچ کەمتر نییە لە گۆرانییەکانی تری دنیا.

*** ئێوەی هونەرمەند کە لە دەرەوەی وڵات دەژین، بۆ ئەنجامدانی بەرهەمێك دەگەڕێنەوە کوردستان، واتا کوردستان لە رووی هونەرەوە دەوڵەمەندە؟**

- کە دەگەڕێینەوە کوردستان شتەکان هەمووی بەردەستن، بەئاسانی ئەوەی دەتەوێت دەتوانی بیدۆزیتەوە و کاری لەگەڵ بکەیت، بەڵام لە دەرەوە وانییە تا بەرهەمێك دەکەیت، دەبێت ٢٠ وڵات بگەڕێیت تا بەرهەمەکە تەواو دەکەیت.

*** بۆچی گۆرانیبێژەکانی کوردستان زۆرجار داوای ئاواز لە ئێوە دەکەن کە لە دەرەوەن، ئایا دەبێت کوردستان ئاوازدانەری باشی نەبێت؟**

- ئێمە لە هاندەران تەنیاتریت، بۆیە ئاوازەکان تۆزێك چڕتر و مۆدێرنتر دەردەچن، هەروەها بەهۆی تەمەن و ئەزموونەوە، ئەگەرنا لە کوردستانیش ئاوازدانەری باشمان هەیە.

*** بۆچی گۆرانیبێژی کوردی زیاتر لە دەوری عەشق و خۆشەویستی دەسووڕێتەوە و خۆیان لە خەم و کارەساتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مرۆییەکان نادەن، بۆ نموونە بابەتی هەژاری، بێکاری؟**

- ئەگەر سەیری ئەرشیڤەکانم بکەیت، شتێك نەبووە گۆرانیم بۆ نەکردبێت، شەڕ بووە گۆرانیم بۆ گوتووە، هەروەها بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەردەمی کۆرۆنا، نەهامەتییەك نەبووە من گۆرانیم بۆ نەگوتبێت.

*** لە کاروانی هونەریتدا چ درۆیەك لەگەڵ تۆ کراوە، یان کێن ئەوانەی درۆیان لەگەڵ تۆ کردووە؟**

- هێندەم درۆ لەگەڵدا کراوە تەواو نابێت باسی بکەم.

*** بەڕای تۆ ناوبانگ هەندێك جار سەری مرۆڤ دەخوات یان نا؟**

- بەڵێ ئەو چەپڵەیە زۆر گرنگە پێی هەڵنەپەڕیت، نابێت بەو چەپڵانە هەڵخەڵەتێیت خۆت لێ بێت بە تەیارە، بۆیە دەبێت زۆر وریا بیت و نابێت دوو چەپڵەت بۆ لێ درا لە خۆبایی ببیت.



# سەرەڕای جیابوونەوەیان جێنیفەر ڕۆژانە بەدواداچوون بۆ هەواڵەکانی ئەفلێک دەکات

هەرچەندە ڕێوشوێنی جیابوونەوەی جێنیفەر لۆپێز و بن ئەفلێك نزیکە لە تەواوبوونە، بەڵام چەند سەرچاوەی نزیك لە خۆی پشتڕاستیان کردەوە کە هێشتا ناتوانێت بەسەر ئەو بابەتەدا زاڵ بێت، و هەوڵ دەدات بە بەردەوامی بەدواداچوون بۆ هەواڵەکان بکات.

سەرچاوەیەکی نزیك لە خانمە ئەکتەر «جێنیفەر لۆپێز» ئاشکرای کردووە کە هێشتا درکی بەوە نەکردووە کە چانسی دووەمی لەگەڵ بن ئەفلێك تاجی سەرکەوتنی لەسەر نەبووە، و جارێکی دیکە بە جیابوونەوە کۆتایی هاتووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی پێدەچێت پێشتر بەسەریدا زاڵ بوبێت، بەڵام ڕاستییەکە بە پێچەوانەوەیە.

سەرچاوەکە لە لێدوانەکانیدا بۆ ماڵپەڕی ئینتاچ ڕوونی کردووەتەوە، جێنیفەر ئەو پیاوەی لەبیر نەکردووە کە خۆشەویستی ژیانی بووە، هەرچەندە بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەجێی هێشتووە، بەڵام ڕاستییەکە تەواو پێچەوانەیە.

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەش کردووە، هێشتا هۆگری ئەوە، ئاماژەی بەوەش کردووە، ئاگادارکردنەوەکانی لە گۆگڵ بە ناوی ئەوەوە داناوە بۆ ئەوەی ئاگادار بکرێتەوە لەو هەواڵانەی لەسەری بڵاو دەکرێنەوە» بۆئەو مەبەستەش دەڵێت: « جگە لەوەی بەردەوام دەبێت لە قسەکردنی بەردەوام لەسەری لەکاتی ناسینی هاوڕێی هاوبەشدا، و گەڕان بەدوای بیانوو بۆ پرسیارکردن لەبارەیەوە، ئەم بابەتە بە جۆرێك لە نەخۆشی دادەنرێت».

لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەی «دەیلی مەیل» جیابوونەوەی جێنیفر لۆپێزی لە بن ئەفلێك بە کارێکی سەخت ناو بردوو، هەرچەندە لە مانگی ئابی ساڵی ڕابردوودا بڕیاری پێشکەشکردنی کاغەزی جیابوونەوەی بۆ دادگا داوە.


ڕاپۆرتەکە ڕوونی کردووەتەوە، ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبوومێکە کە زۆرێك لە هەستەکانی لەخۆبگرێت دوای جیابوونەوەکەی، وەك هەوڵێك بۆ زاڵبوون بەسەر کاریگەرییەکانی پەیوەندییەکەی پێشوویدا.

لۆپێز ئەو ڕۆتینەی چاودێریکردنی خۆی ئاشکرا کرد کە دوای ساڵێکی سەخت وەری گرتووە، بەتایبەتی دوای جیابوونەوەی لەگەڵ بن ئەفلێك کە مێدیتەیشنیش لەخۆدەگرێت، بۆ ئەوەی ئارامییەکەی بپارێزێت.

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری «پیپڵ» لۆپێز ڕوونی کردەوە کە ئەو ڕۆتینەی کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ فشارەکانی کار و ژیانیدا گرتویەتییەبەر، بریتییە لە پابەندبوون بە چاودێریکردنی پێست، تەنانەت لەو کاتانەی کە هەست بە ماندووبوون دەکات، هەروەها ئاماژەی بە گرنگیی دۆزینەوەی ساتەکانی پشوودان و بارگاویکردنەوە کرد لە ڕێگەی دووپاتکردنەوەی ئەرێنی، یان کۆبوونەوەی کورتی مێدیتەیشن بۆ چەند خولەکێك لە بەیانیاندا، جگە لەوەش، لۆپێز ئاماژەی بەوەش کردووە کە لە ناو سەرقاڵییەکەیدا دڵنیا دەبێتەوە لە تەرخانکردنی کات بۆ خۆی، لەم بارەشەوە دەڵێت: «هەر کە منداڵەکان دەخەون، من بە خۆم دەڵێم ئێستا کاتی منە».



# پاریس هیڵتۆن:
# نەشتەرگەریی جوانکارییم ئەنجام نەداوە




ئەستێرەی پێشووی تەلەفزیۆن پاریس «هیڵتۆن» ئەو تۆمەتانە ڕەت دەکاتەوە کە بە ئەنجامدانی نەشتەرگەریی جوانکاری یان ڕێکارەکانی دیکەی وەك دەرزیی بۆتۆکس، ڕووبەڕووی کرابوونەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەست بە شانازی دەکات کە سرووشتییە و لە هەمان کاتدا نهێنیی گرنگیدان بە پێستی ئاشکرا دەکات.

پاریس هیڵتۆن لە پۆدکاستی «زاکی سانگ شۆگ» ڕوونی کردەوە کە هیچ نەشتەرگەرییەکی جوانکاریی ئەنجام نەداوە، بەڵام ڕۆتینێکی بۆ خۆی داناوە و پەیڕەوی دەکات، بۆ ئەوەی پێستی وەك هەمیشە بە پاکی و تەندروست بمێنێتەوە.

پاریس هیڵتۆنی تەمەن ٤٣ ساڵ لە بارەی جوانیی پێستیەوە ئاشکرای کردووە کە هەست بە شانازی دەکات کە بە تەواوی خاوەن پێستێکی سرووشتییە، ئاماژەی بەوەش کردووە، تەنیا پشتی بە دوورکەوتنەوە لە تیشکی خۆر بەستووە و، پەنای بۆ دەرزی بۆتۆکس و کەرەستەی دەرزی و نەشتەرگەریی جوانکاری نەبردووە.

سەبارەت بە نهێنیی دوورکەوتنەوە لە نەشتەرگەرییەکانی جوانکاری گوتی: «دایکم لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە چەند فێڵێك و چۆنیەتی گرنگیدان بە پێستی فێر کردووم، یەکێك لە ئامۆژگارییەکانی دایکم ئەوە بووە کە بە شێوەیەکی بەردەوام بەر تیشکی خۆر نەکەوم، ئەمە جگە لە ١٠ هەنگاو کە بە سەرسوڕهێنەر وەسف دەکرێت، کە لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە پەیڕەوی دەکەم بۆ پاراستنی جوانییەکەم».

ئەو حەزی لە هەبوونی هەندێك وردەکاری لە ماڵەکەیدا ئاشکرا کرد، وەك یانەیەکی تەندروستی یان سپا، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆتینی چاودێریی پێستی خۆی بپارێزێت، لەو بارەشەوە گوتی: «من سپایەکم لە ماڵەکەمدا دروست کرد، کە ئامێرەکانی هایدرا فاسیای تێدایە، هەروەها وەك ژوورێکی چارەسەری بەستوو و ژوورێکی هایپەر باریکە».

پاریس هیڵتۆن کەسایەتییەکی ناوداری ئەمریکییە، بە گۆرانیبێژ و سەماکار و مۆدێل و ئەستێرەی تەلەفزیۆن و خاوەنکار ناسراوە. لە ١٧ی شوباتی ١٩٨١ لە شاری نیویۆرك لەدایك بووە و نەوەی دامەزرێنەری زنجیرە هۆتێلە بەناوبانگەکەی هیڵتۆنە، بەشداریی زۆرێك لە بەرنامەکانی واقیعی کردووە، لە لایەکی دیکەوە پاریس هیڵتۆن لە پلەی یەکەمی ڕیزبەندی ئەو کەسایەتییانە دێت کە ئەمریکییەکان زۆر ڕقیان لێیەتی، ئەمەش بەهۆی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی و تێوەگلانی لە کێشەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانەوە.

لە ڕاپرسییەکدا ئەوە هاتووە کە ٦٠٪ی ئەمریکییەکان ڕق و کینەیان بۆ پاریس هیڵتۆن دەربڕیوە، کە بە یەکێك لە دەوڵەمەندترین ژنانی جیهان دادەنرێت، ئەمەش وای کردووە ئەو کەسە بێت کە گەلی ئەمریکا زۆرترین ڕق و کینەیان بەرامبەری هەیە.



## ڕەوشەن چەلکەر:

# بوونی ئافرەت لە گۆڕەپانی هونەر لە ئاست ئاواتەکانی ئێمەدا نییە

**ڕەوشەن چەلکەر کوردێکی دانیشتووی شاری ئەستەنبووڵە، یەکێکە لە ئافرەتە دەنگخۆشەکانی باکووری کوردستان و بە دەنگە خۆشەکەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان بە شێوازی و ستایلێکی نوێ پێشکەش دەکات، ڕەوشەن هاوشێوەی زمانی کوردی بە زمانی تورکییش گۆرانی دەڵێ و لە هەردوو بوارەکەدا سەرکەوتووە، سەبارەت بە ڕەوشی هونەری کوردی بە گشتی، گفتوگۆیەکمان لەگەڵی ئەنجام دا.**


سەرەتا تیشکی خستە گۆرانیگوتن بە زمانی بیانی و لەوبارەیەوە گوتی: «من جگە لە زمانی کوردی بە تورکییش گۆرانی دەڵێم، هەوڵ دەدەم بۆ هونەرەکەم تاموچێژێکی نوێ بە جەماوەرەکەم بدەم، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پێویستی هونەر چی بێت من بەو ڕێبازە پەیامی هونەریی خۆم بگەیەنم، بناغەی ئەو کارە هونەرییەی من پێشکەشی دەکەم فۆلکلۆرە، ئاشکرایە کە فۆلکلۆری کوردی زۆر دەوڵەمەندە و پێویستە هونەرمەندی کورد ئەو دەوڵەمەندییەی لەبەرچاو بێت، فۆلکلۆر بۆ ئێمە وەك شیری دایك حەڵاڵ و زەلاڵە، بەڵام ئەگەر تەنیا لە فۆرمەکەی خۆیدا مایەوە و لە چوارچێوەی خۆی دەرنەچوو و موزیسیانە کوردەکان تەنیا پشت بە فۆلکۆر ببەستن و گۆرانی و موزیکی فۆلکلۆری دووبارە بکەنەوە، ئەوا ناتوانن هیچ زیادەیەك بخەنە سەر هونەری کوردی و دوور نییە دوای ماوەیەك لە بیر بکرێت و تەنانەت لە هونەرمەندانیش دوور بکەوێتەوە، چونکە حەز و ئارەزووەکانی گوێگرانیش دەگۆڕێت».

سەبارەت پشتبەستنی هونەرمەندانی گەنجیش بە فۆلکلۆر ڕەوشەن گوتی: «فۆلکلۆر شتێك نییە کە لە شوێنی خۆی وەستا بێت بەڵکو هەمیشە لە گۆڕانکاریدا، چونکە خودی فۆلکلۆر ئەفراندنی زۆری تێدایە و دەنگبێژ و هونەرمەندان نوێی دەکەنەوە، ئەو کەسانە کە تێکستێك یان گۆرانییەك دەڵێنەوە پێیانوایە شتێکی نوێ زیاد دەکەن، ئەوەی منیش ئەنجامی دەدەم لەو شێوەیەیە، بە شێوەیەکی گشتی فۆلکلۆر سەرچاوەیەکی تەندروستی هونەرە، بەڵام ئەگەر هونەرمەندان ڕۆژانە تا ئێوارە لەو ئاوە بخۆنەوە، دوور نییە وشك ببێت و ئەستەمە بگاتە نەوەی داهاتووی هونەرمەندان، بۆیە پێویستە هونەرمەند کەناڵی نوێ بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی ئەفراندنی تێدا بکات و هونەری کوردیی پێ دەوڵەمەند بکات.

سەبارەت بە ڕەوشی هونەری کوردی ڕایەکی تایبەتی هەیە، ڕەوشەن دەڵێ: «پرسی ڕەوشی هونەری کوردی لە ئێستادا پەیوەستە بە هونەری کوردییەوە بە گشتی، بەر لە هەر شتێك پێویستە ئەوە باس بکەین کە هونەری هەر هەرێم و ناوچەیەکی جیاواز کارێگەریی جیاوازی خۆی هەیە، بۆیە دەبینین کە ڕەوشی هونەری کوردی لە باکووری کوردستان جۆرێك و لە ئەورووپا و پارچەکانی دیکەیش بە جۆرێکی ترە، بەڵام مرۆڤ ناتوانی بە گشتی باسی بکات، لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەمیشە باس لە گرنگیی هونەر دەکرێت، بەڵام باس لە زەحمەتییەکانی کاری هونەری ناکرێت کە چۆن ئەو کارانە ئەنجام دەدرێن، ئایا لایەنە سیاسییەکان پشتگیریی دەکەن یان نا؟ لەم ڕووەوە ئەگەر لە ماندووبوونی هونەرمەندی کورد بڕوانین دەبینین کە زۆر بێ بەها سەیر دەکرێت، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هونەرمەندانی کورد بەردەوامن لە کارەکانیان و ئەفراندن دەکەن لە بواری خۆیاندا، هیوادارم ئەو هونەرمەندانەش پەیامی هونەری ڕاستەقینە بە نەوەی نوێی هونەرمەندانی کورد بگەیەنن».

دەربارەی ڕەوشی ژیانی هونەرمەندانی کورد لە تورکیا، بەتایبەتی لە ئیستانبوڵ، ڕەوشەن دەڵێت: «تا ئێستا من و پێموانییە زۆربەی ئەو هونەرمەندانەی لێرە دەژین لە ڕووی چاپکردن و فرۆشتن، سازکردنی کۆنسێرت، بڵاوکردنەوەی ئەلبووم هیچ ئاستەنگێکیان نەبێت، من بەر لە چوار مانگ ئەلبوومێکم بە ناوی (ئاخ لێ وەسو) بڵاو کردەوە، بەڵام ئاستەنگ لە بەشداریکردنم لە فیستیڤاڵدا بۆ درووست بوو، چونکە ئەو فیستیڤاڵ و ئاهەنگانەی لە لایەن شارەوانییەکانەوە ساز دەکرێن، جۆرێك مەترسیی تێدایە، ئەوان پێیانوایە کە موزیکی کوردی لەلایەن گوێگرانی تورکەوە مایەی قبووڵکردن نەبێت، بۆیە نایانەوێ ئەو ریسکە هەڵگرن و گوێ لە موزیکی کوردی ناگرن».

ڕەوشەن چەلکەر سەبارەت بە هونەرمەندە گەنجەکان دەڵێت: «بە ڕای من هونەرمەندە گەنجەکان خەباتێکی زۆر دەکەن لەپێناو پێشخستنی هونەر و فەرهەنگی کوردیدا، چونکە باش دەزانن بەم خەباتەیان دوارۆژیان ڕووناکتر دەبێت، لە ساڵانی ڕابردوودا هونەر و فەرهەنگی کوردی گۆڕانکاری و جیاوازیی زۆری بەخۆیەوە بینی، پێویستە ئەم هەوڵانە وەك دەوڵەمەندییەك سەیر بکرێت، چونکە هونەرمەندان لەسەر ڕێبازی خۆیان بەردەوامن، لە هەمان کاتدا دەبێتە هاندەر و پاڵپشتییەك بۆ هونەر و فەرهەنگی کوردی».



ڕەوشەن تیشك دەخاتە سەر بوونی ئافرەتان لە گۆڕەپانی هونەری کوردیدا و لەو بارەشەوە دەڵێت: «ئافرەتانی کورد خەباتی زۆریان کردووە لە بواری فەرهەنگ و هونەری کوردیدا، بەڵام لە ئاستی ئاواتەکانی ئێمەدا نییە، چونکە ئەگەر ئێستا بیان ژمێرین لە بواری ئەدەب، شانۆ، موزیك، شێوەکاری، دوای ژماردنی چەند ناوێك دەوەستین، ئەمەش یەکێك لە کەموکوڕییە کۆمەڵایەتییەکان، دیارە ئافرەتی کورد لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کاریگەریی خۆی هەبووە، پێویستە لە بواری هونەرییشدا خۆیان پێش بخەن و دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە».



## هێلین سەلام

### یاریزانی باڵەی ئافرەتانی هەولێر:

# پێویستە گرنگی زیاتر بە تۆپی باڵە بدرێت

یانەی ئافرەتانی هەولێر یەکێکە لەو یانانەی کوردستان کە گرنگیی زۆر بە یاریی تۆپی باڵەی دەدات، کات کچە یاریزانانی یانەکە بەردەوام ڕکابەریی سەرسەختی یانەکانی دیکەی کوردستان دەکەن، لە زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکاندا ساڵانە تیپە جیاوازییەکان بەشدارن لە خولەکانی عێراق و کوردستان، یانەی ئافرەتانی هەولێریش سەرەڕای ئەوەی گرفتی دارایی هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی کچان گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی دەدات، تیپی باڵەی یانەکە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە کە ساڵانە لە هەریەك لە خولەکانی کوردستان و عێراق بەشدارن. هێلین سەلام یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکەی لەسەر ئاستی کوردستان، هێلین لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٥ی پارێزگای هەولێرە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.



*** چۆن بوو یاریی بالەت هەڵبژارد؟**

- هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیام بۆ وەرزش هەبووە، بەتایبەتی یاریی بالە، بۆیە بڕیارم دا لەم بوارەدا ئاستی خۆم پێش بخەم.

*** هەست ناکەیت یارییەکی قورست هەڵبژاردووە؟**

- یاریی بالە بۆ یاریزانێکی وەکو ئێمەی کچان قورس نییە، بەپێچەوانەوە تا بڵێی یارییەکی زۆر خۆشە و چێژی خۆی هەیە.

*** بۆچی یاریی بالە لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- بە ڕای من دەکەوێتە سەر ئەوەی تا چەند گرینگییەکی باشی پێ دەدرێت.

*** هۆکار چییە ئەم یارییە لە وەکو پێویست پێشوازیی لێ ناکرێت؟**

- پێشتر وا نەبوو، بەڵام لەم ساڵەنەی دواییدا پێشوازییەکی باشی لێ کرا، بۆ کچان هیوادارم زیاتر پێشوازی لێ بکرێت.

*** ئاستی یاریی بالە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- بالە لە ئاستێکی باشدایە، بەڵام دەبێ زیاتر گرنگیی پێ بدرێت.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- پێویستە پشتگیرییەکی باش هەبێت و هانی ئافرەتان بدەین بۆ ئەوەی بەردەوام بن لەم یارییە.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت؟**

- هیوادارم یاریزانێکی ئاست بەرزم لێ دەربچێت، بێگومان ئەوش بە یارمەتی مامۆستا بێستون دەبێت.

*** یانەی تەق تەق چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

- تاڕادەیەك باشە.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- هیوادارم وەکو کچە یاریزانێك تیپێکی باش و سەرکەوتوومان لێ دەرچێت، دڵنیام هەر واش دەبێت.

*** خانەوادەکەتان تا چەند هاوکارتانن لە وەرزشکردن؟**

- بە ڕاستی من بەهۆی خانەوادەکەمەوە گەیشتومەتە ئەم ئاستەوە و زۆر سوپاسیان دەکەم، زۆر پشتگیریی منیان کردووە تاوەکو ئەم ساتەش هەر پشتیوانمن.

*** بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

-هەوڵی تەواوی خۆم دەدەم بۆ ئەوەی ببم بە یاریزانێکی باش لە داهاتوودا.

***داواکاری وپێش نیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشیی؟**

- داواکاریم لە بەرپرسانی وەرزش ئەوەیە کە خولی زیاتر بکەنەوە بۆ ئەوەی یاریزانان بتوانن زیاتر پێش بکەون.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی پشتگیرییان کردووم، تەنانەت ئەگەر بە وشیەکیش بێت، بە تایبەتی مامۆستا بێستون زۆر ماندوو بووە لەگەڵمان.



# کێشەکانی ئیمباپێ و پاریس گەورەتربوون

زنجیرەی ململانێ یاساییەکانی نێوان کیلیان ئیمباپێ یاریزانی ڕیال مەدرید و یانەی پاریس سانت جێرمان دەستیپێکرد.

ئێمباپێ هاوینی ئەمساڵ بێ بەرانبەر لە سانت جێرمانەوە ڕوویکردە ڕیال مەدرید، پاش ئەوەی ئامادەنەبوو گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکەی نوێ بکاتەوە.

کیلیان سکاڵای لەسەر پاریس سانت جێرمان تۆمارکردبوو بەوەی بڕی ٥٥ ملیۆن یۆرۆی لای یانە فەرەنسییەکەیە وەک مووچە و پاداشت، بەڵام وەری نەگرتووە.

لیژنەی یاسایی دەستەی سەرپەرشتیاری خولی فەرەنسی، فەرمانی دابوو، کە سانت جێرمان ئەو بڕە پارەیە بداتە ئەستێرەکەی پێشووی، بەڵام یانەکە سوورە لەسەر نەدانی پارەکە.

ئێمباپێ کێشەکەی لەگەڵ یانەکە زیاتر توندکردووە پاش ئەوەی دۆسێیەکەی بردووەتە بەردەم لیژنەی ڕێککاری دەستەی سەرپەرشتیاری خولی فەرەنسا، چونکە وەک ئەو ڕایگەیاندووە تاوەکو ئێستا شایستە داراییەکانی خۆی وەرنەگرتووە.

بڕیارە ڕۆژی ١١ی ئەم مانگە، لیژنەکە لە کۆبوونەوەیەکدا، بڕیار لەبارەی دۆسێیەکەوە بدات.

کێشەی نێوان هەردوولایەن بۆ مانگی هەشتی ساڵی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، پاش ئەوەی هەردوولا ڕێکەوتن لەسەرئەوەی، ئێمباپێ ڕازیبوو لە ٥٥ ملیۆن یۆرۆ لە شایستە داراییەکانی خۆی خۆش ببێت ئەگەر یانەکە ڕێگەی بدات بەخۆڕایی بڕوات.

ئێمباپێ ئەوە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ مافی خۆمە ئەو پارەیە وەربگرم هەر بۆیە لە چەندین دامەزراوەی جیاوازە دۆسێی لە دژی پاریس سانت جێرمان کردووە.

سانت جێرمان ئامادەنییە پارەکە بدات، چونکە ڕێکەوتنی زارەکییان لەگەڵ ئێمباپێ کردووە لەوبارەیەوە.

بەپێی یاساکانی فەرەنسا، ئەگەر پاریس سانت جێرمان ئەو بڕە پارەیە نەداتە ئێمباپێ، یانەکە ڕووبەڕووی سزادان دەبێتەوە لە بێبەشکردن لە گرێبەستکردن لەگەڵ یاریزانی نوێ یان سزادانی قورستر.





# ڤان نیستلڕۆی نیگەرانە

ڕۆد ڤان نیستلرۆی، یاریدەدەری پێشووی ڕاهێنەری مانچیستەر یۆنایتد و ڕاهێنەری ئێستای لیستر سیتی، بێئومێدیی خۆی بەرامبەر تەواوبوونی کارکردنی وەک ڕاهێنەر لە یانەی مانچستەر یۆنایتد دەربڕی.

نیستلڕۆی، کە یاریدەدەری ئێریک تین هاگی بوو، لە دوای دوورخستنەوەی ئەو ڕاهێنەرە لە پۆستەکەی بۆ چوار یاریی سەرپەرشتی تیپەکەی کرد و ئاستێکی باشی پیشاندا، بەڵام لەگەڵ دەستبەکاربوونی ڕۆبین ئامۆریم، بە ڕاهێنەری نوێی یانەکە ئەو کارەکەی بەجێهێشت.

نیستلڕۆی لە چوار یارییدا سەرپەرشتی یۆنایتدی کرد و دووچاری شکست نەبوو دوای ڕۆیشتن لە یۆنایتد، بە ڕاهێنەری نوێی یانەی لێستەر سیتی دەستنیشانکرا.

نیستلرۆی بۆ ڕاگەیاندنکاران گوتی: هەستم بە بێ ئومێدییەکی زۆر کرد، بەڵێ زۆر ئازاربەخش بوو، چونکە ناچاربووم یانەکە بەجێبهێڵم.

نیستلڕۆی زیاتر دەڵێ: تاکە پۆستی یاریدەدەری ڕاهێنەر، کە ئامادەبووم لە دونیادا قبووڵی بکەم یاریدەدەری ڕاهێنەری مانچستەر یۆنایتد بوو، چونکە لە یانەکە پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ خەڵک و هاندەران هەبوو، بەڵام لە کۆتاییدا لە بڕیارەکەی ڕاهێنەری نوێ تێگەیشتم.

نیستلڕۆی یەکێک بووە لە هێرشبەرە سەرکەوتووەکانی مێژووی مانچستەر یۆنایتد، پێنج ساڵ یاریی بۆ یانەکە کردووە و ١٥٠ گۆڵی تۆمارکردووە.

لەبارەی وردەکاریی قسەکردنی لەگەڵ ڕاهێنەری نوێی مانچستەر یۆنایتد گوتی: لەگەڵ ڕۆبین قسەمکرد، قسەکانمان پێزانین و دوو کەسی لێکتێگەیشتوو بوو هەروەها قسەی ڕاهێنەر بۆ ڕاهێنەر بوو قسەکانی ئەو زۆر هاوکاریی کردم لە هەنگاونان و چوونە ناو دانوستاندنەوە بۆ ئەوەی ورەم بەرزبێتەوە و دەستبەکار بکەمەوە.



# ڕیال نزیکە لە نوێکردنەوەی گرێبەستی ئەستێرەیەکی

تیبو کۆرتوا گۆڵپارێزی بەلژیکی دەیەوێت گرێبەستەکەی لەگەڵ ڕیال مەدرید نوێ بکاتەوە.

سەرەڕای گرنگیپێدانی لەلایەن چەند یانەیەکی سعوودییەوە کۆرتوا دەیەوێت گرێبەستەکەی لە ڕیال مەدرید درێژبکاتەوە.

ڕیال مەدرید ئامادەیە گرێبەستی کۆرتوا تاوەکو هاوینی ساڵی ٢٠٢٨ نوێ بکاتەوە، چونکە لە نێو یانەکەدا متمانەیەکی تەواو بە کۆرتوا هەیە.

هەرچەندە ئاندری لونین لە کاتی ئامادەنەبوونی کۆرتوا ئاستێکی بەرزی پێشکەشکرد، بەڵام کارلۆ ئەنچێلۆتی ڕاهێنەری ڕیال مەدرید، کۆرتوا شوێنگرەوەی نییە و بژاردەی یەکەمە.

کۆرتوا و بەڕێوەبەری کارەکانی نایانەوێت پەلە لە نوێکردنەوەی گرێبەستەکە بکەن، چونکە هەردوولا پێویستییان بە دڵنیایی هەیە.

گرێبەستی ئێستای کۆرتوا لە هاوینی ساڵی ٢٠٢٦ تەواو دەبێت و ئەوکاتە تەمەنی دەبێتە ٣٤ ساڵ.

کۆرتوا لە هاوینی ساڵی ٢٠١٨ بەبڕی ٦٥ ملیۆن یۆرۆ لە چێلسی پەیوەندی بە ڕیال مەدرید کرد، لە هاوینی ساڵی ٢٠٢١ گرێبەستەکەی تاوەکو ٢٠٢٦ نوێکردەوە.


# زانکۆی جیهان تیپێکی بەهێزی دروست کردووە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی زانکۆی جیهان ئەم وەرزە تاکە نوێنەری پارێزگای هەولێرە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، کە بڕیارە لە ١٥ی مانگی ١٢ یارییەکانی بەڕێوە بچێت، یانەکە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکارییەکانی دەست پێکردووە بۆ ئەوەی بتوانێ ئاست و ئەنجامی شایستە لە خولەکە بەدەست بهێنێت، کارگێڕیی یانەکە ستافێکی ڕاهێنەرانی دیاری کردووە و دەیەوێت بە هێنانی کۆمەڵێك یاریزانی دیکەی یانەکانی بەشدار لە خولەکانی کوردستان، کێبڕکێی یانەکانی دیکەی کوردستان بکات، لەم بارەشەوە «فەتحی قەرەنی» ڕاهێنەری یانەی وەرزشیی زانکۆی جیهان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ گۆڕانکاریی تەواومان کردووە لە ڕیزی یاریزانانی تیپەکەمان و ئامانجمان ئەوەیە بتوانین ئەنجامەکانمان بە دڵی کارگێڕیی یانەکە بێت، بۆ ئەم مەمەبەستەش گرێبەستمان لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانانی بە توانا لە یانەکانی دیکەی کوردستان مۆر کردووە، جگە لەوەش ماوەی دوو هەفتەیە ئامادەکارییەکانمان چڕ کرووەتەوە بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی تۆکمە ئامادەبین بۆ دەستپێکی یارییەکانی وەرزی نوێ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، کە ئەمساڵ تاکە نوێنەری شاری هەولێرین لەم خولە دەمانەوێ ئاست و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین». لە بارەی هێنانی یاریزانی دیکەیش کاپتن فەتحی گوتی: «ئێمە زیاتر پشتمان بە یاریزانانی کوردی خۆمان بەستووە، تەنیا چەند یاریزانێك نەبێت کە هەندێکیان ماددەی ١٤٠ و هەندێك یاریزانی تریش لە یانەکانی دەرەوەی هەرێم هێناومانن، سوپاسی دەستەی کارگێڕیی یانەکەمان دەکەین کە هیچ کێشە و گرفتێکمان نییە لە ڕیزی تیپەکەماندا و، هەموو هەوڵێکمان ئەوەیە بتوانین ئاست و ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین».



# یانەی چەمچەماڵیش خۆی ئامادە دەکات

لەگەڵ وادەی نزیکبوونەوەی یارییەکانی وەرزی نوێ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، کە وابڕیارە لە ١٥ی مانگی ١٢ یارییەکانی دەست پێبکات، یانەکان کەوتوونەتەخۆیان بۆ ئەوەی بتوانن یاریزان و ڕاهێنەری باش لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە، یانەی چەمچەماڵ ئەمساڵ بەشداری یارییەکانی خولەکە دەکات، کارگێڕیی یانەکە بە فەرمی بەشداریکردنی نیشانداوە و دەستیان بە ئامادەکاری کردووە بۆ خولەکە، لە لایەن دەستەی کارگێڕیی یانەکەوە «هەرێم کەلاری» بە فەرمی وەکو ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەکە دەستبەکار بووە و، لە ئێستادا یانەکە خەریکی ئامادەکارییە بۆ ئەوەی بتوانێ شان بە شانی ژمارەیەك لە یاریزانانی شارەکە کێبڕکێ یانەکانی دیکەی بەشدار لە خولی پلە یەکی، یانەی چەمچەماڵ وەرزی ڕابردوو نەیتوانی پلێتی سەرکەوتن بۆ خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەم وەرزە دەیەوێت بە پێکهاتەیەکی تۆکمەوە بەشداریی کێبڕکێکانی وەرزی نوێ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بکات و، چاوی لە بە دەستهێنانی ئەنجامی شایستەیە، لەم بارەشەوە «هەرێم بورهان» ڕاهێنەری یانەی چەمچماڵ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە سەرەتای مانگەوە دەستمان بە ئامادەکارییەکان کردووە و پەیوەندیمان بە کۆمەڵێك یاریزانەوە کردووە، کە بەشێکیان لە تیپە میللییەکاندا یارییان کردووە، دەمانەوێ لەگەڵ کۆمەڵێك یاریزانی دیکەی یانەکان تێکەڵیان بکەین و بتوانین ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین، دەمانەوێ تیپێکی بەهێز دروست بکەین، هەر چەندە کاتیشمان کەمە».






# یانەی ڕانیە دەگەڕێتەوە ناو کەشوهەوای خولەکان

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی ڕانیە ئەم وەرزە بۆ دووەم ساڵیەتی لە سەر یەك، بەشداریی یارییەکانی وەرزی نوێی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان دەکات، هەر چەندە دەستپێکی خولەکەی بە سەرکەوتن دەست پێکرد و، دواتریش یاریزانانی تیپەکە ئامادەکاریی پێویستیان کردووە بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، بەڵام بەهۆی پێنەدانی شایستە داراییەکان، یاریزانان دوای چل ڕۆژ بایکۆتی مەشق و یارییەکانی یانەکەیان کرد و لە یاریی بەرامبەر شێروانە ئامادە نەبوون یاری بکەن و بە دۆڕاو هەژمار کران، لە دوای ئەم ئامادە نەبوونە بەرپرسی وەرزشیی ناوچەکە و هاندەران و خەڵکی دڵسۆز و بەرپرسانی یانەکە کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی بتوانن چارەسەرێك بۆ یانەکە بدۆزنەوە، دووبارە یانەکە دەستی بە مەشقەکان کردوە، لە ئێستادا یانەکە چاوی لەوەیە بتوانێ لە یارییەکانی داهاتوودا ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت، لە یاریی بەرامبەر دەربەندیخانیش توانی سێ خاڵ و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لە ئێستادا یانەکە خەریکی ئامادەکارییەکانن بۆ یارییەکانی داهاتوو، بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن .



# دواکەوتنی بەپێ ڕۆیشتنی منداڵ


بـە شـێوەیەکی سرووشـتی، توانـای وەستان لەسەر پێیەکان و بەپێ ڕۆیشتن (پێگرتـن) لـە هەمـوو منداڵەکانـدا لـە هەمـان تەمەنـدا ڕوو نادات، بۆنموونە هەندێـك منـداڵ لـە تەمەنـی نـۆ مانگیـدا لەسـەر قـاچ دەوەسـتن و ڕێ دەکـەن، کەچـی هەندێکی دی لـە تەمەنـی ١٨ مانگیـدا ئینجـا دەتوانـن ڕێ بکـەن. بـە پێـی ڕاپۆرتەکانـی سـەنتەری ئەمریکیـی خۆپاراسـتن و کۆنترۆڵکردنـی نەخۆشـییەکان CDC، پێویسـتە کـە هەمـوو منداڵێـك تـا کۆتایی تەمەنی ١٨ مانگی بتوانێت بە بێ هاریکاریی کەسانی دیکە لەسەر قاچەکان بوەسـتێت و ڕێ بـکات، لـەم تەمەنـە درەنگتـر بـە نائاسـایی یـان دواکەتنـی ڕۆیشـتن هەژمـار دەکرێت و پێویستی بە بەدواداچوونی پزیشکی دەبێت.


هۆکارەکانـی دواکەوتنـی (پـێ گرتنـی) منـداڵ: بۆمـاوە، سرووشتی کەسێتیی منـداڵ، ناکامـی Pre-mature واتـە کـە منـداڵ پێـش تەواوکردنـی ٢٨٠ ڕۆژی لەنـاو منداڵدانـدا لەدایـك بووبێـت، دەوروبـەری ژیـان و گەشـەی دروسـتی منـداڵ، هەروەهـا بـاری تەندروسـتیی منـداڵ و نەخۆشـی وەکـو: ئیفلیجبوونـی مێشـك، مۆنگۆلیـزم، ئێسـکەنەرمە، زەبـر بـۆ ناوچـەی سـەر، هەروەهـا هەوکردنـی شـانەکانی مێشـك یـان پەردەکانـی مێشـك.



# چۆن قەڵەوی دەبێتە ئەگەری نەخۆشیی دڵ؟

کێشی زیاد بەتایبەتی چەوریی زیادی سك و دەوری کەمەر، هۆکارە بۆ نیشتنی چەوری لەسەر ناوپۆشی خوێنبەرەکان کە بە ڕەقبوونی خوێنبەرەکان Athero- sclerosis ناسراوە. قەڵەوی هۆکارە بۆ کۆبوونەوە یان خەزنکردنی چەوری لە دەور و لە ناو ئەندامەکانی لەشدا، کۆبوونەوەی چەوری لە سك و دوری کەمەردا دەبێتە هۆی دەردانی چەند هۆرمۆنێك و چەند ماددەیەکی پەیداکردنی هەوکردن، وەکو سایتۆکاینەکان Cytokines کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان بەرز دەکەنەوە، لێکۆڵینەوەکان ڕوونیان کردووەتەوە کە قەڵەوی دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی چەوری لە دەوری بەشی هەرە دەرەوەی دڵدا، ئەمەش پەیوەندی زۆری هەیە بە نەخۆشیی کۆئەندامی دڵ و سووڕانەوە. لە لایەکی دیکە قەڵەوی دەبێتە ئەگەری چەند حاڵەت و گرفتێکی دیکە کە هاندەرن بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، بۆنموونە: بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵ لە خوێندا، نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، هەروەها وەستانی کاتیی هەناسە لەکاتی خەودا Sleep apnea.





# سوود و زیانەکانی بەکارهێنانی کیراتین بۆ قژ

کیراتین Keratin پرۆتینێکی ڕیشاڵەیی سرووشتییە کە لە قژ و نینۆك و پێستدا هەیە. بەکارهێنانی گیراوە یان شامپۆی کیراتین بۆ قژ، وای لێ دەکات کە تاڵەکانی بەهێز و بریقەدار بن، هەروەها زیاد خاو ببنەوە، بەڵام بەدەر نییە لە چەند زیانێکی لابەلا. زیان و لایەنە نەرێنییەکانی چارەسەری کیراتینی: گرانیی نرخ، کاریگەرییەکەی کاتییە و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەمێنێتەوە، بەکارهێنانی ئوتووی گەرمی قژ بۆ هانادنی لکانی کیراتین بە قژ و خاوکردنەوەی، گەلێك جار زیان بە ڕەگی قژ دەگەیەنێت و هۆکارە بۆ شکانی تاڵەکانی قژ، چارەسەری کیراتینی پێویستە کە تەنیا لە لایەن کەسانی شارەزا ئەنجام بدرێت، چونکە ماددەی کیمیایی بەهێز لەخۆ دەگرێت، کە زیانی زۆر بە قژ دەگەینن، بەتایبەتی فۆرمەلدیهاید، کە پێکهاتەی ئاکتیڤی چارەسەری کیراتینییە، بۆنموونە هۆکارە بۆ سووتانەوەی پێست، زیاد فرمێسککردن، هەستکردن بە سووکبوونی سەر، لەگەڵ سەرئێشە.

# شلەمەنییە شیرینکراوەکان ئەگەری نەخۆشیی شەکرە زیاد دەکەن

ئەمە سەلمێندراوە کە شلەمەنییە شیرینکراوەکان ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم زیاد دەکەن لە ڕێگەی پەیدابوونی بەرگریی خانەکان بۆ هۆرمۆنی ئینسولین، کە حاڵەتێکی زۆر نزیکی تووشبوونە بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم ئەگەر بە خێرایی پێچەوانە نەکرێتەوە. لە ڕاستیدا، هەتا ڕۆژانە خواردنەوەی یەك قوتوو سۆدای شیرینکراو ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم تا ڕێژەی ١,١٪ بەرز دەکاتەوە. بەڵگەی بەهێز لە بەردەستدایە کە ڕۆژانە خواردنەوەی زیاتر لە ١١٨ میللیلیتر ئەم ئەگەرە لە ماوەی چوار ساڵدا تا ڕێژەی ١٦-١٨٪ بەرزدەکاتەوە، ئاماژە بەمەش کراوە کە خواردنەوەی ئەو شلەمەنییانەی کە بە ماددەی شیرینکاریی دەستکردەوە شیرین دەکرێن، ئەم ئەگەرە کەم ناکاتەوە. بڕی زیادی شلەمەنییە شیرینکراوەکانی وەکو خواردنەوە گازدارەکان، شیرەی دەستکردی میوە، چای و قاوەی شیرینکراو، خواردنەوە وزەبەخشەکان، یان شیری شیرینکراو، جگە لە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، هاندەرن بۆ: زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، نەخۆشیی دڵ، نەخۆشیی گورچیلە، زیادبوونی چەوریی جگەر، هەروەها کلۆربوونی ددان.





# مەترسییە تەندروستییەکانی گەرمکەرەوەی نەوتی

گەرمکەرەوە (زۆپا) ی نەوتی ئۆکسجین بەکار دەهێنێت بۆ سووتان، بۆیە لە ژوورێکی بچووك یان هەر ژوورێکی داخراودا کە هەواگۆڕکێی باشی تێدا نەبێت، ڕێژەی گازی ئۆکسجین لە هەوای ناو ژووردا تا ئاستی مەترسیدار کەم دەبێتەوە، ئەمەش وا لە فتیلی زۆپا دەکات بە دروستی نەسووتێت، کە هۆکارە بۆ پەیدابوونی گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و سووتماك (تەنی) Soot و گازی دیکە. هەڵمژینی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن (کە گازێکی بێ ڕەنگ و بێ بۆنە) بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەبێتە هۆی خنکان Asphyxia. لە لایەکی دیکە، زۆپای نەوتی هەوای ناوماڵ ئالوودە دەکات بە گازەکانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، ئۆکسیدی نایترۆجین، لەگەڵ دووەم ئۆکسیدی گۆگرد. هەڵمژینی ئەم گازانە زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت بەتایبەتی ئافرەتی دووگیان، تووشبووانی ڕەبو یان نەخۆشیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، هەروەها منداڵی بچووك و کەسانی بەتەمەن. پێویستە کە هەواگۆڕی باش لەو ژوورەدا هەبێت کە زۆپای نەوتی تێدا دادەگیرسێنرێت، هاوکات لەگەڵ دانانی ئامێری ئاگادارکەرەوەی دوکەڵ و یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن.


# بۆچی ئافرەت زیاتر تووشی بەردی زراو دەبێتەوە؟




بەردی زراو Gallstones بریتییە بارستەی نیمچە بەردی کۆلیستیرۆڵی نەتواوە، یان تۆپەڵی پەیتبوونی شلەی زراو لە ناو کیسی زراودا بە قەبارەی بچووکی بەقەد دەنکە گەنمێك تا قەبارەی گەورەی بەقەد تۆپی گۆلف. هۆکاری تووشبوونی ئافرەت بە بەردی زراو زیاتر لە پیاو دەگەڕێتەوە بۆ هۆرمۆنی مێیینە، یان ئیسترۆجین کە هاندەرە بۆ زیاد دەردانی کۆلیستیرۆڵ لە ڕێگەی شلەی زراو یان زیاد تێربوونی شلەی زراو بە کۆلیستیرۆڵ، کە هەندێك جار تۆپەڵی ڕەق پێك دەهێنێت لە ناو کیسی زراودا. بەردی زراو لەوانەیە بێ نیشانە بێت، لەوانەشە ئەم نیشانانەی هەبێت: سك ئێشە، یان ئازاری پشت یان قۆڵی ڕاست کە لەوانەیە توند بێت، یان پاش خواردنی ژەمێکی چەور سەرهەڵبدات، زەردوویی، ئازاری توند لە بەشی سەرەوەی لای ڕاستی سك هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، لە ئەنجامی هەوکردنی کیسی زراو یان هەوکردنی پەنکریاس. هۆکارە هاندەرەکانی دیکەی بەردی زراو: تەمەنی پاش ٤٠ساڵی، کێشی زیادی لەش یان قەڵەوی، نەخۆشیی شەکرە، هەروەها دابەزاندنی خێرای کێشی لەش.



# زیرەكیی دەستكرد بۆ یادداشتە دەنگییەكان



ئامێری (NotePin) هەر بەقەد میدالیایەكی بچووك دەبێت و دەكرێت وەك ملوانكەیەكیش لە مل بكرێت و وەك كاتژمێر لە دەست بكرێت. گرنگی ئامێرەكە لەوە دایە كە دەتوانێت بێ سنوور دەنگ تۆمار بكات، چونكە ڕاستەوخۆ دەنگە تۆماركراوەكە لە هەژمارێكی تایبەت بەكارهێنەرەكەدا هەڵدەگیردێت. بۆ قوتابیان لە كاتی خوێندندا بۆ تۆماركردنی وانەكانیان و پاشان گوێدانەوە بەوانەكانیان، هەروەها بۆ بەشداری كردن لە كۆڕ و سیمینارەكان گونجاوە. خاڵی هەرە سەرەكی و جێگای بایەخی ئامێرەكە لەوەدایە كە بە (٥٩) زمان یادداشت هەڵدەگرێتەوە واتە كاتێك بەكارهێنەرێك قسە دەكات و ڕاستەوخۆ قسەكان دەكاتەوە دەق و كاری وەرگێڕانیش دەكات. سوود لە ژیریی دەستكرد وەردەگرێت و بابەتەكان كورت دەكاتەوە و هەروەها دەتوانێت بیانكات بە شێوەی پرسیار وەڵامیش. بەكارهێنەر دەبێت مانگانە تێچووی هەڵگرتنی داتاكان بدات.



# بە قەبارە بچووك بە كارایی مەزن

سەردەمی كۆمپیوتەرە زەبەلاح و كەم تواناكان بەسەرچووە، ئیدی سەردەم سەردەمی بچوك بوونەوەی ئامێرەكانە. NiPoGi ناوی كۆمپیوتەرێكی بچوكە بە كارامەییەكی زۆرەوە. كێشی تەنیا نیو كیلۆیە، بەڵام ئەركی كۆمپیوتەرە بچووكەكان ئەنجام دەدا. ڕامەكەی ١٦ گیگابایتە و CPUەكەی خێراییەكەی دەگاتە ٣,٦ گیگاهێرتز و لە نەوەی ١٢ی ئەنتەلە. هاردەكەی لە جۆری SSDیە و قەبارەكەی ٥١٢ گیگابایتە. سیستەمی وای-فای خێرای لەسەرە. كارتی گرافیكی زۆر بەهێزە لە یەك كاتدا دەكرێت سێ شاشەی لەسەر دابندرێ. كوالیتی نیشاندانی شاشەكان 4Kیە. بچووكترە لە لاپتۆپێك و دەكرێت بۆ هەر شوێنێك بەكارهێنەر لەگەڵ خۆی ببات و هەروەها دەتوانێت تیڤیە سمارتەكان وەك شاشەی كۆمپیوتەرەكە بەكار بێنێت.



# مینی پرۆکا کۆمپیوتەرێکی دیسکتۆپی ناوازە



کۆمپیوتەرە دیسکتۆپە گەورەکان لەسەر و تەنیشت مێزەکان کۆدەکرێنەوە و مینی کۆمپیوتەرەکان شوێنیان دەگرێتەوە. بۆ نموونە کۆمپیوتەری بچووکی Miniproca، کۆمپیوتەرێك هەمان کارایی کۆمپیوتەری مەزنی هەیە و ئەرکەکان وەك کۆمپیوتەرێکی مەزن ڕادەپەڕێنێ، ناوازەیی مینی کۆمپیوتەرەکە لەوە دایە کە شاشەیەکی بچووکی حەوت ئینجی لەمسی لەگەڵدایە و لەکاتی پێویستدا دەکرێ سوودی لێوەربگیردرێ.

خێرایی مینی کۆمپیوتەرەکە ٤,٩ گیگاهێرتزە، ڕامەکەی ٣٢ گیگابایتە و هاردەکەی دوو ترابایتە. چەندین پۆرتی تایبەتی تێدایە بۆ نموونە دوو پۆرتی تۆڕی ئینتەرنێتی خێرایی ٢,٥ گیگابایت لە چرکەیەکدا. پۆرتی HDMI بۆ پەیوەندی شاشە و کۆمپیوتەر کە دەکرێت هەتا سێ مۆنیتۆری بە کوالیتی 4K پێوە پەیوەند بدرێت.

# پەیوەندی ڕاستەوخۆی مۆبایل بە ئینتەرنێتی ستارلینک



پرۆژەکەی گەورەکەی ئیلۆن ماسك واتە ئینتەرنێتی (ستارلینك) گەیشتۆتە قۆناغی کۆتایی و بڕیار وایە لە داهاتوویەکی نزیکدا مۆبایلە زیرەکەکان بەبێ هیچ ئامێرێکی زیادی ڕاستەوخۆ ئینتەرنێت وەربگرن.

ستارلینك پەخشکەرەوەی ئینتەرنێتی بێ سنوور و بێ سانسۆر بەهۆی مانگی دەسکردەوە ئێستاکە لە هەموو جیهان بەردەستە، بەڵام زیاتر بۆ شوێنی جێگیر دەبێت و مۆبایلەکان کە لە ئامێری ستارلینك دوور بکەونەوە ئینتەرنێتیان نامێنێ، بەڵام لە کۆتایی ئەمساڵدا ئەو بەربەستە نامێنێ. (ماسك) دەڵێت: کێشەی تەکنیکیم نەماوە بۆ ئەوەی مۆبایل بە ئینتەرنێتی ئاسمانی ببەستمەوە، تەنیا ئەوەندە ماوە بەشی کۆمیسیۆنی فیدراڵی ئەمەریکا بەشی پەیوەندییەکان ئیزنی پێبدات. بەهۆی ئەو پرۆژەیەوە هیچ خاڵێکی زەوی نامێنێ کە ئینتەرنێتی پێنەگات. شایانی ئاماژەیە ئەو پرۆژەیە هەمە جۆرە مۆبایلێك دەگرێتەوە کە لە پێشوودا دەنگۆی ئەوە هەبوو تەنیا بۆ جۆرێکی تایبەت لە مۆبایل دەبێت.



# پرۆگرامێک تایبەت بە جوگرافیا و نەخشەسازی

یەکێک لەوانە گرنگەکانی قوتابخانە و زانکۆکان وانەی جوگرافیایە و لەوێشدا بەشی نەخشەسازی لە ریزی یەکەم دێت. هەم لە مۆبایل و هەم لە کۆمپیوتەردا دەیان پرۆگرام و ئاپ هەن تایبەتن بە جوگرافیا و نەخشەسازی. یەکێک لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی Mappium Map Makerیە. پرۆگرامێکی سادەیە و بەکارهێنانی ئاسانە، لە هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ویندۆز بەکار دێت و بەکارهێنەر دەتوانێت نەخشەکان بە کوالیتی زۆر بەرز دروست بکات و بچووکترین وردەکارییەکانیشی تێدا بێت. بەویستی خۆی رەنگەکان دیاری بکات. خۆی لە خۆیدا نەخشەی گشت جیهانی بە وردەکارییەوە تێدایە، ئەگەر پێویستت بەوە هەیە نەخشەیەکی نوێ دابنێی فۆرمێکی تایبەت پڕ دەکەیەوە لە ڤێرژنەکانی داهاتوودا ئاپەکە زیادی دەکات. نەخشەکان بە هەموو فۆرماتێک تۆمار دەکرێن و دەکرێت راستەوخۆ نەخشەی مەبەستت لەگەڵ نزیکانت هاوبەش بکەی.







## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت لە نێوان سیستەمی ویندۆز و سیستەمی macOS کامەیان بۆ کاری گرافیکی و دیزاین باشترن؟**

خوێنەری بەڕێز ئەو دوو سیستەمەی لە پرسیارەکەدا ئاماژەت پێدان هەردوکیان لایەنی ئەرێنی و نەرێنیان هەیە. لایەنی ئەرێنی سیستەمی ویندۆز ئەوەیە گشتگیرترە، پرۆگرامگەلێکی یەکجار زۆر بۆ ئەو سیستەمە بەرهەمهاتوون، بە ئاسانی پارچەکانی کۆمپیوتەری سیستەمەکە دەگۆردرێن.

لایەنی ئەرێنی سیستەمی macOS ئەوەیە، یەکدەستبوونی نەرمەئامراز و سەختەئامرازە، ئەمنییەتیان زیاترە، کارکردن بەو سیستەمە ئاسانترە.

لایەنە نەرێنییەکانیان، سیستەمی ویندۆز پڕ کێشەترە، پرۆگرامەکان بە ئاسانی هاك دەکرێن و زیاتر دزەیان دەکرێتە سەر. لایەنی نەرێنی سیستەمی ماك ئەوەیە تێچوو زیاترە و پرۆگرامی کەمترن.



## ژیریی دەستکرد و ئایندەی شەڕ




# دەفتەری دیجیتاڵی جیهانێکی نوێ له یاداشت هەڵگرتنەوە

ئەو کەسانەی ناتوانن بە ئاسانی دەست لە قەڵەم و کاغەز هەڵبگرن و بەڵام حەز دەکەن لە جیهانی تەکنەلۆژیاش دانەبڕێن، دەفتەری دیجیتالی بۆ هەڵگرتنەوەی یادداشتەکانیان باشترین بژاردەیە. دەفتەری دیجیتالی جۆری Note X10 هەروەك دەفتەرێکی ئاسایی دەچێت و قەڵەمێکی تایبەت بەخۆی لەگەڵدایە و پەنجا پەڕی جۆری A5یە. بەڵام جیاوازی لەگەڵ دەفتەری ئاسایی ئەوەیە هەرچی بینووسی ڕاستەوخۆ لەناو کۆمپیوتەر یا مۆبایل یا تەبلێتدا هەڵدەگیردرێ. بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە پەیوەند دەدرێ و یادداشتەکانی بە فۆرماتی PDF یا JPG هەڵدەگیردرێن. کاغەزەکان دەسردرێنەوە و سەرلەنوێ دەنووسرێنەوە. ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەکارهێنەرەکەی نووسین و یادداشتەکان چ دەق بن یا وێنە لە مۆبایل یا تەبلێت یا کۆمپیوتەر هەڵدەگیردرێن، دەکرێت بەشێوەی ئۆفلاینیش سوودی لێوەربگیردرێ و دواتر یادداشتەکان بخرێنە سەر ئامێرەکان. جگە لەهەڵگرتنەوەی یادداشتی دەق، یادداشتی دەنگیش هەڵدەگرێتەوە و هەتا ٥ کاتژمێر دەنگ تۆمار دەکات. کاتێك شەحن دەبێتەوە هەتا ١٨ کاتژمێر سوود لێوەرگرتن شەحنی دانابەزێت.



## ماڵپەڕێکی ژیری دەستکرد بۆ ریکلام کردن

لە سەردەمی ئەمڕۆدا ریکلام لە هەر بوار و بۆ هەر مەبەستێك رۆڵێکی کاریگەری هەیە لە ناسینی مەبەستەکە. بەتایبەتی بۆ کڕین و فرۆشتن و کاڵا بازرگانییەکان.

چەندین پرۆگرامی تایبەت هەیە بۆ دروستکردنی ریکلام، ژیریی دەستکرد ئاسانکارییەکی زۆری کردووە لەم بوارەدا.

لە ریکلامکردندا ئەو ریکلامانەی هەم گرافیکیان بەهێزەو هەم پەیام و هەم موشینی تێدایە واتە جوڵەی تێدایە کاریگەری زیاترە. ماڵپەڕی kaiber.ai/ تایبەتە بەو بوارە. دوای ئەوەی هەژماری تایبەتیت کردەوە لە بۆکسێکی تایبەتدا وێنەی کاڵای مەبەستی خۆت و لە بەشی دیکەشدا پرامپێتێك بۆ ریکلامەکەت بنووسە. دوای ئەوە بە جوانترین شێوە ریکلامێکی تایبەتیت بۆ دروست دەکات.

شەڕ بوو بەهۆی داهێنانی کۆمپیوتەر لە شەڕی دووەمی جیهانیدا لەلایەن ئەڵمانیاوە بۆ دانانی کۆد و وشەی نهێنی و لە بەرامبەریشدا لەلایەن بەریتانیاوە بۆ کردنەوەی کۆدە نهێنییەکانی ئەڵمانیا سودی لێوەرگرا. ئێستا لەسەردەمی ژیریی دەستکردا شەڕەکان زۆر هۆشمەندانەتر دەبن، لە شەڕەکانی داهاتوودا کە هەر ئێستا بەرچاوروونییەکمان لە شەڕی ئۆکراین و ئیسرائیل هەیە دەزانین ژیریی دەستکرد چ ڕۆڵێك دەبینێ.

لە شەڕی داهاتوودا بەهۆی ژیریی دەستکردەوە، زیانی مادی کەمتر شوێنە گشتییەکان دەگرێتەوە و ئامانجەکان زووتر دەپێکرێن، بۆ نموونە دەکرێت بە درۆنێکی پاڵپشتیکراو بە ژیریی دەستکرد فەرمان بدەی کە لەنێو سەدان تانکدا تەنیا تانکی ژمارە (٢٠) ئامانجە و تەنیا ئەو بپێکە، بە ئاسانی ژیریی دەستکرد تانکی دیاریکراو دەبینێتەوە. تەنانەت دەتوانێت لە نێو هەزاران سەربازدا فەرماندەکان دەستنیشان بکات. براوەی شەڕەکانی داهاتوو ئەو وڵاتانەن کە زیاتر لە ژیریی دەستکرد سوود وەردەگرن. ژیریی دەستکرد هێزی مرۆیی کەم دەکاتەوە و شەڕەکان درێژخایەن نابن و زووتر دەگەن بە ئامانج. «ئیلۆن ماسك» هەر ئەم ڕۆژانە لەبارەی شەڕ و زیرەکیی دەستکردەوە وتی: گەمژەن ئەو وڵاتانەی دوای ژیریی دەستکرد سەرمایەکانیان لە بەرهەمهێنانی ئامێری گەورەی جەنگی بە فیڕۆ دەدەن، ژیریی دەستکرد بە تێچووی کەمتر بە باشتر ئەو کارەیان بۆ دەکات.





# گرنگیدان بە مۆمی بۆندار

لەوانەیە مۆم بە شێوەیەکی نا یەکسان بسوتێت یان خێراتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا بۆنەکەی لەدەست بدات، لێرەدا کۆمەڵێك ئامۆژگاری بۆ چاودێریکردنی مۆمەکان دەخەینە ڕوو.


مۆم لە ئاراستەی هەوا دوور بخەرەوە: ڕەوت و ئاراستەی هەوا دەتوانن کاریگەری لەسەر چۆنیەتی سووتانی هەر مۆمێك دابنێت، ئەمەش توندیی بۆنەکە کەم دەکاتەوە، بۆیە پێویستە مۆم لە پانکە، پەنجەرەی کراوە، یان دەرچەی هەوا دوور بخرێتەوە.

کوژێنەرەوەی مۆم بەکار بهێنە: باشتر وایە ئامێری کوژاندنەوەی مۆم بەکار بهێنرێت، کە یارمەتیدەرە بۆ کوژاندنەوەی بڵێسەی ئاگرەکە بە نەرمی، بەبێ ئەوەی تێکچوون دروست بکات، هەروەها ڕێگری دەکات لە چەمانەوەی فتیلەکەی، یان داچۆڕانی مۆمەکە. هەروەها ئەم کارە یارمەتیدەرە بۆ ڕاگرتنی بۆنەکە بۆ سووتانی داهاتوو.

مۆمەکە پاك ڕابگرە: پیسی و پاشماوە دەتوانێت کاریگەریی لەسەر کوالێتی هەر مۆمێك و چۆنیەتی سووتانی هەبێت، بۆیە هەمیشە ئاگاداربە ڕووی مۆمەکە دوور بێت لە کبریت، پاشماوەی فتیلە یان تۆز، چونکە مۆمی پاك سووتانی پاکتر و بڵاوبوونەوەی بۆنێکی باشتر دابین دەکات.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**





## هەماهەنگکردنی ڕەنگی خۆڵەمێشی

خۆڵەمێشی دەکەوێتە ناو لیستی ڕەنگە بێلایەنەکانەوە کە دەتوانێت ببێتە جێگرەوە بۆ ڕەش، کە بە پاشای ڕەنگەکان ناسراوە. ئەمەش ئاسانکارییەك با شە بۆ هەماهەنگکردنی لەگەڵ جلوبەرگی جۆراوجۆردا، هەروەها یەکێکە لە ڕەنگە گونجاوەکان بۆ خانمان بۆ سەر کار یان شوێنی فەرمی.

مۆدە هەفتانە نێودەوڵەتییەکان ڕێچکە بۆ ئەو ڕەوتانە دادەنێن کە لە هەموو وەرزێکدا زاڵن، ئەوەی لەمساڵدا دیارە ئەوەیە کە هەندێك ڕەنگ زاڵن بەسەر دیمەنەکەدا، ڕەنگی بۆرگۆندی و خۆڵەمێشی لە سەرووی لیستەکەدان بۆ زۆرێك لە خانمان، هەرچەندە ڕەنگە بیرۆکەیەکی باش نەبێت بۆ زۆر کەس کە مەیلیان هەیە ڕەنگی بێلایەن لەگەڵ تۆنی گەشدا تێکەڵ بکەن، بەڵام خۆڵەمێشی لەگەڵ شینێکی تۆخ، پاڵنەرێك دەبێت بۆ تاقیکردنەوەی ستایلێکی نوێ و ڕەسەنتر کە لەگەڵ دیمەنی فەرمی ئۆفیسدا بگونجێت.

لەم وەرزەدا دوودڵ مەبە لە تێکەڵکردنی ڕەنگی خۆڵەمێشیی کاڵ یان تۆخ لەگەڵ ڕەنگی نەرمی مێینەیی وەك پەمەییدا.




# ماکیاژکردنی دەموچاوی خڕ

ئەگەر خاوەنی ڕووخسارێکی خڕیت و بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێیت بۆ ئەوەی ماکیاژەکەت جوانیت دڵڕفێنتر بکات، هەندێك بنەما هەیە کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، بۆ ئەوەی ڕوخسارێکی ناسکتر بەدەست بهێنیت.

بەکارهێنانی کۆنتور: کرێمی کۆنتور یان پاودەری تۆخ لە لاکانی پێشەوە و ژێر ئێسکی ڕوومەت و لە لاکانی چەناگە بدە، ئەمەش یارمەتی باریککردنەوەی لایەکان دەدات و دیمەنێکی شایستەترت پێ دەبەخشێت.

ڕووناکی (هایلایتەر): هایلایتەر بدە لە سەرووی ئێسکی ڕوومەت، ناوەڕاستی پێشەوەی ڕوومەت، ئەم شوێنانە درەوشاوەیی زیاد دەکەن و یارمەتی بەرزکردنەوەی ڕوخسار دەدەن.



**به شێوەیەکی ستراتیژی سوورکەر بۆ ڕوومەت هەڵبژێرە**

بە گۆشەیەك بەرەو گوێچکەکان یان سەرووی ئێسکی ڕوومەتەکان سوورکەر بدە لە ڕوومەت، نەك لەسەر گۆناکان، ئەمەش یارمەتی بەرزکردنەوەی ڕوومەتەکان دەدات و ڕوخسارێکی درێژتر بە ڕووخسار دەبەخشێت.

ماکیاژ بۆ چاو (ئایلاینەر و سێبەر): بەکارهێنانی ئایلاینەر بۆ بەرزکردنەوەی گۆشەکانی دەرەوەی چاوەکان، هەروەها سێبەری تۆخ بۆ چاو لەسەر پێڵوی سەرەوەی چاو و گۆشەی دەرەوەی چاوەکان دابنێ.

دیاریکردنی برۆ: ئایلاینەر لە گۆشەکانی دەرەوەی بەشی سەرەوەی پێڵووی چاو بەکار بهێنە بۆ بەرزکردنەوەی برۆ، ئەویش بە بەکارهێنانی سێبەری تایك، ئەمەش وا دەکات ڕوخسار بەرجەستەتر دەربکەوێت.






# نیشیاما ئۆنسێن کیۆکان کۆنترین هۆتێل لە جیهاندا





ئایا دەزانی هۆتێلی «نیشیاما ئۆنسێن کیۆکان» لە وڵاتی ژاپۆن بە کۆنترین هۆتێل دادەنرێت لە جیهاندا؟ کە لە ساڵی ٧٠٥ی زایینی دامەزراوە و زیاتر لە ١٣٠٠ ساڵە لە لایەن هەمان خێزانی ژاپۆنییەوە بەڕێوە دەبرێت، لەم ماوە باوەڕپێنەکراوەدا ٥٢ نەوەی ئەم خێزانە دەستیان بەسەر بەڕێوەبردن و چاودێریکردنی هۆتێلەکەدا گرتووە. هۆتێلەکە دەکەوێتە پارێزگای یاماناشی و بە کانییە گەرمەکانی (ئۆنسین) بەناوبانگە و، خاوەنی ژمارەی پێوانەیی جیهانی گینسە وەك کۆنترین هۆتێل، کە تا ئێستاش کاردەکات، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو نەریتە قووڵە و سەقامگیرییە یەکە ڕەگ و ڕیشەی لە کلتوری ژاپۆنیدا هەیە.

# کەشتیی بیابیان بڕ

کەشتی «ئیدوارد بۆهلن» کەشتییەکی بارهەڵگری ئەڵمانی بوو کە لە ٥ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٠٩ لە کەناراوەکانی نامیبیا لەکار کەوت. بە تێپەڕبوونی کات لمە جووڵاوەکانی بژاپۆنی نەمیب کەنارەکانی جووڵاند و کەشتییەکە نزیکەی ٤٠٠ مەتر لە کەناراوەکە دوورکەوتەوە و لە بژاپۆنەکەدا گیری خوارد، ئەمەش وای لێ کرد کە ببێتە بەناوبانگترین کەشتیی گیرخواردووی ئێسکەپەیکەر بە درێژایی کەنارەکە کە بە وێنەی ترسناك بەناوبانگە، کەشتییەك لە ناوەڕاستی بژاپۆنێکی بێ چۆڵ دا. کەشتییەکە لە گەشتێکی ڕۆتینیدا بوو لە «سواکۆپمۆند» لە نامیبیا بۆ «تابڵ بەی» لە باشووری ئەفریقا، بەڵام ڕووبەڕووی تەمێکی زۆر بووەوە کە وای کرد تیمی کەشتییەکە نەتوانن بە باشی گەشت بکەن، بۆیە پێش ئەوەی بتوانن ڕێڕەوەکەیان ڕاست بکەنەوە کەشتییەکە بەر کەنارێکی خۆڵ کەوت و گیری خوارد، سەرەڕای هەوڵەکان بۆ ڕزگار کردنی، بەڵام نەتوانرا ڕزگاری بکرێت و لەگەڵ بار و ئامێر و پێداویستییەکانیدا جێهێڵدرا.





## خشتی کۆتایی بۆ یادگاری

یەکێك لە سەیرترین کارەکانی بیناسازی لە جیهاندا ئەو باڵەخانەیەیە، کە بۆ جوانی خشتێکی تێدا دانراوە. دوای ئەوەی بڕیار درا کە ١٠٠ هەزار خشت بەکاربهێنن بۆ دروستکردنی ئەو باڵەخانەیە بۆ یەکێك لە چیرۆکە کۆمێدییەکانی دیواری گەورەی چین، کە بریتییە لە «چیرۆکی دەروازەی جیایوگوان»، کاتێ ئەندازیاری دیزاینەریی «کایژان»، حیساباتی کرد کە بۆ دروستکردنی دیوارەکە ڕێك ٩٩،٩٩٩ خشتی دەوێت، سەرپەرشتیاری بیناسازی خشتێکی زیادەی هێنا بۆ ئەوەی ژمارەکە ڕێك بێت، بەڵام ئەم خشتە بەکارنەهات و زیاد بوو، بۆیە تا ئەمڕۆش لەسەر لووتکەی بیناکە دانراوە و هەر ماوەتەوە.

## وەرزش و ڕاکردن لە کەشوهەوای پارکدا





وەرزشکردن لە پارکەکان بووەتە ترێند، جگە لەوەی بۆ وەرزشکردن خەڵك و وەرزشوانان ڕوو لە پارکەکان دەکەن، هەروەها بووەتە نەریتێکی ڕۆشنبیری و چالاکییەکی ڕۆژانەی خەڵك، ترێندێکی پێشکەوتوو و ئاست بەرز، بۆیە ڕۆژانە و شەوانە جەماوەرێکی زۆر ڕوو لە شوێنی ڕاکردن و وەرزشکرنی ناو پارکی سامی عەبدولڕەحمان دەکەن، کە درێژییەکەی١٣٥٠ مەترە، بریتییە لە سێ ڕێ و یەك شوێنی ڕاهێنان، هەروەها یاریی تێنس و هەموو چالاکییەکان بە خۆڕاییە، یاریکردن لە ژینگەی کراو یان لە دەرەوەی ماڵ، جۆرێکە لە وەرزش کە دەبێتە هۆی سەلامەتی و پەروەردەکردنی جەستەیی، منداڵان بە شێوەیەکی سەیر حەزیان لە یاریکردنە لە ژینگەی کراوەدا، ئەم جۆرەی یاریکردن هەلی ئەوە بە مرۆڤ دەدات کە کارامەییەکانی خۆی بدۆزێتەوە، هاوسەنگی و گەشەی ماسوولکەیی بەدەست بهێنن و بڕوابەخۆبوونی زیاتر بێت، هاوکات توانای خۆگونجاندنی منداڵیش بەرەوپێش دەبات لەگەڵ ژینگەی نوێدا و کارامەییەکانی جووڵەی مرۆڤ باشتر دەکات، هەروەها پەیوەستە بە کارامەییە جەستەییەکانەو. مرۆڤ زۆر پێویستی بە چالاکییە فیزیاییەکان هەیە و پێویستی بە دەرفەتە تا ماسوولکەکانی بەکار بهێنێت بۆ ڕاکردن، بازدان، یاریی سکێت، پاسکیل سواری و..هتد و، سوودیش لە هەوای پاك و تیشکی خۆر وەربگرن، سوودەکانی وەرزشکردن لە پارك، بریتیین لە بەهێزکردنی ڕۆحییەت، پرۆسەی ناساندن و ناسینەوەی شتەکان باشتر دەکات، هانی دۆزینەوە و داهێنان دەدات، یارمەتی گەشەی کارامەییە جووڵەییەکان دەدات، کەمیی جووڵە و سستی و زۆرێك لە کێشە تەندروستییەکانیان کەم دەکاتەوە.





# هاوڕێیەتی نێوان کچێکی ڕووسی و ورچێک

ئافرەتانی ڕووسی هێندە جوان و سەرنجڕاکێشن کە جگە لەوەی لەلایەن پیاوانەوە جێی بایەخن، هەروەها بوونەتە جێگەی سەرنجی گیاندارانیش. دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٩ ژنێکی ڕووسی ورچێك لە مردن ڕزگار دەکات، دەبنە هاوڕێ و ئێستا کاتەکانی ڕۆژانەیان پێکەوە بەسەردەبەن، لە نوێترین دەرکەوتندا ژنەکە و ورچەکەی پێکەوە دەچنە ماسیگیری و لە نێو بەلەمێکدا پێکەوە ماسی ڕاو دەکەن.



## یاسا



**بەرگریی ڕەوا**

مەبەست لە بەرگریی ڕەوا (الدفاع الشرعي) لادانی هەڕەشەی مەترسییەکی هەنووکەییە لەسەر گیان و موڵك و ماڵی بەرگریکار، یان کەسانی دیکە. لە یاسای سزاکانی عێراق – هەموار کراودا بە مافی بەرگریی ڕەوا (حق الدفاع المشروع) ناوی هاتووە و، لە پاڵ هەریەك لە «بەجێهێنانی ئەرك، بەکارهێنانی ماف»دا داندراوە و بە یەکێك لە هۆکارەکانی ڕێگەپێدان، پاڵپشت بە ماددە (٤٢) لە یاسای سەرەوە، تاوان نییە ئەگەر کردەوەکە بە بەکارهێنانی مافی بەرگریی ڕەوا ڕوو بدات و ئەم مافەش هەیە ئەگەر ئەم مەرجانەی خوارەوە فەراهەم بوون:

١/ ئەگەر بەرگریکار مەترسییەکی هەنوکەیی بەدی کرد لە تاوانێك بۆ سەر گیان یان موڵك و ماڵ، پێی وابوو ئەم مەترسییە هەیە و باوەڕەکەی بنیاتنراو بوو لەسەر هۆکاری گونجاو.

٢/ نەتوانێت دەستی بگات بە دەسەڵاتی گشتی بۆ دورخستنەوەی ئەم مەترسییە لە کاتی پێویستدا.

٣/ لەبەردەمیدا هیچ ئامرازێکی دیکە نەبێت بۆ لادانی ئەم مەترسییە، هەڵسان بەم مافە یەکسانە بە بوونی هەڕەشە لە مەترسیی ئاراستەکراو بۆ گیانی بەرگریکار یان و موڵك و ماڵی یان ئاراستەکراو بۆ گیانی کەسی دیکە یان موڵك و ماڵی کەسەکە.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

لە لایەنی پیشەییەوە ئەنجامێکی باش بەدەست دەهێنیت، بەتایبەتی ئەگەر کاری بزنر دەکەیت، بەردەوام لە هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتردا بە، لە ژیانی تایبەتیتدا باشتر دەبێت ئەگەر لەو ڕۆتینە سەرقاڵییەتدا کات بە خێزانەکەت بەخشیت، لایەنی داراییت بە باشی دەمێنێتەوە.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە لایەنی پیشەییەوە ڕۆژێکی سەرقاڵت دەبێت، ئەرکەکانت زیاد دەبن، لە لایەنی سۆزدارییەوە ناکۆکییەکانت لەگەڵ خۆشەویستەکەت قووڵ دەبێتەوە ئەگەر بە وریاییەوە ڕەفتار نەکەیت، لە لایەنی تەندروستییەوە ئەگەر نەخۆشیی درێژخایەنت هەیە، زیاتر بایەخ بە خۆت بدە.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەمڕۆ ڕۆژی بەختت دەبێت، لایەنی داراییت بەرەو بەهێزی دەڕوات، لە لایەنی پیشەییەوە کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی لەبارەی پرۆژە گرنگەکانەوە لەگەڵ بەرپرسەکەت گفتوگۆ بکەیت، لە ژیانی تایبەتیتدا هەست بە دڵخۆشی دەکەیت، پاڵپشتی ئەندامانی خێزانەکەت بەدەست دەهێنیت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە پێدەچێت کێشەکانت ڕوو لە زیادبون بن، باشترە بە وریاییەوە هەنگاو بنێیت و بزانیت چۆن ڕەفتار دەکەیت، لە هەڵەکردن دوور بکەوەرەوە، کاتێك لەگەڵ خۆشەویستەکەت گفتوگۆ دەکەیت، شێوازێکی نەرم بەکار بهێنە و لە وشەی زبر دوور بکەوەرەوە.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە ژیانی تایبەتیتدا ڕووبەڕووی سەختی دەبیتەوە، ئەگەر ئەمڕۆ هەر بڕیارێکی گرنگت دا، دەبێت بە باشی بیر بکەیتەوە، بڕیاری هەڵە ئارامی و خۆشیی خێزانەکەت لەناودەبات، ئەگەر گرفتی گورچیلەت هەیە دەبێت ئەمڕۆ وریابیت.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە چانسی سەرکەوتنت زۆرە، ئەگەر تەندروستیی ئەندامانی خێزانەکەت لە ماوەی ڕابردوودا باش نەبووە، ئەوا هەمووشتێك بەرەو باشتر دەڕوات و نیگەران مەبە، ڕۆژێکی زۆر ڕۆمانسی لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەر دەبەیت، تەندروستیت زۆر باشە لە ڕوی جەستەیی و دەروونییەوە.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە کاریگەریی تەلەفزیۆن لەسەر کتێب دەکات، کە بەهۆی تەلەفزیۆنەوە خوێنەری کتێب کەم بووەتەوە.



## دیمەنە سەیرەکان

**بلقەکانی سابوون**

بڵقەکانی سابوون لە ژێر وردبینێدا کە سەدان جار گەورە کراوە، دیمەنێکی جوان و ڕازاوەی هەیە.



## پەند و وتە

تۆماس پاین، نووسەری ئەمریکی، داهێنەری شۆڕشی فەرەنسی و داهێنەر و سیاسەتوان، لە ساڵی ١٧٣٧ لە بەریتانیا لە دایك بووە و لە ساڵی ١٨٠٩ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی بێسوود دەڵێ: گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانێك کە وازیان لە بەکارهێنانی عەقڵ و فەلسەفەی مرۆڤایەتی هێناوە، وەك ئەوە وایە کە دەرمان بدەیتە کەسێکی مردوو.




## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو شێوە هەن، یەکێکیان مرۆڤە و ئەوەی دیکەش باڵندەیە، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا هەردوو وێنەکە بدۆزیتەوە.

بۆ زانیاریت

# شێوەی فۆتۆن

توێژەران لە زانکۆی بێرمینگهام شێوەی فۆتۆنیان ئاشکرا کرد، ئەمەش پێشکەوتنێکی گەورەیە لە فیزیای کوانتەمی و زانستی مادده دا، بە بەکارهێنانی مۆدێلێکی کۆمپیوتەری بێ هاوتا، زانایانی زانکۆی بێرمینگهام کارلێکێکی ئاڵۆزی نێوان ڕووناکی و ماددەیان سادە کردەوە. ئەم مۆدێلە وای لێکردن شتێکی نائاسایی دروست بکەن: یەکەم وێنەی دروستی فۆتۆن، کە لە نەخشە شەپۆلەکەیەوەwave function ی فۆتۆنەکەوە هەژمار کرا. لە کاتێکدا ناتوانرێت وێنەی فۆتۆنەکان بگرن، بەڵام ئەم داهێنانە سەرنجێکی پێشکەوتووانە دەخاتە سەر شێوەی فۆتۆنەکان لەکاتی دەرچونیاندا. سرووشتی فۆتۆنەکان (تەنۆلکەی تاکی ڕووناکین) کە وردەکارییەکانی نابینرێت تا نیشانی بدات کە چۆن لە ئەتۆم یان گەردیلەکانەوە دەردەچن و لەلایەن ژینگەکەیانەوە شێوە وەردەگرن. لەبەرئەوەی سرووشتی ئەم کارلێکردنەی نێوان ڕووناکی و مادده دەبێتە هۆی ئەگەری بێسنوور بۆ بوونی ڕووناکی و بڵاوبوونەوەیان بەناو ژینگەی دەوروبەریدا، ئەم ئەگەرە بێسنوورە مۆدێلکردنی کارلێکەکان زۆر قورس دەکات، تەحەدایەکە کە فیزیکزانانی کوانتەمی بۆ چەندین دەیەیە کار بۆ چارەسەرکردنی دەکەن.




فیلم

## خوشکانی بێ بەخت - (Un)lucky Sisters




فیلمێکی کۆمەڵایەتی و درامایە، باس لە دوو خوشك دەکات، کە دوای مردنی باوکیان و دوای دۆزینەوە و ئاشکراکردنی سامانی باوکیان، دوو بژاردەیان هاتە بەردەم، یەکەمیان تەخشان و پەخشانکردنی پارەکەی باوکیان، یان کردنەوەی پرۆژە و کاروباری خێرخوازی، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٣٥) خولەکە، فیلمەکە لە دەرهێنانی فابیانا تیسکۆرنیا، لە نووسینی دانێل ئۆرتێگا، لە نواندنی: سۆفیا مۆراندی، لیتیشیا سیسیلینی، ئەندریا گارۆت، لۆرینا ڤێگا، ماریانۆ سۆبریدۆ.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە لایەنی تەندروستییەوە ڕۆژێکی باش دەبێت، هێندە خۆت سەرقاڵ و نیگەران مەکە بەو گرفتانەوە کە ڕووبەڕووت دەبێتەوە، چارەسەرکردنیان بۆ کات بەجێ بهێڵە، کاتەکانت بە شتی ناپێویستەوە بەسەر مەبە، ئەگەر بیر لە گەشتکردن دەکەیتەوە ئێستا کاتێکی باشە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە لایەنی پیشەییەوە دەتوانیت ئەرکەکانت بە باشی جێبەجێ بکەیت، لەگەڵ ئەوەشدا چالاکیت و وزەیەکی زۆرت هەیە، چاوەڕێی کاتی گونجاو مەکە بۆ ئەوەی خۆشەویستیی خۆت بۆ کەسانی دیکە دەرببڕیت، ئەگەر شتێك لە دڵتدا هەیە نیشانی بدە، تەندروستیت لە ئێستادا زۆر باشە و جێگیرە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

چانسێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی کێشەکانت چارەسەر ببن لە ڕوی پیشەییەوە، هەروەها چەند هەواڵێکی خۆش دەبیستیت لە لایەنی داراییەوە و باشترە زیاتر بیر لە پاشەکەوت بکەیتەوە، چونکە پرۆژەکانی داهاتووت پێویستیان بە داهاتێکی زۆر هەیە، لەپێناو تەندروستیتدا ڕۆژانە لە کاتی دیاریکراودا بخەوە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


بە بیرکردنەوە لە بابەتە نەرێنییەکان دەروونی خۆت تێك مەدە، دەرفەتی ئەوەت دەبێت کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوڕێ و کەسە نزیکەکانت بەسەر بەریت و کەمێك لە بەرپرسیاریەتی دوور بکەویتەوە، لە لایەنی سۆزدارییەوە خۆشەویستیت لەگەڵ هاوسۆزەکەت قووڵ دەبێتەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

پاش ماوەیەکی زۆر چانسی ئەوەت دەبێت کات لەگەڵ هاوسۆزەکەت بەسەر بەریت و یادگارییەکانی ڕابردوو نوێ دەکەنەوە، پەستانی پیشەیی کەم دەبێتەوە لەسەرت، باری دەروونیت باشتر دەبێت، لە لایەنی تەندروستییەوە هیچ گرفتێکت نابێت کە جێی نیگەرانی بێت.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

باشترە لەسەر بابەتە بچووك و بێ بایەخەکان گرفت دروست نەکەیت و دەمەقاڵێ نەکەیت، ئەگەر ژیانی هاوسەرگیریت پێك هێناوە پێویستە متمانە بە بەرامبەرەکەت بکەیت، بۆ ئەوەی پەیوەندیتان تێك نەچێت، لە لایەنی تەندروستییەوە هەست بە ماندوبون دەکەیت، ڕەنگە تووشی بێهێزی ببیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




**www.gulanmedia.com**

Gulan Weekly
December 9, 2024 Issue,No.1442

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت



- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ریستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی –٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاورێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.

**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq

